# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە:٧١٤ سێشەممە ٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٦ _ ٢١ی نوامبری ٢٠١٧

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا


## پۆلێکی دیکە لە لاوانی کورد هاتنە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە



پۆلێکی دیکە لە لاوانی کورد دوای تێپەڕکردنی دەورەی سەرەتایی ٢٢٥ی فێرگەی سیاسی _ نیزامی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتییان لەبەر کرد.

لە ڕێوڕەسمێکدا کە ڕۆژی سێشەممە ٢٣ی خەزەڵوەر بە بۆنەی کۆتایی دەورەیەکی دیی فێرگە لە بناری هەڵگورد پێکهاتبوو، کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب وتارێکی پێشکێش کرد. بەڕێزیان باسی لە ڕۆڵ و ئەرکی گرینکی ئەو پێشمەرگانەی کرد کە لە هەلومەرجی ئێستادا ڕێبازی شەهیدانی گەلەکەیان هەلبژاردە و لە داهاتوودا ئەرکی زۆر گرینگ دەکەوێتە سارشانیان و دەبێ شانازی بەخۆیان بکەن کە لە ڕێبازی قازی و قاسملوودا خەباتی خۆیان دەست پێکردوە.

سروودی «هێزی پیشمەرگە نابەزن» لەلایەن بەشداربووانی دەورەی ٢٢٥، خوێندنەوەی پەیامی کۆتایی دەورە و پێشکێشکردنی چەند پەخشانە شێعر و گۆرانی برگەکانی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە بوون.

### کۆچی کوردان وا بە کاروان دێن لە ڕێی شارانەوە

# ڕۆژ بە باری قورس و برسی شەو لەبەر بارانەوە



سەروتار

## خوێنی کاڵتری کوردان!


عەلی بداغی

بوومەلەرزەیەکی بەهێز بە گوڕیی سەروو حەوت ڕیشتێر لە ڕۆژهەلاتی کوردستانی داوە، ئامارە ڕەسمییەکان دەڵێن نیزیک بە ٥٠٠ کەس گیانیان لە دەست داوە، زیاتر لە ٧٠٠٠کەس بریندارن، بە سەدان باڵەخانە و بە هەزاران ماڵ کاول بوون و چیدی نابنەوە جێ و مەکانێک بۆ ژیان، ئەوانە خەم و ئازارێکی قورس و ناخهەژێنی هەموو کوردێکە، بەلام ئەوەی تاڵترە بینین و دەرکەوتنی هەندێ ڕاستییە کە باشتر تەعبیر لە دۆخی کورد لە ئێراندا دەکەن.

ڕۆژی ٣٠ی بەفرانباری ساڵی ڕابردوو (١٣٩٥) لە تاران بینای «پلاسکۆ» ئاگری گرت. لەو ڕووداوەدا لە نێوان ٢٠ تا ٣٠ کەس گیانیان لە دەست دا و نیزیک ٢٣٠ کەس بریندار بوون کە بەپێی ڕاگەیەندنە ڕەسمییەکان زیاتر لە ١٨٠ کەسیان لەسەر لاق لە ناوەندە دەرمانییەکان چارەسەری پزیشکییان بۆ کرا و بەرەو ماڵێ بوونە. دەوڵەت بۆ ئەو ڕووداوە تاڵ و ناخۆشە «ماتەمینیی گشتیی لە ئاستی ئێران»دا ڕاگەیاند. ١٠ مانگ دواتر کارەساتە گەورەکەی پارێزگای کرماشان ڕوو دەدا کە وەک باس کرا زیاتر لە ٧٥٠٠ قوربانی و کاولبوونی هەزاران ماڵ و خانووی لێکەوتەوە، بەلام دەوڵەت تەنیا لە کرماشان ماتەمینی ڕادەگەیەنێ، بە واتایەکی دی ئەو بوومەلەرزەیە و خەسارەکانی تەنیا دەتوانێ خەمی کورد و خەڵکی کوردستان بێ، نەک ئێران!

زیاتر لە ٧٠ هەزار کەس بێ خانەولان بوون، خەڵک داوای بەهاناوەچوون دەکەن، سەرماوسۆڵەیە و خێوەت و ڕاخەر و پێخەف نییە و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی دی ڕایانگەیاندوە ئەگەر ئێران بیەوێ ئەوان بە هاوکاری و یارمەتییەکانیان فریای لێقەوماوان دەکەون، بەلام دەوڵەت نە وەلامی داوای خەڵک دەداتەوە و نە گرینگی و بایەخێک بۆ داوای کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکان دادەنێ! جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران ڕایگەیاندوە کە پێویست بە هاوکاریی دەرەکی نییە و کێشەیە دەخوا و دیارە کە چۆنیشی خەم لێ دەخۆن....

ل٢



ئینکاری کورد بە ڕێگەی قانوونەوە (٦)



چالاکانی مەدەنی و متمانەی کۆمەڵگا (٧)



کۆماری ئەخلاق لە درێژەی کۆماری کوردستاندا (٨)



خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لە کلّپەی تەقینەوەدا (٩)



داهاتووی سووریە و پێگەی کورد (١٠)



هەردهەژێنی هەست هەژێن (١١)

کوردستان
ژمارە: ٧١٤
٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٦ _ ٢١ی نوامبری٢٠١٧

دەفتەری سیاسیی حدک:

# هەرەوەزی نەتەوەیی و مرۆڤدۆستانەتان بۆ بەدەنگەوەچوونی بوومەلەرزەلێدراوان جێگای شانازییە

دڵتەزێن بوونی دۆخی خەڵکی بوومەلەرزەلێدراو و کارلێنەهاتوویی دامەزراوە حکوومەتی و دەوڵەتییەکان و خەمساردیی بە ئەنقەستیان لە بە دەنگەوەچوونی دانیشتوانی لێقەوماوی ئەو دوو پارێزگایە، بووە هاندەری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا هەرەوەزێکی گەورەی نەتەوەیی و مرۆڤدۆستانە بۆ بە هاناوەچوونی هاوزمانان و هاونیشتمانانی بوومەلەرزەلێدراو وەڕێ بخەن. کاتی ئەوە هاتبوو بە بەڕێوەبەران و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران نیشانی بدرێ کە خەڵکی کوردستان، ئەگەر بە تاوانی ئازادیخوازی و پێداگری لە سەر مافە نەتەوەییەکانیان، کەوتوونە بەر ڕق و تۆڵە لێ ئەستاندنەوەی دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمە و لە بەدەنگەوەهاتن و پێڕاگەیشتن و هاوکاریی خێرا و کاریگەری کۆماری ئیسلامی لەم دۆخە تایبەتەدا بێبەشن، لە بەرامبەردا بۆ خۆیان و لە ڕۆژی تەنگانەدا، خەمخۆر ودڵسۆز و پشت و پەنای یەکترن




دوا به دوای هاتنی بوومەلەرزەکەی شەوی ٢١ی خەزەڵوەر و ئاشکرابوونی بەرینایی کارەساتەکە و دەرکەوتنی قووڵایی زیانە گیانی و ماددییەکانی بە تایبەتی لە پارێزگەی کرماشان و هێندێک ناوچەی پارێزگەی ئیلام، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جارێکی دیکە بەرەوڕووی تاقیکردنەوەیەکی نەتەوەیی و ئینسانی بوونەوە. خەڵکی نزیک بە ١٠ شار و زیاتر لە ١٠٠٠ گوند یا کەوتبوونە ژێر چیمەنتۆ و دار و پەردووی خانوو و بینا ڕووخاوەکان، یا ماڵ و هێلانەی لەبەریەک هەڵتەکاوی خۆیان بەو شەوە و لە وەرزی سەرمادا بەجێ هێشتبوو و لە کۆڵان و مەیدان و دەرەوەی ئاوەدانیدا لە سەرمان هەڵ دەلەرزین. سەرەڕای گەورەیی کارەساتەکە، شتێک کە هەر لە سەرەتاوە لە کاربەدەستان و دامودەزگا دەوڵەتی و حکوومەتییەکان، بینرا و بە ڕوونی هەستی پێ کرا، خەمساردی و خاوەخاو لە بەدەنگەوەهاتنی خەڵکی بوومەلەرزەلێدراودا بوو. نەک هەر دوابەدوای کارەساتەکە، تەنانەت لە ڕۆژی یەکەمی ڕووداوەکەشدا، ڕەوانەکردنی تیمە پسپۆرەکان، گرووپەکانی فریاکەوتن و هێزی ئینسانی و کەرەستەی پێویست لە تاران و شارە گەورەکانی دیکەوە بۆ بە هاناوەچوونی خەڵکی بوومەلەرزەلێدراو، بە هیچ جۆر لە ئاستی



چاوەڕوانییەکاندا نەبوو. سەرنجڕاکێش و جێگای داخ ئەوە بوو ڕێژیمێک کە لە بە دەنگەوەچوونی خەڵکی لێقەوماودا ئەوە حاڵی بوو، یارمەتیی وڵاتانی دەرەوە بۆ بە هاناوەچوونی بوومەلەرزەلێدراوانی ڕەت کردەوە و ڕێگر بوو لەوەی پسپۆڕی و ئیمکاناتی ئینسانی و ماددیی پێشکەوتووی وڵاتانی دیکە، فریای خەڵکی بوومەلەرزەلێدراو بکەوێ و بەم جۆرە خەساری گیانیی کارەساتەکە کەمتر بێتەوە. ئەم کەمتەرخەمی و خراپ بە دەنگەوەهاتنەی دامودەزگای دەوڵەتی و حکوومەتی، لە گەڵ ڕەخنە و تووڕەیی خەڵکی ناوچە بوومەلەرزە لێدراوەکان بەرەوڕوو بوو. دانیشتوانی لێقەوماوی ئەو ناوچانە هەوڵیان دا لە ڕێگای ڕاگەیەنەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هاوار و پەیامی خۆیان بە ئاگاداریی بیروڕای گشتی بە تایبەتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگەیەنن و داوای یارمەتیی بە پەلەیان لێ بکەن.

دڵتەزێن بوونی دۆخی خەڵکی بوومەلەرزەلێدراو، کە ژمارەی قوربانییەکانیان سات بە سات ڕوو لە زیادبوون بوو لە لایەک، لە لایەکی دیکە کارلێنەهاتوویی دامەزراوە حکوومەتی و دەوڵەتییەکان و خەمساردیی بە ئەنقەستیان لە بە دەنگەوەچوونی دانیشتوانی لێقەوماوی ئەو دوو پارێزگایە، بووە هاندەری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا هەرەوەزێکی گەورەی نەتەوەیی و مرۆڤدۆستانە بۆ بە هاناوەچوونی هاوزمانان و هاونیشتمانانی بوومەلەرزەلێدراو وەڕێ بخەن. کاتی ئەوە هاتبوو بە بەڕێوەبەران و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران نیشانی بدرێ کە خەڵکی کوردستان، ئەگەر بە تاوانی ئازادیخوازی و پێداگری لە سەر مافە نەتەوەییەکانیان، کەوتوونە بەر ڕق و تۆڵە لێ ئەستاندنەوەی دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمە و لە بەدەنگەوەهاتن و پێڕاگەیشتن و هاوکاریی خێرا و کاریگەری کۆماری ئیسلامی لەم دۆخە تایبەتەدا بێبەشن، لە بەرامبەردا بۆ خۆیان و لە ڕۆژی تەنگانەدا، خەمخۆر ودڵسۆز و پشت و پەنای یەکترن. بە هەوڵی ڕێکخراوە خەڵکی و نادەوڵەتییەکان و چالاکانی سیاسی، مەدەنی، ژینگەپارێزان، مامۆستایانی ئایینی و کەسایەتییە کۆمەڵایەتی و خێرخوازەکان، لە تێکڕای شار و گوندەکانی هەر ٤ پاریزگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بنکە و ناوەندی کۆکردنەوەی یارمەتی پێک هات. هەرەوەزی کۆکردنەوەی یارمەتی گەیشتە نێو کوردانی خۆراسان و پاریزگەکانی دیکەش. لە ڕەوتی ئەم هەرەوەزە نەتەوەیی و مرۆڤدۆستانەیەدا، بە سەدان و هەزاران دیمەنی جێگای شانازی لە بەشداریی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵک، لە نواندنی هیممەتی بەرز، لە سەلماندنەوەی هاوپێوەندیی نەتەوەیی و ئینسانی و درەوشانەوەی بەرزیی هەست و شوعووری خەڵکی کوردستان، بۆ جارێکی دیکە دووپات بوونەوە. سەرنجڕاکێش ئەوە بوو دەزگا حکوومەتییەکان کە نەیاندەتوانی بەر بە لافاوی خۆبەخشانەی کۆکردنەوەی یارمەتی لە لایەن خەڵکەوە بگرن، داواکار بوون ئەو یارمەتییانە تەحویلی »هلال احمر»ی کۆماری ئیسلامیی ئێران بدرێ تا بە ناوی یارمەتیی حکومەتی بۆ ناوچە بوومەلەرزەلێدراوەکان، ڕەوانە بکرێن! بەڵام سەرەڕای هەموو گوشار و ڕێگرییەکان، کۆکەرەوە و بەڕێوەبەرانی ئەو یارمەتییە خەڵکییانە، نەیانهێشت بەری هیممەتی ئەو خەڵکە، ناوی حکومەتی لەسەر دابنرێ و مۆرکی ئەو ڕێژیمەی لێ بدرێ. ئەوان بەرامبەر ئەو هەڵاواردنە دژی ئینسانییەش وەستانەوە کە کاربەدەستانی سوپای پاسداران و ئیتلاعات و دامەزراوە بەدناوەکانی دیکە، لە سەر بناغەی ئایینی و دینی، لە گەیاندن و دابەشکردنی یارمەتییەکاندا، گرتبوویاننە بەر و بە ئەنقەست دانیشتووانی هێندێک لە ناوچە بوومەلەرزەلێدراوەکانیان پشتگوێ خستبوو!

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی پێمان گەیشتوون، بە هۆی ئەو هەرەوەزە نەتەوەیی و مرۆڤدۆستانەیەی چەند ڕۆژی ڕابردوو، بەشێکی بەرچاو لە پێداویستیی بە پەلەی بوومەلەرزەلێدراوان وەک خێوەت، پەتۆ، خواردن وجلوبەرگی گەرم دابین بوون و گەیشتوونە گوندە دوورە دەستەکانیش. ئێمە بە ئەرکی خۆمانی دەزانین سوپاس و پێزانینی خۆمان بە خەڵکی ڕۆژهەڵات بە گشتی و بە ڕێکخەران و چالاکانی ئەو هەرەوەزە ڕابگەیەنین و پێیان بڵێین کە شانازی بە ئاگایی و هیممەت و ئیرادەتانەوە دەکەین. هەر لەو کاتەشدا وەبیریان دێنینەوە کە ئەو خەڵکەی بوومەلەرزە ئازیزترین کەسەکانی لێ ئەستاندوون، بە هەزاران کەسی لێ بریندار کردوون و شار و گوند و ماڵ و هێلانەی لێ تێک داون، بەم زووانە نابنەوە بە خاوەنی ژیانی ئاسایی و، هەتا ماوەیەکی نادیار ناچارن لە سەرپەنایەکی نالەبار و دۆخێکی سەخت و ناخۆشدا، ژیان تێپەڕ بکەن. هەر بۆیە پێویستە لە لایەکەوە لە هەر جۆرە یارمەتیدان و هاوکارییەکی پێویستی دیکەیان لە داهاتوو دا غافڵ نەبن و لە سەر ئەرکی نەتەوەیی و ئینسانیی خۆتان لە پێوەندی لە گەڵ بوومەلەرزەلێدراواندا، بەردەوام بمێننەوە. هەر لەو کاتەشدا جێی خۆیەتی ببن بە هێزی گوشار بۆ سەر دام و دەزگا و دامەزراوەکانی کۆماری ئیسلامی، بۆ ئەوەی ئەرکەکانیان لە پێڕاگەیشتن بەو خەڵکە لێقەوماوە و دابینکردن و بنیاتنانەوەی ژیان و سەرپەنا و شار و گوندەکانیاندا، جێبەجێ بکەن.

لەم بۆنەیەدا، جارێکی دیکە هاوخەمیی قووڵی خۆمان بە بنەماڵە و کەسوکاری قوربانییەکانی ئەم بوومەلەرزەیە، ڕادەگەیەنینەوە و بۆ برینداران و ئازاردیتوانی کارەساتەکە، چاکبوونەوەی هەر چی زووتر بە ئاوات دەخوازین. هیواشمان ئەوەیە خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئێران، ئەرکی ئینسانی و هاونیشتمانیی خۆیان بەرامبەر بوومەلەرزەلێدراوان لە پارێزگەکانی کرماشان و ئیلام لە بیر نەکەن. هەر لەو کاتەدا سوپاس و پێزانینمان بۆ دڵسۆزان و چالاکانی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و دەرەوەی وڵات کە بە وەڕێخستنی کەمپەین و هەر وەها ئاگادارکردنەوەی بیروڕای گشتی لە چەند و چۆنی کارەساتەکە و زیانە گیانی و ماڵوێرانییەکانی، هاوکاری و پشتیوانی بۆ لای بوومەلەرزەلێدراوان ڕادەکێشن.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٦ی نوڤەمبری ٢٠١٧**
**٢٤ی خەزەڵوەری ١٣٩٦**

دریژەی:

# خوێنی کاڵتری کوردان!

... حەقیقەتە تاڵەکان با لە مانشێتی ڕۆژنامەکان وەرگرین: دوکتور پیرحوسێن کولیوەند، سەرۆکی ئۆرژانسی ئێران ڕۆژی یەکشەممە، ٧ی خەزەڵوەر بە هەواڵدەریی «مهر»ی ڕاگەیاند کە ٨٠٠ ئامبوڵانسیان لە مەسیری شێنگێڕی و ماتەمینیی ئەربەعین بۆ زیارەتکەرانی کەربەلا جێگیر کردوە. دوو حەوتوو دواتر و ڕۆژی ٢٢ی خەزەڵوەر، واتە ڕۆژی دوای بوومەلەرزەکەی کرماشان، هوشەنگ بازوەند، پارێزگای کرماشان بە هەواڵدەریی «مهر» و «تسنیم»ی ڕاگەیاند کە کەمی و نەبوونی ئامبوڵانس گەورەترین کێشەی ئەوان لە بابەت گواستنەوەی بریندارا‌ن و بەهاناوەچوونی قوربانیانی بوومەلەرزەکەیە!

تاکە نەخۆشخانە و ناوەندە دەرمانییە تاقانەکەی سەرپێڵی زەهاو لە یەکەم بیناکان بوو کە لە بوومەلەرزەکەدا ڕووخا و خەڵک ناچاربوون بریندارەکانیان بەڕێی نەخۆشخانەکانی شار و ناوچەکانی دیکە بکەن، ئەویش لە حاڵێکدا کە کۆماری ئیسلامی دەیان نەخۆشخانەی تەیار و پێشکەوتووی لە وڵاتانی لوبنان، سووریە، عێراق و تەنانەت لە ئوگاندا لە ئەفریقادا دروست کردوە! هەر لەو پێوەندییەدا کۆمەڵە پزیشک و کادری دەرمانیی پارێزگای کرماشان ئاشکریان کرد کە عەمبارەکانی داودەرمانی دوو پارێزگای کرماشان و ئیلام بۆ پێڕاگەیشتن بە زیارەتکەرانی کەربەلا بەتاڵ کراوە و ئێستا خۆیان بۆ دابینکردنی داودەرمان بۆ بوومەلەرزەلێدراوەکان داماون! لەم بەشەدا دەرد یەک و دووان نین، شارەکانی پارێزگای کرماشان و یەک لەوان سەرپێڵی زەهاو بەهۆی لەدواکەوتووییدا ڕاگیران و گەشەنەسەندن پزیشکی پسپۆڕ و کادری دەرمانیی ئەوتۆی نییە و زانیارییەکان باس لەوە دەکەن زۆربەی زۆری کوژراوەکان لە نەخۆشخانە و بەهۆی نەبوونی پزیشکی پسپۆڕ لەسەریان و نەمانی داودەرمان گیانیان لەدەست داوە.

بۆ خواردن و پێخەف و ڕاخەر و حاواندنەوەش؛ هەموو لە بیرمانە کاتێک ئیسرائیل غەزەی بۆمباران کرد، ڕۆژێکی نەبرد ئێران بە چەند پاپۆڕی پڕ خواردەمەنی و پێخەف و ڕاخەر و کەرەستەی دەرمانی و پێڕاگەیشتن لە کەنداوی فارسەوە خۆی گەیاندە کەنارەکانی ڕۆژاوای چۆمێ ئۆڕدۆن، بەڵام ئێستا بە بێشەرمی وێنە و ڤیدیۆی خەڵکی ئەزگەلە و سەرپێڵی زەهاو و قەسری شیرین لە تەلەڤیزیۆنەکاندا بڵاو دەکەنەوە کە هاواری قومە ئاوێک و پاروە نانێک دەکەن!

ئەو بوومەلەرزەیە سەلماندی کە کۆماری ئیسلامی هەر سیستماتیک کوردستانی لە پاشکەوتووییدا ڕانەگرتوە، هەر سیستماتیک مافە سیاسی، مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردی پێشێل نەکردوە، هەر سیستماتیک کانگا و وزە و سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستانی بە تاڵان نەبردوە، بەڵکوو ئێستا دەبینین لە یارمەتیگەیاندن و بەهاناوەچوونی لێقەوماوانی ڕووداوە سروشتییەکانیش _ کە ئەرکی بنەڕەتی و قانوونی و مرۆیی هەر دەسەڵاتێکە_ سیستماتیک فەڕق و جیاوازی دادەنێ. ئەگەر کۆبوونەوەیەکی چەند سەد کەسی بۆ ناڕەزایەتیدەربڕین یان داواکارییەک لە شارێکی کوردستان پێکبێ، لە یەکەم چرکەکاندا هێزە چەکدارەکان عەرز و ئاسمانی ئەو شارە داگیر دەکەن، بەڵام دەوڵەت نیوڕۆژ دوای بوومەلەرزەکە لە خەو هەڵدەستێ و تەکانێک لەخۆی دەدا. ئەوە دەریخست کە حکومەت ئەرتەش و هێزە چەکدارەکان و هێلیکۆپتێر و کەرەستە سەربازییەکانی هەر بۆ سەرکوتی خەڵکی کورد دەوێ، نەک بۆ یارمەتیدانی خەڵکی لێقەوماوی کورد لە ڕووداوێکی سروشتی وەک بوومەلەرزەدا. خۆ هەر ئەو خاوەخاوە و گوێ پێنەدانە کە سەرچاوەکەی بۆ بێ بایەخی گیانی مرۆڤی کورد لای حکومەت و چاولێکردنی کوردستان وەک ناوچەیەکی پلە سێ دەگەڕێتەوە، وایکرد کە بڕی زیان و ژمارەی قوربانیانی ئەو ڕووداوە زیاتر بن.

دەرد و خەفەتی پڕۆژەکانی «مسکن مهر»، میراتەکەی دەوڵەتە پۆپۆلیستییەکەی ئەحمەدینژادیش لە جێی خۆی کە پووڵ و سامانی خەڵکی کوردستانیان لە گیرفانیان دەرهێنان و قوتولکەیان پێدان؛ ئەو قوتولکانەی بەرگەی ڕاتڵەکانێکیان نەگرت و بەسەر خاوەنە بێ ئەنواکانیاندا ڕووخان و گیانیان لێ ستاندن.

ئەو بوومەلەرزەیە دەریخست کە کۆماری ئیسلامی نە قەت چارەی کوردی ویستوە و نە قەت وەک بەشێک لەو وڵاتە سەیری دەکا. حکومەت زێڕ و نەوت و بەرد و ئاو و سامانەکانی دیکەی کوردستانی دەوێ بۆ تاڵانی و هیچی دی، بەڵام ئەوەی لەو نێوەدا ئۆخژنێک دەخاتە هەناوی سووتاومان ئەو هەرەوەزەیە کە خەڵکی کوردستان کردیان.

ئەو بازنە و گوارە و ملوانکانەی کچان و ژنانی ئەو نیشتمانە لە خۆیان کردەوە و کردیان بە پووڵ و ناردیان بۆ خوشک و برا لێقەوماوەکانیان، داخڵەی ئەو منداڵانەی بۆ کەمکردنەوەی ئازاری هاوتەمەنەکانیان شکان، ئەو میداڵە وەرزشییانەی لەلایەن پاڵەوانە وەرزشکارەکانی کوردەوە خرانە مەزادەوە بۆ ئەوەی ببنە هۆی هەتوانی برینی هەتیوان، ئەو هەرەوەزە بەوەخت و دڵسۆزانەیەی سەرجەم چین و توێژەکانی کوردستان بۆ بەهاناوەچوونی هاونیشتمانییەکانیان کردیان و ئەو دیمەنانەی لە کوردستان لە کاتی بەڕێکردنی تەرمی ئەبووبەکر مەعرووفی_ کە لە کاتی گەیاندنی یارمەتییە مرۆڤدۆستانەکاندا بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆ گیانی لە دەست دا_ بینیمان؛ مانایەکی دیکەی بە ڕوحی کوردانە و کوردایەتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخشی و وەک سەرمایەیەکی بەنرخ دەتوانێ سوکنایییەکی کەم بێ بۆ ئەو بڕک و ژان و کۆستە جەرگبڕە.

# پوختەی ڕاپۆرتی سکرتێری گشتیی حیزب بە پلینۆمی حەوتەمی کومیتەی ناوەندی

که سەیری ئاڵوگۆڕەکان لە پاش هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری دەکەین؛ ئەگەرچی پێشتر لێکدانەوە و خوێندنەوەی جۆراوجۆری بۆ دەکرا و چاوەڕوانیی مەنتیقیش لە سەر حەسەن ڕوحانی کەڵەکە کرابوو، بەڵام دەبینین کە تا ئێستا هیچی لە وەزعی ئێران و سیاسەتی ڕەسمیی کۆماری ئیسلامی نەگۆڕیوە. نیزام و حکومەتی ئێران هەروا نادێموکراتیکە، خەڵکی ئێران لەگەڵ کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی وەک بێکاری، هەژاری، دژوارییی دەسخستنی بژیوی ژیان و نەبوونی دێموکراسی و ئازادی دەستەویەخەن و بارودۆخەکە هیچ بە قازانجی خەڵک نەشکاوەتەوە، کە سەیری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دەکەین دەبینین کە لە پێوەندی لەگەڵ ژیان و گوزەرانیاندا وەزعی خەڵک نەک باشتر نەبووە، بەڵکوو لە زۆر لاوە خراپتریش بووە. هەلومەرج لە کوردستان لەچاو ناوچەکانی دیکەی ئێران زیاتر ئەمنییەتیتر کراوە و لەم دواییانەدا بۆ سەرکوتکردنی زیاتری خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی سیاسیی کورد هەموو هێزە ئەمنییەتی و نیزامییەکانی کوردستانیان خستۆتە ژێر فەرماندەیی سوپای پاسدارانەوە بۆ ئەوەی زیاتر و باشتر بتوانن لە ڕووی ئەمنییەتی و نیزامییەوە کۆنترۆڵی کوردستان و سنوورەکانی کوردستان لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان بکەن. لە کوردستان ماف و ئازادییەکان و جووڵەی خەڵک زیاتر سنووردار کراوە، هەر بە پێی ئامارەکانی ناوەندە حکومییەکان کە ورد و دەقیقیش نین، نرخی بێکاری لە کوردستان لە هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێران زیاترە و لە سەرێیە. دەشبینین بەشێکی زۆری خەڵک کە لە پێناو پارووە نانێکدا ناچار ڕو لە کۆڵبەری دەکەن_ کە بەهیچ پێوانە و پێناسەیەک ناتوانی وەک کار چاوی لێبکەی_ لەلایەن هێزە چەکدارەکانی حکومەتەوە چۆن بەرەوڕوویان دەبنەوە و چۆن خوڵتانی خاک و خوێنیان دەکەن. گرتن و زیندانیکردن و جێبەجێکردنی سزای ئێعدامیش کە هەروا درێژەی هەیە. دیارە ئەگەرچی ئاوسانی ئابووری، بێکاری، گرانی و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە بینەقاقای خەڵکیان گرتوە، بەڵام بەو حاڵەش خەڵکی کوردستان هەروا لەسەر هەستن و بە حوکمی سیاسیبوونیان بە نیسبەت هەر کردەوەیەک دژکردەوەیان هەیە و لە مەیداندا ماونەتەوە. هەر لەو ماوەیەدا نارەزایەتیی خەڵکی بانە و چەند شارێکی دیکە بە بەردوامیی کوشتنی کۆڵبەران و کاسبکارانی سەرسنوور و خۆشیدەربڕینە بێ وێنەکانی خەڵک سەبارەت بە ڕاپرسییەکەی هەرێمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی دوو نموونەی نیزیکن و دەتوانین بڵێین تێکۆشان و بزووتنەوەی مەدەنی و سیاسیی خەڵکی کوردستان لە شێوەی مەدەنیانەدا، فەزای سیاسیی کوردستانی گەرمتر کردوە و خەڵک وشیارتر و لەسەر هەستترن. تەنانەت کە چاو لە گۆڕانکارییەکان لە پۆست و بەرپرسایەتییە ئیدارییەکان لە پارێزگاکانی کوردستاندا دەکەین، دەبینین ئێستا زیاتر لە خەڵکی کورد و خۆجێی بۆ ئوستاندار و فەرماندار و بەشەکانی دیکە کەڵک وەردەگرن ئەمە لە باوەڕی ڕێژیم بۆ هاوبەشیی ئیداری سەرچاوە ناگرێ، بەڵکوو ئەوە ئاکامی خەبات و تێکۆشان و نەسرەوتنی چالاکانی مەدەنی و بە گشتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە حیزبی دێموکرات زۆر بە بایەخەوە سەیری کردوە و پشتگیریی لێ دەکا.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ ئەوەی لە نێوخۆی وڵاتدا بەرەوڕووی کۆمەڵێک قەیرانی زۆر بنەڕەتی و گەورە بۆتەوە، بەڵام لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی گەمەکەری سەرەکیی هاوکێشەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاستە و لە ئێستادا لە چەند وڵاتی وەک بەحرەین، لوبنان، عێراق و سووریەدا دەوری زۆر بەرچاو و شوێندانەر دەبینێ.

لە سەرەتای دەسپێکی قەیرانی سووریەدا زۆربەی هەرە زۆری چاوەدێرانی سیاسی لایان وابوو بەشار ئەسەد دەبێ بڕوا و، مەرجی زۆر وڵات بۆ ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانیان لەگەڵ سووریە ئەوە بوو کە بەشار ئەسەد لە دەسەڵاتدا نەمێنێ؛ بەڵام دەبینین سەرەتا بەهۆی پشتگیری هەمەلایەنەی کۆماری ئیسلامی و پاشان بە هاتنەمەیدانی ڕووسیە، ئێستا خەریکە وەزعەکە تەواو لە بەرژەوەندیی بەشار ئەسەددا دەگۆڕدرێ و نەخشی کۆماری ئیسلامی لە دروستبوونی ئەو واقعییەتە حاشای لێ ناکرێ و تەنانەت ئەمریکاش هاتۆتە سەر ئەو قەناعەتەی کە یەکلاکردنەوەی چارەسەری شەڕ و قەیران لە سووریە بەبێ لەبەرچاوگرتنی کۆماری ئیسلامیی ئێران ناکرێ.

لە ژێر تیشکی ئەو بارودۆخەدا باس لە داهاتووی پرسی کوردەکانی سووریە گرینگە. کورد لە سووریە دوای دروستبوونی قەیرانی سیاسی لەو وڵاتە و سەرهەڵدانی داعش بەهۆی ئازایەتی و ژیریی خۆیان بوون بە فاکتۆرێکی بەهێز و لە شەڕی دژی داعشدا خۆیان خستە بەرەی هاوپەیمانان و خەریکی ئەزمونکردنی خۆبەڕێوەبەریی خۆیانن. کورد لە ڕۆژاوا ئەوەندەی بۆی کرا ناوچە کوردستانییەکانیان لە وێرانی پاراست و نەیانهێشت خەڵک ئاوارە بێ و هێزێکی باشی نیزامی و شەڕکەریان پەروەردە کرد و ئێستا وەک فاکتۆرێکی بەهێز لە یەکلاکردنەوەی کێشەکانی سووریەدا حیسابیان بۆ دەکرێ و ڕوونە کە لە دارشتنەوەی سووریەدا ناکرێ پەراوێز بخرێن. دیارە هەر چەند لە ڕۆژئاوای کوردستاندا کوردەکان کاری گەورەیان کرد کە جێگای ڕێز و قەدرگرتنە، بەڵام کێشەیەک کە لە ڕۆژاواش وەک هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان هەیە، نەبوونی یەکڕیزیی و هاوکاریی هێزە سیاسییەکانە لەگەڵ یەکتر. بۆیە هەموو کاتێک و بە تایبەت لە ئێستادا کوردەکانی سووریە پتر لە هەر وەختێک پێویستییان بە یەکڕیزی هەیە و دەبێ پێش تەواوبوونی شەڕی داعش و زۆر زوو لەسەر جۆری دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی کورد لەو وڵاتەدا لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی سووریە پێک بێن. بەتایبەتی کە کوردەکان لە ئێستادا ستاتویەکی بەهێزیان هەیە و ئەگەری ئەوە هەیە لە داهاتوودا و پاش ڕامالینی داعش لە سووریە حکومەتی سووریە بە هاوکاریی ئێران هەوڵی لەباربردنی دەسکەوتەکانی کوردەکان بدا، بەتایبەتی کە هەر ئێستاوە ڕێژیمی ئێران دەڵێ ناهێڵین هەرێمی دیکەی کوردستان لە سووریە دروست ببێ و وەک دەبینین لەوەدا تورکیەش پشتیوانی لە ئێران دەکا.

کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا ئەزموونێکی زۆری سیاسی و نیزامیی بۆ چوونە نێو قەیرانەکان و مودیرییەت کردنیان وەدەست هێناوە و ڕاستەوخۆ دەستی هەیە لە دروستکردنی دەیان و سەدان گرووپ و تۆڕی سیخوڕی و میلیشیا و گرووپی چەکداردا کە هەر کات ویستوویەتی بە قازانجی بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاری هێناون، ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی باشووری کوردستان و هێرشی هێزەکانی عێراق و حەشدی شەعبی بە پلاندانانی ئێران تازەترین نموونە بۆ ئەو ئیدیعایەن.

وەک دەزانین لێکتێنەگەیشتن و بەردەوامیی کێشەکانی نێوان حکومەتی ناوەندی لە عێراق و هەرێمی کوردستان بەرپرسانی هەرێمی کوردستانی بەرەو ڕێفراندۆم برد. بەڵام ئەو ڕێفراندۆمە کە زۆر ئازاد و دێموکراتیک و لە کەشێکی ئارام و لەژێر چاودێریی زیاتر لە ٣٠٠ چاودێری نێونەتەوەیی بەڕێوەچوو، زۆر زوو کاردانەوەی نێودەوڵەتی و هەرێمی و حکومەتی عێراقی لێکەوتەوە. کەمتر لە مانگێک دوای ڕێفراندۆم و ئەگەرچی حکومەتی هەرێم ڕاگەیاندبوو کە ئامادەی دانوستانە لەگەڵ بەغدا، بەڵام بە پیلانگێری دەوڵەتانی ئێران و تورکیە و عێراق و بە هێرش بۆ سەر کەرکووک و زۆر ناوچەی دیکەی کوردستان، دەوڵەتی عێراق کەوتە بیانووگرتن لە هەرێمی کوردستان، تەنانەت ئێستا دەیەوێ بە بیانووی جێبەجێکردنی دەستوور دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان لە زۆر بارەوە سنووردار بکا. بە ڕوونی حکومەتی عێراق دەیهەوێ لە کوردستان دەسەڵاتی بەسەر دەروازە و خاڵە سنوورییەکان، فرۆکەخانەکان و سەرچاوەکانی وزە، بە تایبەتی چاڵە نەوتییەکاندا بسەپێنێ و بۆ ئەوەش پشتی بە ئێران قایم کردوە.

حکومەتی ئێران جیا لەوەی گەمەکەرێکی باشی هاوکێشەکان لە ناوچەکەیە؛ لە بواری سیاسی و ئابووری و نیزامی و ئەمنییەتیەوە کاریگەریی زۆری لەسەر بەغدا و حکومەتی عەبادی لە عێراقدا هەیە. بۆیە ئێران لە عێراق و هەرێمی کوردستان و ناوچەکەدا بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیدا دەگرێ و یەکێک لەو بەرژەوەندییانەی زەبروەشاندن لە بزووتنەوەی سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵاتە و، مایەپووچ کردنەوەی ئەو پلان و پیلانەش یەکیەتیی بە کردەوەی هێزە سیاسییەکانی کورد و کردار و پەرچەکرداری گونجاوی پێویستە.

کوچکەیەکی دیکەی ئەو هاوکێشەیە ئەمریکا و ستراتیژیی ئەو وڵاتەیە. ترامپ و کابینەکەی لەو ماوەیەی ڕابردوودا لێدوانێکی توندتریان لە بەرامبەر ئێراندا بووە. دەوڵەتی نوێی ئەمریکا بەردەوام دەڵێ بەرجام ڕێککەوتنێکی خراپە و پێویستە هەڵوەشێتەوە یان ئیسلاح بکرێ. دیارە ئەمریکا بیانووی دیکەشی زۆرە کە بیەوێ ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەربینگ بە ئێران بگرێ. ئەمریکا لەو ماوەیەدا دیارە کاری لەسەر هەندێ پڕۆژە کردوە، وەک هەوڵدان بۆ دروستکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبیی ناوچەدا، کە مەبەست لەوەش فشارخستنە سەر حکومەتی ئێران بووە. ئەوان باس لەوە دەکەن کە ئێران دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی ناوچەکەدا دەکا، بۆیە دەیانەوێ دەسەڵاتی ئێران لە ناوچەدا سنووردار بکەن. هەر لەو ڕۆژانەدا بینیمان کە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا گوتی یارمەتیی خەڵکی ئێران دەدەن بۆ ئەوەی حکومەتی شایستەی خۆیان بێننە سەرکار و لە هەموویان گرینگتر ئەوەی ئێستا سوپای پاسدارانی ئێرانیان بە تاوانی پشتگیرییان لە کردەوەی تیرۆریستیدا خستۆتە لیستەی گەمارۆی توندی ئابوورییەوە. ئەو بڕیارەی ئەمریکا کە سپای پاسدارانی لە تەواوەتیی خۆیدا کردۆتە ئامانج، کۆماری ئیسلامیی ئێرانی زۆر نیگەران کردوە، هەر بۆیە لە خۆڕا نییە دەڵێن گەمارۆخستنە سەر سوپای پاسداران یانی گەمارۆدانی هەر هەموو ئێران؛ چونکی سپای پاسداران زۆربەی جومگەکانی ئێرانی لە بواری سیاسی، ئابووری، ئەمنییەتی، فەرهەنگی، ئیداری و تەنانەت دیپلۆماسیدا پاوان کردوە.

کاربەدەستانی سەرووی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش حاشا لەوە ناکەن کە لە برگەیەکی هەستیار و چارەنووسسازدان، بە تایبەت بەشی نیزامیی کۆماری ئیسلامی ئیدیعا دەکەن کە ئەمریکا لە بەرنامەی دایە حکومەتی ئێران لە سێ قۆناغدا بڕووخێنێ:

یەکەم؛ گەمارۆی توندی ئابووری دەخەنە سەر ئێران.

دووهەم؛ لە ڕێگەی گەمارۆی قورسی ئابوورییەوە خەڵک بێزار دەکەن بۆ ئەوەی هانیان بدەن لە دژی حکومەت بوەستنەوە.

سێهەم؛ لە دوا قۆناغدا هێرشی نیزامی دەکەنە سەر ئێران.

دیارە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە مێژووی خۆیدا هەمیشە دوژمنی فەڕزیی بۆ خۆی تاشیوە و لەو ڕێگەیەوە ویست و داواکانی خەڵکی بەلاڕێدا بردوە و تەمەنی ڕێژیمەکەیان پێ درێژ کردۆتەوە. بەڵام بەپێی ئەو هەمووە کردەوە نامەسئوولانەیەی حکومەتی ئێران لە نێوخۆی وڵات و دەرەوەدا کردوویەتی، هەر دەبێ نیگەران بێ کە لە شوێنێک پێشی پێ بگیردرێ و ئامبازی ببنەوە. هەڵبەت ئەمریکاش ڕەخنەی ئەوەی لەسەرە کە لە بەرامبەر ئەو هەمووە دەستدرێژییانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا پلان و ستراتیژییەکی ڕوونی نییە، هەر ئەوەش وای کردوە قسەی بەرپرسانی ئەمریکا بە جیددی وەرنەگیرێن و حکومەتی ئێرانیش بێ بەربەست بەرنامەکانی خۆی بە بەرنامە و ڕێکوپێک بەرێتە پێشێ.

بە ڕوویەکی دیکەشدا دەزانین ئەگەری زۆربوونی فشارەکان بۆ سەر حکومەتی ئێران لە دەرەوە و ژوورەوە دەتوانێ دەرفەتی زیاتریش بۆ ئۆپۆزیسیۆن بڕەخسێنێ بۆ ئەوەی بتوانن بە بەرنامە و جیددیتر لە مەیدانی تێکۆشان دابن. ئەوەش هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەرەوڕووی کۆمڵێک ئەرک دەکاتەوە کە گرینگترینیان ئەوەیە کە دەبێ بەرنامەی روون و درێژماوەی هاوبەشیان بۆ کار و هاوکاری لە زۆر ئاستدا هەبێ.




**حیزبی دێموکراتی کوردستان:**

## خەڵکی کوردستان بە هانای هاونیشتمانەکانیانەوە بچن

بوومەلەرزەکەی شەوی یەکشەممە لەسەر دووشەممە، ٢٢ی خەزەڵوەر کە هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چەند ناوچەیەکی ئێران و بەشێکی زۆر لە باشووری کوردستانی گرتەوە، بەداخەوە زەرە و زیانی گیانی و ماڵیی زۆری لێ کەوتۆتەوە.

بەهۆی ئەو بوومەلەرزەیە کە ناوەندە زانستییەکانی تۆمارکردنی لەرینەوەی زەوی بەهێزییەکەیان ٧/٣ ڕیشتێر ڕاگەیاندوە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەتا سەعات ١٠ی بەیانیی ئەمڕۆ دووشەممە، ٢٠٧ کەس گیانیان لە دەست داوە و ١٧٠٠ کەسیش بریندار بوون و گەڕان بە دوای قوربانیانی دیکەی ئەو بوومەلەرزەیە لەژێر داروپەردووی ڕووخاوی بینا و خانووبەرەکان درێژەی هەیە.

بەپێی ئەو هەواڵانەی لە کوردستانەوە و لە زمان خەڵکی قوربانیی ئەو کارەساتەوە بڵاو دەبنەوە، لەگەڵ ئەوەدا کە زیانی ئەو بوومەلەرزە توندە هەر لە یەکەم ساتەکانی ڕوودانی زۆر و بەرچاو بووە، بەڵام شێوەی بەهاناوەچوونی ناوەندە بەرپرسیارەکانی دەرمانی و خزمەتگوزارییە گشتییە حکومەتی و دەوڵەتییەکان ڕەخنەی زۆری هاتۆتەوە سەر، بە جۆرێک کە شەوی ڕابردوو سەدان هەزار کەس لە خەڵکی زیان بەرکەوتووی بوومەلەرزەکە بەبێ خێوەت و سەرپەنا هەڵیان کردوە و شێوەی پێڕاگەیشتنی پزیشکی بە بریندارانی ئەو ڕووداوش لە ئاستی گەورەیی کارەساتەکە و پێداویستییەکانی نەبوە. وەک چۆن هەر چەند سەعات لەوە پێش فەرمانداری قەسری شیرین و سەرپێلی زەهاو و ناوچە بوومەلەرزلێدراوەکانی دیکەی کوردستان ڕایانگەیاند کە لەگەڵ کێشەی نەبوونی خێوەت بۆ نیشەجێکردن و دامەزراندنی خەڵکی بێ‌ئەنوای ماڵ کاولبووەکان بەرەوڕوون و داوای پێڕاگەیشتنی بەپەلەیان کردوە، ئەویش لە دۆخێکدا کە سەرما و سۆڵە لەو ناوچانە بارگرانییەکی دیکەیە بەسەر شانی خەڵکی زیاندیتوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستان سەبارەت بەو ڕووداوە دڵتەزێنە هاوخەمی لەگەڵ خەڵکی زیاندیتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکا و وێڕای سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری قوربانیانی ئەو بوومەلەرزەیە، هیوای چاکبوونەوە بۆ بریندارەکانی ئەو کارەساتە دەخوازێ و داوا لە هەموو خەڵکی کوردستان دەکا بە هەموو توانا و ئیمکاناتیانەوە بەهانای خوشک و برا و هاونیشتمانییە لێقەوماوەکانیانەوە بچن.

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**٢٢ی خەزەڵوەری ١٣٩٦**

***

* ئەو بەیاننامەیە لە یەکەم کاتەکانی دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی زەرەر و زیانە گیانییەکانی بوومەلەرزەکە نووسراوە، بۆیە ئاماری قوربانیان ئەوەندە هاتوە. دوای کۆتاییهاتنی عەمەلیاتی ڕزگارکردنی بەرکەوتووان دەرکەوت کە ژمارەی کوژراوەکان نیزیک ٥٠٠ کەس و ژمارەی برینداران زیاتر لە ٧٠٠٠ کەس بووە.

## ڕاگەیاندن و دەسبەکاربوونی شوڕای دێموکراسیخوازانی ئێران




یەکەمین کۆنفرانسی شورای دێموکراسیخوازانی ئێران ڕۆژی ٢٧ی خەزەڵوەر لە شاری کۆڵنی ئاڵمان بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتییە سیاسییەکان، نوێنەری حیزب و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزسیونی سەر بە نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران گیرا و لەو کۆنفڕانسەدا ئەم شوڕایە دەسپێکی چالاکییەکانی خۆی ڕاگەیاند.

لەو کۆنفڕانسەدا سەرەتا پەیماننامەی شۆڕای دێموکراسیخوازانی ئێران لەلایەن خالید حەسەنپوور، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان خوێندرایەوە .

لە پەیماننامەکەدا کە هەشت خاڵی لە خۆ گرتوە، وێڕای ئەوەی کە پێداگری لەسەر گۆڕان و تێپەڕین لە نیزامی کۆماری ئیسلامی کراوە، دان بە فرەنەتەوەبوونی ئێران و هەروەها سیستەمێکی فیدراڵی بۆ ئێران داندراوە و، پێ لەسەر مافی ژنان، مافی مرۆڤ و شێوەکانی خەباتی گونجاو لەگەڵ بارودۆخی ئەمرۆیی ئێران داگیراوە .

لەو کۆبوونەوەیەدا دوکتور زیاسەدرئەشرافی لە ڕێکخراوی سیاسی فەرهەنگیی ئازەربایجان، خالید عەزیزی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، دوکتور کەریم عەبدیان لە حیزبی تەزامنی ئەهواز، ناسر بولیدەیی لە حزبی خەڵکی بەلووچستان، عەبباس خورسەندی لە بەرەی دێموکراتیکی ئێران، عەزیز دادیار لە یەکیەتیی بەرەی بەلووچستان و محەممەد میسری لە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان وتاریان پێشکێش کرد.

لە پانێلی دووهەم و سێهەمی کۆبوونەوەکەشدا چەند کەسایەتییەکی سیاسی و نوێنەری حیزبەکانی بەشدار لەو شوڕایە زنجیرە باس و وتارێکیان لەسەر پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران، دێموکراسی و مافی نەتەوەکان پێشکێش کرد و لە بەشی کۆتایی کۆنفرانسەکەدا بریارنامەی کۆنفرانس خوێندرایەوە .

## کۆبوونەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان




ڕۆژی چوارشەممە ٢٤ی خەزەڵوەرهەیئەتێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزب سەردانی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان لە هەولێری کرد و لە لایەن هەیئەتی خانەخوێ بەسەرپەرستیی غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی یەکیەتیی دێموکراتی کوردستانەوە پێشوازییان لێکرا.

لەو دانیشتنەدا باردۆخی ئێستای باشوری کوردستان و چەندوچۆنیی ڕووداوو و پێشهاتەکانی ئەم دواییانەی باشووری کوردستان هاتنە بەرباس و وێڕای ئاماژە بە هۆکارەکانی ئاڵۆزییەکانی ئەم دواییانە، لەسەر چۆنیەتیی خۆدەربازکردن لە دەرئەنجانە نەرێنییەکانی ئەم دۆخە و ڕووبەرو بوونەوە لەگەڵ هەرچەشنە ئەگەرێکی نەخوازراو، ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا.

بابەتێکی دیکەی دانیشتنەکە، بارودۆخی هەستیارو پڕلە قەیرانی ناوچەکە و بە گشتی پرسی کورد لە هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان و بەتایبەت چەندوچۆنیی تەعامول و پێوەندییەکانی نێوان حیزب و لایەنە سیاسییەکانی چوار پارچەی کوردستان و چۆنیەتی پێکهێنانی هاودەنگی و کۆدەنگی و هاوهەڵوێستی لە سەر بنەمای ئوسولێکی دیاریکراوی نەتەوەیی بە لەبەر چاوگرتنی بەرژەوەندییە گشتی و ستراتیژییەکانی کورد بوو.

## سەردانی هەیئەتێکی حیزبی شیوعیی کوردستان لە سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان




ڕۆژی دووشەممە، ٢٢ی خەزەڵوەر هەیئەتێکی مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعیی کوردستان سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد.

هەیئەتی حیزبی شیوعی کە بە سەرپەرستیی ئەبوو تارا و ئەبوو کاروان، ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی ئەو حیزبە سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیان کردبوو، لەلایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرپەرستیی مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە بەگەرمی پێشوازییان لێکرا.

مەبەست لەم چاوپێکەوتنە وێڕای نوێکردنەوەی پێوەندی و دۆستایەتیی نێوان دوو لایەن، هەڵسەنگاندنی بارودۆخی نوێی باشووری کوردستان، کاریگەریی ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکان لەسەر دۆخی کورد و بزوتنەوەی کورد بە گشتی و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەسەر چۆنیەتیی مامەڵەی کورد و لایەنە سیاسییەکان لەسەر ئەگەر و پێشهاتەکانی بەردەم بوو.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو دیدارەدا هەردوولا دۆستایەتیی مێژوویی و پتەوی نێوان حیزبی دێموکڕات و حیزبی شیوعیان بەرز نرخاند و پێیان وابوو لێکگەیشتن و خەمخۆری و هاوبەشیی نێوان هێزەکانی پارچە جیاجیاکانی کوردستان پێویستە ببێتە هەوێن و هاندەری یەکریزی و یەکگرتوویی نێومالّی کورد بە گشتی.

## کۆبوونەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە هەولێر



ڕۆژی پێنجشەممە ١٩ی خەزەڵوەرهەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی مستەفا مەولودی، سکرتێری گشتیی حیزب سەردانی مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستانیان لە شاری هەولێر کرد و لە لایەن شاندێکی حیزبی زەحمەتکێشان بە سەرپەرستیی بەهمەن حوسێن، ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتییەوە، پێشوازییان لێکرا.

لەو دیدارە دا کۆمەڵێک بابەت و پرسی پێوەندیدار بە ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییانەی باشوری کوردستان و ناوچە و کاریگەرییان لەسەر پرسی کورد بە گشتی لە هەموو بەشەکانی کوردستان تاوتوێ و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لە سەر کرا. لەو بەشەدا دوولایەن بە ئاماژە بە هۆکارەکانی زۆر لەو گۆڕانکارییانە هاوڕاو بوون لەسەر ئەوەی نەبوونی یەکریزی و یەکنەبوونی نێو ماڵی کورد کاریگەریی خراپی لەسەر ئەو دۆخە بووە.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو دیدارەدا دوولایەن پاش ئاڵوگۆری بیرورا، کۆمەڵێک مێکانیزم و ڕێکاری بەکردەوەیان بۆ چۆنیەتیی خۆدەربازکردن خەڵکی باشوری کوردستانیان لەو تەنگەژەیە خستە بەرباس و ڕایان وابوو کە خوێندنەوەیەکی تازە لە چەندوچۆنیی تەعامولی پێکەوە هەڵکردنی حیزب و لایەنە سیاسییەکان، لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی و نیستمانی، یەک گوتاری و ڕەچاوگرتنی سیاسەت و دیپلۆماسییەکی ڕێئالیستی و هەروەها دارشتنەوەی مێتۆدێکی دیکەی پێوەندییەکان دەگەڵ وڵاتانی ناوچەیی و جیهانی بە لەبەر چاوگرتنی بەرژەوەنییە گشتی و نیشتمانییەکانی خەڵکی کوردستان دەتوانن ڕێگاچارە سەرکییەکانیان بۆ بەخۆداچوونەوە بن.

مستەفا شەڵماشی:

# کورتکردنەوەی دەستی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا ئاڵۆزییەکی تازە بە دوای خۆیدا دێنێ و بە شکانی کۆماری ئیسلامی کۆتایی دێ

**دیمانە: شەونم هەمزەیی**

لە هەلومەرجی ئێستادا لەو ناوچەیەی ئێمەی تێدا دەژین پتر لە هەر کاتێک بۆنی شەڕ دێ، ئێران و کوردستان لە کوێی ئەو ململانێیانەدا جێدەگرن؟ بوومەلەرزەکەی ئەم دواییانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لێکەوتەکانی چیمان پێدەڵێن؟ بۆ دەگوترێ پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چاو بەشەکانی دیکەی کوردستان ڕۆژەڤ نییە و ئەو بابەتە چەندە لەجێی خۆی دایە؟ کێشە و ئاستەنگەکانی بەردەم پرسی کورد لە ئێران چین و حیزبی دێموکرات بۆ لابردنی بەردەم کۆسپەکانی یەکهەڵوێستی و یەک گوتاری چیی کردوە. ئەو بابەتانە و کۆمەڵە پرسیارێکی دیکە تەوەری وتووێژی «کوردستان» لەگەڵ مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانن.

**کاک مستەفا با لەو بوومەلەرزەیەی ئەم ڕۆژانەوە دەست پێبکەین کە زیانێکی گیانی و ماڵیی زۆری گەیاندە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. وێرانی و زیانەکان زیاتر لە چاوەڕوانییەکان بوون، هۆکارەکانی چ بوون؟**

دیارە هۆکاری سەرەکیی ئەوە بەهێزبونی بوومەلەرزەکە و درێژبوونی ماوەی بوومەلەرزەکە بوو. دووەم هۆکاری زۆر گرنگیش لاوازیی بەشی زۆری خانووەکان و ئاپارتمانەکان بوو، بەتایبەتی ئەوانەی کە بە ناوی پڕۆژەی میهر لە لایەن دەوڵەتەوە دروست کرابوون و بە نرخێکی تا ڕادەیەک هەرزانتر درابوون بە خەڵک. دیارە ئەو خانووانە لە باری چۆنیەتییەوە زۆر خراپ بوون و هەرچۆنێک بێ بە نرخێکی هەرزان تەواویان کردبوون و ڕەنگە بەشی زۆری بودجەی خانووەکانیش چووبێ دە گیرفانی بەرپرسەکانەوە. سێهەم هۆی قوربانیدانی زۆر، نەبوونی سیستمی ئاگادار کردنەوە و فریاکەوتنە لە کاتی کارەساتێکی ئاوا دا. ئەگەر هەر دوای لەرزەی یەکەم زوو خەڵکیان لە مەترسیی بوومەلەرزەکە ئاگادار کردباوە ڕەنگە خەسارەت زۆر لەوە کەمتر بوایە. بە تایبەت کە ئەو بوومەلەرزەیە پێش لەرزەی هەبووە. دیارە خەڵکێکی زۆریش بەو هۆیەوە لەماڵەکان هاتوونە دەر و ئەوە تا ڕاددەیەک لە زیانی گیانیی کەم کردۆتەوە. بەڵام هیچ دەنگێکی وا نەبووە کە خەڵک وریا بکاتەوە تا پێش بوومەلەرزە گەورەکە هەموویان ماڵەکان بەجێ بێڵن. ئاخر هۆش بە باوەڕی من نەبوونی فریاکەوتنی ڕێکوپێک و بە وەخت بووە. هەر لە تەلەفزیۆنی دەوڵەتیشەوە دەماندی کە خەڵکەکە بۆخۆی بە پاچ و پێمەڕە و بە دەست بەدوای قوربانییەکاندا دەگەڕان. هیچ ئامرازێکی خێرا و پێشکەوتووی لێ نەبوو. بە پێچەوانەی ئیددیعاکانی ڕێژیم هیچ هێزێکی فریاکەوتنی واشی لێ نەبوو. هەربۆیە ژمارەی گیانبەختکردووەکان سەعات لە دوای سەعات زیادی دەکرد. چونکە هێندە درەنگ فریایان دەکەوتن کە ئەگەر فەورەنیش گیانیان نەدابێ لە بن دار و پەردوودا گیانیان دەدا.

ئەوەی لەم پەیوەندیەدا دڵخۆشکەرە، هەڵوێستی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ئەو هاوخەمی و هاو پەیوەندییەی لەم کارەساتەدا خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خۆی نیشاندا ئەوە دەسەلمێنێ کە بە خۆشیەوە هەستی نەتەوەیی و ئینساندۆستی لە ئەوجی خۆی دایە و بەڕاستی ئینسان شانازی بە کوردبوونی خۆیەوە دەکا. ئەو بە هاوارهاتنەی ڕۆڵەکانی کورد لە هەموو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕا هەر لە باکورەوە تا ناوەند و باشووری ڕۆژهەڵات کە ئاوا بە شێوەیەکی بەربڵاو بە پیر خوشک و براکانیانەوە چوون نیشانی دەدا کە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکگرتووترین و بەهەستترین بەشی نەتەوەی کوردە، کە هەموو جارێ لە خۆشی و ناخۆشییەکانی خوشک و برایانی خۆیدا لە هەر ناوچەیەکی کوردستان بێ، دیسان خۆی دەسەلمێنێتەوە.

**ئەگەر بوومەلەرزەیەکی وا لە وڵاتێکی دۆستی ئێران ڕووی دابا، ئێران بە پەلە خۆی دەگەیاندێ، وەک چۆن بینیمان لە شەڕی غەززەدا لە ماوەی کەمتر لە ڕۆژێکدا لە کەناوی فارسەوە خۆی گەیاندە کەنارەکانی دەریای ئۆردۆن. بەڵام خاوەخاو و کەمتەرخەمییەکانی دەزگا دەوڵەتییەکان بوو بەهۆی ئەوەی خەسارە گیانییەکان زیاتر بن. ئایا ئەوە هۆکارێکی تایبەتیی هەبوو؟**

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە بناغەدا خۆی بە بەرپرس نازانێ لە بەرامبەر خەڵکی ئێران بە گشتی و خەڵکی کوردستان بە تایبەتی. تێڕوانینی ئەو ڕێژیمە بۆ هەموو مەسەلەیەک، تێڕوانینێکی ئیدۆلۆژیکە. ئەو تەنیا ئە و کەس و گرووپانە بە ئی خۆی دەزانێ کە بە تەواوی لە خزمەتی ڕێژیمەکەی دابن. هەربۆیە کاتێک حیزبوڵڵای لوبنان بە هۆی ئاژاوەگێڕییەکانیەوە دەبێتە هۆی وێرانیی بەشێک لە باشووری لوبنان، کۆماری ئیسلامی بە ملیاردها دۆلارەوە خۆی دەگەیەنێتێ و لە ماوەیەکی کورتدا ئاوەدانی دەکاتەوە، بەڵام لە نێوخۆی ئێراندا ئێستاش گۆیا ئاوەدانکردنەوەی شاری «بەم» تەواو نەبووە. جا بۆ کوردستان هەر زۆر لەوەش خراپترە.

ئاشکرا بە هەڵوێستی ڕێژیمەوە دیارە، سەرپۆشدانان لەسەر ئەو کارەساتە و بە کەم نیشاندانی ئەنجامەکانی ئەو کارەساتەیە. ڕێژیم تەنانەت داوای یارمەتیی کۆمەلگەی نێونەتەوەییشی ڕەت کردەوە. بە باوەڕی من جگە لەوەی کە دوژمنایەتی ڕێژیم لە گەڵ کورد نیشان دەدا، شتێکی بن پەردەشی تێ دایە. چونکە بە ئاشکرا دیارە کە ڕژیم نایهەوێ وڵاتان لە قووڵایی ئەو کارەساتە تێ بگەن و تەنانەت نایهەوێ هەواڵنێرانیش بەو ناوچانەدا تێپەڕن. هەرچەند بەڵگەیەک بە دەستەوە نییە، بەڵام هەموو نیشانەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕێژیم شتێکی بۆ شاردنەوە هەیە.



ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر کوردستان لە کەمتەرخەمی تێپەڕیوە. بە باوەڕی من تەواو عەمدییە. لە حاڵێکدا لە ڕاگەیەندنەکانیاندا هیچیان تێدا نەهێشتووەتەوە و ئیددیعا دەکەن فەورەن هەموو پێداویستییەکیان دابین کردوە، لە ڕاپۆرتی تەلەفزیۆنی خودی خۆیاندا دەبینین کە هیچ فریاکەوتنێکی لێ نییە و قوربانییەکانی ئەو بوومەلەرزەیە کە بۆخۆیان بە هەزار زەحمەت لە بن دار و پەردوو ڕزگاریان بووە، بەدوای ونبووەکاندا دەگەڕێن و ئەوەندە کەلوپەلەش کە پێیان گەیوە هەمووی دیارە کە هەر یارمەتیی کۆمەڵانی خەڵکە.

**جیا لەو کەمتەرخەمییانە ئەوەی ڕوحی خەڵکی بریندار کرد ئەوە بوو کە دەوڵەت لە ڕووداوی ئاگرگرتنەکەی «پلاسکۆ» لە تاران کە ڕۆژی ٣٠ی بەفرانباری ساڵی ڕابردوو ڕووی دا، ماتەمینیی گشتیی لە هەموو ئێراندا ڕاگەیاند، لە حاڵێکدا لەو ڕووداوەدا باڵەخانەیەک سووتا و ڕووخا، لە نێوان ٢٠ تا ٣٠ کەس گیانیان لە دەست دا و نیزیک ٢٣٠ کەس بریندار بوون. بەڵام لە بوومەلەرزەکەی پارێزگای کرماشاندا نیزیک ٥٠٠ کەس کوژران، ٧٠٠٠ کەس بریندار بوون و سەدان باڵەخانە و هەزاران ماڵ کاول بوون، کەچی تەنیا لە کرماشان ماتەمینی ڕاگەیەندرا؟ بۆ؟**

ئەو کارەساتە گەورەیە هەڵی دەگرت کە نەک یەک ڕۆژ بگرە سێ ڕۆژیش لە سەرتاسەری ئێراندا ماتەمینی گشتیی بۆ ڕاگەیەندرابا. بەڵام هەر وەک لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا گوتم، ئەو ڕێژیمە کوردستان بە خودی نازانێ و گرنگی پێ نادا. مەسەلەیەکی دیکەش کە زۆر

**بێینە سەر بوومەلەرزەیەکی دی. چەند دەیە دەبێ ڕەوشی ئەمنیەتیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هیندەی ئێستا لەرزۆک و ئاڵۆز نەبووە. ناکۆکیی قووڵی خاوەن بەرژەوەندییەکان لە یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانە دەگاتە کوێ؟ ئایا ناوچە لە چاوەڕوانیی شەڕێک دایە؟**

لە کەس شاراوە نییە کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پڕ کێشەترین ناوچەی جیهانە. ئەوەش چەند هۆکارێکی سەرەکیی هەیە. لە لایەکەوە ناوچەیەکی فرە نەتەوە، فرە دین و فرە مەزهەبە. کلتووری جیاواز و ڕادەی گەشە و پێشکەوتنی زۆر جیاوازی تێ دایە. یەکتر قەبوڵکردن و پێکەوەژیانی بە ئاشتییانە لە ڕادەی هەرە نزمی خۆی دایە. لە باری دابەشکردنی دەسەڵات، دابەشکردنی سەروەت و سامان و هەلی یەکسانەوە هیچ عەداڵەتێکی تێدا نییە. نەتەوەکان دابەش بوون بە سەر نەتەوەی فەرمانڕەوا و نەتەوەی ژێردەستەدا. ئێرانی و تورک و عەرەب شەڕیانە لەسەر دەسەڵات و هێژمۆنی لە ناوچەدا. کورد بە تایبەتی و چەند نەتەوەیەکی دیکەش خەباتێکی خوێناوی دەکەن لە پێناوی وەدەستهێنانی سەرەتاییترین مافی ئینسانی خۆیاندا. مەسەلەیەکی دیکەی گرنگی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەوەیە کە خاوەنی سەرچاوەی ژێرزەمینیی زۆرە، ڕادەیەکی زۆر لە نەوت و گازی جیهان لەو ناوچەیەوە دابین دەکرێ، هەروەها سەرچاوەیەکی گرنگی ئاوی شیرینە و جگە لەوەش ناوچەیەکی ستراتێژیک و

ژئوپۆلیتیکی گرنگە لە نێوان ئاسیا و ئورووپا دا. ئەوەش وایکردوە کە بەدرێژایی مێژوو چاوی تەماعی زلهێزەکانی دنیای لەسەر بووە. هاتوون داگیریان کردوە و بە پێی قازانجی ئابووریی خۆیان دابەشیان کردوە. بایی هەزاران میلیارد دۆلار چەک و چۆڵیان تێدا فرۆشتوە و بۆ پاراستنی قازانجەکانی خۆیان هەرجارەی پشتیوانییان لە دیکتاتۆرێک کردوە. لە سەردەمی ئێستاشدا شەڕی بەرژەوەندییەکانی زلهێزەکانی ناوچە لە لایەک و زلهێزە جیهانییەکان لە لایەکی دیکەوە لەو ناوچەیەدا بەردەوامە. لە چەند ساڵی ڕابردوودا دوو مەسەلە بوونە هۆی ئەوەی کە دەرفەتێکی زێڕین بدەن بە کۆماری ئیسلامی کە هێژمۆنیی خۆی لە ناوچەدا زیاتر بسەپێنێ، یەکیان سیاسەتی موماشات و تەسلیم تەڵەبانەی ئیدارەی ئۆباما سەرۆککۆماری ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئێران و دووەمیان شەڕی داعش بوو. تا وای لێهات کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تەواو سەرەڕۆ و بێ منەت بێ و ڕووهەڵماڵاوانە دەستێوەردان بکا لە کاروباری وڵاتانی ناوچەدا. بەڵام بە باوەڕی من چیدی ئەوەی بۆ ناچێتە سەر و لێی قەبوڵ ناکرێ. بە تایبەت کە وێدەچێ دوو زلهێزی گەورەی جیهانی و هاوپەیمانەکانیان کە لە ناوچەدان، واتە ئەمریکا و ڕووسیە لە سەر دابەشکردنی هێژمۆنی و پاراستنی قازانجەکانیان ڕێککەوتبن. هەروەها وێدەچێ ئیدارەی ترامپ لە ئەمریکا سیاسەتێکی چالاکتری لە دژی کۆماری ئیسلامی و بە تایبەتی دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا هەبێ. هێزە ناوچەییەکانی وەک عەرەبستان و تورکیەش زۆر لە ئێران دڵپڕن. وای بۆ دەچم کە بەرنامەی کورتکردنەوەی دەستی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا ئاڵۆزییەکی تازە بە دوای خۆیدا بێنێ و بە شکستی کۆماری ئیسلامی کۆتایی بێ. جا چ بە شێوەی تەسلیم بوونی کۆماری ئیسلامی و خواردنەوەی جامێکی ژەهری دیکەبێ تا بتوانێ بە شێوەیەکی لاواز خۆی بپارێزێ، و چ بە ڕووخانی ئەو ڕێژیمە تەواو بێ. بەهەر حاڵ وەزعی ئێستا ناتوانێ درێژەی هەبێ.

**لە ئێستادا وا دێتە بەرچاو کە پێگەی ئێران بەهێزتر لە هەر کاتێکە. لە سووریەدا توانیویەتی ستراتیژیی خۆی سەربخا، پێوەندیی قووڵ و پتەوی لەگەڵ بەغدا دروست کردوە و عەرەبستانی لە یەمەن تووشی شەڕێکی پڕتێچوو و پڕ شەکەتی لەگەڵ حوسییەکان کردوە؛ حیزبوڵڵا لە هەموو کاتێک سەرکەشترە؛ پێوەندیی لەگەڵ ئورووپاش زۆر باشە. بڵێی ئەوە لە خۆی تێک دا و بیەوێ لەگەڵ عەرەبستان ڕاستەوخۆ تێک گیرێ؟**

ڕاستە زاهیرەن کۆماری ئیسلامی بەهێز دیارە و هێژمۆنیی خۆی لە ناوچەدا بڵاو کردووەتەوە. بەڵام دوو کێشەی سەرەکی لەبەردەم کۆماری ئیسلامی دایە. یەکیان ئەوەیە کە تا کەی دەتوانێ بە خەرجکردنی بودجەی ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران ئەو هەموو بەرەیانەی شەڕ بپارێزێ و ئیمکاناتیان بۆ دابین بکا و خەڵک و وڵاتەکەی خۆشی بە دەست بێکاری و بێ داهاتی و بێ دەرەتانیەوە بناڵێنن. دیارە بەم شێوە کۆماری ئیسلامی لە وڵاتە دراوسێکانی دا کۆمەڵێک جیرەخۆر بەدەست دێنێ، بەڵام هەتا دێ دڵی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران زۆرتر لە دەست دەدا. قەیرانەکانی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیش لە نێوخۆی ئێراندا هەتا دێ زۆرتر قوڵ دەبنەوە. دووەم کێشە بۆ کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە سەبری زلهێزە جیهانییەکان و زلهێزە ناوچەییەکانیش لە سەریەوە دەڕژێ. نە وڵاتانی عەرەبی، نە تورکیە و نە ئەمریکا و وڵاتانی غەربی و نە ڕووسیەش هەتا سەر لێی قەبوڵ ناکەن. تا ئەو دواییانەش گومان هەبوو لەسەر ئەوەی کە ڕووسیە پشتی تێبکا. بەڵام ئەو دواییانە بە ئاشکرا هاوکاریی ڕوسیە و ئەمریکا لە مەسەلەی سووریەدا دەبینرێ و تەواو پێچەوانەی سیاسەتی کۆماری ئیسلامیشە. لە بەرامبەر کوردیشدا ڕووسیە و ئێران دوو سیاسەتی لێک جیایان هەیە. تەنیا لە سووریەدا بە زاهیر لە یەک بەرەدان، بەڵام لەوێش ڕەقیبن و هەتا دێ ڕووسیە زۆرتر تەنگ بە ئێران هەڵدەچنێ و لە نفوزی کەم دەکاتەوە. زۆرتریش لە تورکیە و عەرەبەکان نیزیک دەبێتەوە. تورکیە و کۆماری ئیسلامیش قازانجیان پێکەوە یەک ناگرێتەوە. زاهیرەن لە دژایەتی لەگەڵ کورددا یەک بوون، کەچی لە کردەوەدا نەیانتوانی هاوکاری بکەن و تورکیە ئەو خەتەی درێژە نەدا کە کۆماری ئیسلامی دەیهەویست و لانیکەم لەگەڵی هەماهەنگ نەبوو، چونکە بەرژەوەندییەکانیان لێک جیاوازن. عەرەبستان هەر بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ لە گەڵ ئەو هێژمۆنیخوازییەی ئێران هەڵکا. ئەو هەم وەک جیهانی عەرەب دژی پەلهاویشتنی ئێران لە ناوچە دایە و هەم وەک ناوەندی جیهانی ئیسلام. بۆیە داهاتوو زۆر بە قازانجی کۆماری ئیسلامی نییە ئەگەر بەو سیاسەتە فراوانخوازیانەی درێژە بدا.

**کە چاو لە نێوخۆی حاکمییەت دەکەین دەبینین لە ئێستادا حاکمییەت تەواو یەکدەستە. کاریگەریی ئەو یەکدەستبوونە لەسەر خەباتی ئۆپۆزیسیۆن و تێکۆشانی مافخوازیی خەڵکی کوردستان چۆن دەبینی؟**

من پێموایە تەنیا ڕواڵەتی دەرەوەی حاکمییەت لە هەلومەرجی ئێستادا یەکدەست دیارە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە هەرچەند بە زاهیر لە هێندێک مەیداندا براوەن، بەڵام بۆخۆشیان دەزانن کە لە هەموو کاتێک زەربە پەزیرترن و ڕێژیمەکەشیان لە هەموو کاتێک زیاتر هەڕەشەی لەسەرە. دیارە بۆ پاراستنی نیزامیش هەموویان یەکدەستن. ئەگەر لە ژێرەوە ناکۆکیشیان لەگەڵ یەکتر هەبێ لەسەر چۆنیەتیی ئیدارەکردن و شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ دنیای دەرەوە، لە کاتی تەنگانەدا و بۆ پاراستنی نیزامەکەیان هەموو ناکۆکییەکان وەلا دەنێن و یەکدەست دیارن. سەبارەت بە کاریگەریی ئەو یەکدەستبوونە لە سەر خەباتی ئۆپۆزیسیۆن و تێکۆشانی مافخوازی حەڵکی کوردستان، من بەش بە حاڵی خۆم پێم باشترە هەموو کاربەدەستانی ڕێژیم ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان نیشان بدەن و ڕۆڵ دابەش نەکەن و ڕوو بەدەرەوەش هەمان هەڵوێستیان هەبێ کە لە گەڵ ماهییەتیان یەک دەگرێتەوە. چونکە ئیددیعاکانی سەردەمی هەڵبژاردن و ڕوو بە دنیای دەرەوە تەنیا دەبێتە هۆی دروستبوونی هێندێک تەوەهووم نیسبەت بە ڕێژیم و قازانجی بۆ هیچ لایەنێک نییە، جگە لە ڕێژیم خۆی. بۆیە یەکهەڵوێست بوونی کاربەدەستانی ڕێژیمم پێ قازانجە بۆ ئۆپۆزیسیۆن و بۆ تێکۆشانی مافخوازانەی گەلی کورد. شەڕی زێڕینگەریی کاربەدەستانی ڕێژیم هیچ قازانجێک بە ئۆپۆزیسیۆن و خەباتگێڕانی کورد ناگەیەنێ. ڕووحانی لە دوو دەورەدا بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆسەر سندوقەکانی دەنگدان و بۆ فریودانی ئەفکاری عمومی دەیان بەڵێنی دا و ئێستاش کە جارێکی دی نایەتەوە بەر قەزاوەتی خەڵک، دیارە لە کوێ ڕاوەستاوە.

> یەکهەڵوێست بوونی کاربەدەستانی ڕێژیم قازانجە بۆ ئۆپۆزیسیۆن و بۆ تێکۆشانی مافخوازانەی گەلی کورد. شەڕی زێڕینگەریی کاربەدەستانی ڕێژیم هیچ قازانجێک بە ئۆپۆزیسیۆن و خەباتگێڕانی کورد ناگەیەنێ و ڕووحانی کە لە دوو دەورەدا بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆسەر سندوقەکانی دەنگدان و بۆ فریودانی ئەفکاری عمومی دەیان بەڵێنی دا و ئێستاش کە جارێکی دی نایەتەوە بەر قەزاوەتی خەڵک؛ ئیدی جوان دیارە لە کوێ ڕاوەستاوە

**ئەگەر کەمێک بە ڕوونی بدوێین پێتان وانییە کوردستان و پرسی کورد لە ئێران ئێستا زۆر لە پەراوێز دایە؟ لە دوایین ڕاپۆرتی خاتوو ئەسما جەهانگیریشدا بینیمان کەمترین سەرنج درابووە سەر پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی کورد لە ئێران، یانی هەر باس نەکرابوو. ئەمن دەپرسم بۆ لەو دۆخە داین؟**

ئەو دۆخەی ئێستا بەرهەمی چەندین هۆکارە. یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەیە کە بەداخەوە بەرگری لە مافی مرۆڤ لە دنیادا دەکەوێتە دوای پاراستنی بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسی. وە نیە کەم لەسەر کۆماری ئیسلامی و پێشێلکارییەکانی کۆماری ئیسلامی گوترابێ، ئەوەش وا نییە کە ناوەندە نێونەتەوەییەکان لێی ئاگادار نەبن. ڕەنگە لە سەردەمی ئامادەکرانی ڕاپۆرتێکی تایبەتیدا حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان و چالاکانی بواری مافی مرۆڤ غافڵ بووبن و نەیانتوانیبێ شوێن دابنێن. بەڵام بەگشتی هەموو جیهان و هەموو ڕێکخراوەکانی بواری مافی مرۆڤ لە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئاگادارن و ئێمەش لە هەموو دیدارەکانماندا ئەوە هەست پێ دەکەین. هۆی دیکەی ئەوەیە کە ئێستا لە سەر ڕێژیمی ئێران سێ مەسەلە بە گرنگتر دادەنرێ تا پێشێلکاریی مافی مرۆڤ. ئەویش مەسەلەی چەکی ئەتۆمی، مەسەلەی دەستێوەردانەکانی لە وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و مەسەلەی موشەکە دوورهاوێژەکانیەتی. کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بە پلەی یەکەم دەیهەوێ ئەو خەتەرانەی کۆماری ئیسلامی لە سەر خۆی دووربخاتەوە. دوایە نۆرەی مافی مرۆڤ دێ. بەداخەوە لە وڵاتانی دیکەش هەروایە. باس لەسەر مافی مرۆڤ زۆرتر لە چوارچێوەی قەتعنامە و داواکارییەکی سەر کاغەز دا دەمێنێتەوە.

**هەر مەسەلەی مافی مرۆڤ نییە، ئەدی کێشەکانی دیکەی کۆمەڵگەی کوردستان لە نێو خۆیدا چی کە وادێتە بەرچاو ستاتوی کوردی ڕۆژهەڵات بە نزمتر ببیندرێ. هۆکارەکان چین؟ ئایا نەبوونی گوتارێکی گشتگیرە؟ کێشەی پڕشوبڵاویی حیزبەکانیەتی؟ مەسەلەی قەیرانی شوناسە؟ ژئوپۆلوتیکە؟ بەهێزبوونی حکومەتی ناوەندییە؟ چییە؟**

کێشەی سەرەکیی کورد نەبوونی ستراتیژیی نەتەوەیی و یەکگرتوویی نەتەوەییە. هەرچەندە خاڵی هاوبەش لە بۆچوونی ڕێکخراوە کوردستانیەکاندا زۆرە، بەڵام ئەو خاڵە هاوبەشانە کاریان لەسەر نەکراوە و نەکراونەتە ستراتیژی نەتەوەیی و نەکراونەتە هێڵی سوور بۆ هەمووان. لە کوردستان حیزب بۆ ستراتیژی نەتەوەیی بە کار ناهێنرێ، بەڵکوو بە پێچەوانەوە حیزبەکان هەوڵ دەدەن مەسەلە نەتەوەییەکە بۆ بەهێزبوونی حیزب بە کار بێنن. هەربۆیەشە تەنانەت لە سەر ئەوەش زۆر جار کێشەیانە و موزایەدەی حیزبی پێوە دەکەن و بە مێژووی خۆیانی دەزانن و حیزب لە کۆمەڵگە جوێ دەکەنەوە. ئەگەر وانەبا مەسەلە نەتەوەییەکەیان بە ئی هەمووان دەزانی و لەگەڵ یەکتر ڕێکدەکەوتن بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجانە. دیارە کێشەی قەیرانی شوناس و ژئۆپۆلیتیکیشمان هەیە. دابەشکرانی کوردستان بۆ چوار پارچە هەم شوناسی لێ تێکداوین و هەم ئێمەی خستووەتە نێو چوارچێوەیەکی ژیئۆپۆلیتیکیەوە کە هەر چوار دەورمان دوژمنە. هێزی نەتەوەی کورد دابەش کراوە، فەرهەنگ و کلتووری دابەش کراوە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی دابەش کراون. لە بەرامبەردا دوژمنمان زۆرتر بوون و هێزی حکومەتە ناوەندییەکان زۆرتر بووە، بە هۆی ئەوەوە کە چوار حکومەتی ناوەندی هەمیشە لە دژی ئێمە کۆکن و بۆ لێدانی ئێمە هەموو ناکۆکییەکانی خۆیان وەلا دەنێن. سەرەڕای هەمووی ئەوانە ئەگەر هەموو کورد وەک یەک نەتەوە بیر بکاتەوە، ناکۆکییەکان وەلا نێین و یەکگرتوو بین، هیچ هێزێک ناتوانێ تێکمان بشکێنێ.


**ئەمەی جەنابت فەرمووت بە چی دەکرێ و چۆن دەکرێ؟**

بە داڕشتنی ستراتیژیی نەتەوەیی، یەکگرتن لە بەرەیەک یا کۆنگرەیەکی نەتەوەیی دا، بە لابیگەرییەکی نەتەوەیی لە دەرەوەی وڵات و بە بەشداری هەموو حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان و کارکردن لە نێوخۆی کوردستاندا بۆ ڕێکخستنی هەستی نەتەوەیی و گۆڕینی ئەو هەستە بەهێزی نەتەوەیی(بەواتای دروستکردنی نەتەوەو ئامادەکردنی بۆ دەوڵەتداری)، بە جۆرێک کە لە کاتی پێویستدا بتوانێ بیهێنێتە سەر شەقام. ئەوانە لەو ئامرازانەن کە دەتوانرێ بە هۆیانەوە کۆسپەکان وەلا بنرێن و کورد لە جیهاندا شوێندانەرتر بکەن و کیانی کوردی بکەنە ئەمری واقیع.

**ئێوە وەک حیزبی دێموکرات چیتان لەو پێناوەدا کردوە و هەوڵەکانتان بە کوێ گەیشتوون؟**

گرنگترین هەنگاو بۆ ئەو هەوڵانە ئەوەیە کە بەڕاستی لەو پێویستییە مێژووییانە تێگەیشتبێ. دووەم هەنگاو ئەوەیە کە حیزب بە ئامرازێک بزانێ بۆ وەدیهێنانی ئەو پێویستییانە. سێهەمین هەنگاویش ئەوەیە کە بەکردەوە و باوەڕەوە هەنگاوی بۆ باوێژی. ئێمە وەک حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە هەنگاوی یەکەم و دووەم تێپەڕیوین و بۆ هەنگاوی سێهەم ئامادەین. هیوادارم وەڵامی ئەرێنی لە بەرامبەرەکانمان وەربگرین و بتوانین بە هاوکاری خەباتگێڕانی دیکەی مەیدانی کوردایەتی، بەتایبەتی ئەوانەی کە بە بۆچوون و بە مێژوو زۆر لێک نیزیکین ئەو ئامانجە گەورەیە وەدی بێنین. پێمخۆشە ئەوە بڵێم کە یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکڕات کە حدک هەر لە دوای کۆنگرەی چاردەوە بە لێبڕاویەوە هەوڵی بۆداوە، دەتوانێ چەند هەنگاوێک لەو ستراتیژیە نەتەوەییە نیزیکمان بکاتەوە.

## کۆبوونەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان



ڕۆژی یەکشەممە ٢٨ ی خەزەڵوەر شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی مستەفا مەولودی، سکرتێری گشتیی حیزب سەردانی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستانیان لە هەولێر کرد و لەلایەن هەیئەتی خانەخوێ بە سەرپەرستی باپیر کامەلا، سکرتێری گشتیی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانەوە، پێشوازییان لێکرا.

لەو دانیشتنەدا دوو لایەن باسیان لە دوایین گۆڕانکارییەکان ناوچە و کوردستان کرد و لەبارەی کاریگەری و شوێنکاری ئاڵوگۆڕەکان لەسەر پرسی کورد ئاڵوگۆری بیروڕایان لە سەر کرد.

بابەتێکی دیکە دیدارەکە پێداگری لەسەر پێویستیی یەکڕیزیی کورد بۆ قۆستنەوەی دەرفەتەکانی بەردەم و، تاوتوێی ئەگەرەکانی بەردەم پرسی کورد لە داهاتوو بەتایبەت لە دوو بەشی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان بوو، ئەویش لە دۆخی پڕ گۆڕانکاریی خێرای ئێستا و بە لەبەر چاوگرتنی ڕۆڵی تێکدەرانەی وڵاتانی ناوچەیی و بەرژەوەندخوازیی زلهێزە جیهانییەکان و کاریگەرییەکانیان لە سەر پرسی کورد.

## کۆبوونەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی بێتولنەهرین



دوانیوەرۆی یەکشەممە ٢٨ ی خەزەڵوەری ٩٦ شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی مستەفا مەولودی، سکرتێری گشتیی حیزب سەردانی حیزبی دێموکراتی بێتولنەهرینی لە هەولێر کرد و لەلایەن شاندێکی خانەخوێ بە سەرپەرستیی ڕۆمیۆ هەکاری، سکرتێری گشتیی ئەو حیزبەوە پێشوازییان لێکرا.

لەو دیدارەدا بارودۆخی هەستیار و ئاڵۆزی کوردستان و ناوچەکە و بە تایبەت دوایین گۆڕانکارییەکانی باشووری کوردستان و لێکەوتەکانی و هەروەها پێشهات و هاوکێشە چاوەڕواننەکراوەکانی هەرێمی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ڕۆڵی وڵاتانی زلهێزی ناوچەیی و جیهانی لە ئاراستەدان بە هاوکێشەکان هاتنە بەر باس و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لە سەر کرا.

لە بەشێکی دیکەدا دوو لایەنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و حیزبی دێمۆکراتی بێتو لنەهرین، باسیان لە ڕێکارەکانی پتەوتر کردنی پێوەندی نێوان دوو حیزب و هەروەها پاراستنی پێوەندیی نێوان گەلی کورد و ئاسۆری و بە گشتی کریستیان لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد.

## کۆبوونەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆما جڤاکێن کوردستان



دوانیوەڕۆی چوارشەمە ٢٤ی خەزەڵوەری ١٣٩٦ هەیئەتێکی کۆما جڤاکێن کوردستان بە سەرپەرستیی ڕەزا ئاڵتوون، ئەندامی کۆنسەی سەرکردایەتیی کەجەکە سەردانی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری سلێمانیان کرد و لەلایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە حەسەن قادرزادە و قادر وریا، ئەندامانی دەفتەری سیاسی و سۆران نوری، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سلێمانی، پێشوازییان لێ کرا.

لەو دیدار و دانیشتنەدا دوو هەیئەت دوایین ئاڵوگۆڕەکانی هەرێمی کوردستان و هاوکاری و کۆدەنگیی وڵاتانی ناوچە لە دژایەتیی پرسی کوردیان خستە بەر باس و، هەر دوو لا ڕاو و سەرنجی خۆیان لە بارەی مەترسیی و نیگەرانییەکانی پێوەندیدار بە بزووتنەوەی کورد لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان خستە ڕوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستان و کەجەکە لەم دانیشتنەدا لە سەر پێویستیی هاوکاری و یەکگرتوویی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان چ لە ئاستی هەر کام لە پارچەکان و چ لە ئاستی نەتەوەییدا بە تایبەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ پیلان و مەترسییەکانی دەوڵەتانی داگیرکەری ناوچە لە هەلومەرجی ئێستا دا، تەئکیدیان کردەوە. ئەمەشیان دووپات کردەوە کە پێوەندیی سیاسی و دۆستانەی دوو لایەنەی نێوان کەجەکە و حیزبی دێموکراتی کوردستان بە گرنگ دەنرخێنن و لە سەری بەردەوام دەمێننەوە. ئەمەشیان دووپات کردەوە کە پێوەندیی سیاسی و دۆستانەی دوو لایەنەی نێوان کەجەکە و حیزبی دێموکراتی کوردستان بە گرنگ دەنرخێنن و لە سەری بەردەوام دەمێننەوە .

# ناسیۆنالیسم و شوناسی نەتەوەیی



ئامانج زیبایی

پرۆسەی بە نەتەوەبوون بە چەند قۆناغدا دەڕوا و دروستبوونی ئەو شکۆیە پێویستیی بە خۆڕاگری و بەرگەگرتن لە بەرامبەر گیروگرفتەکاندا هەیە و تاکەکانی ئەو نەتەوەیە دەبێ لە زۆر تایبەتمەندیی ژیانی خۆیان خۆش بن. ئەم لە خۆبوردووییە تەنیا بە کەسانی ناسیۆنالیست دەکرێ و ناسیونالیسم وا لە تاکی کۆمەڵگە دەکا کە لە کاتی بەرەڕووبوونەوە لەگەڵ هەژاری و نەداری و نەبوونیدا پشت لە نەتەوەکەیان نەکەن و لە خۆشی و ناخۆشیدا بە دڵ و بە گیان لەگەڵ ڕوحی نەتەوەی خۆیان بن، لە بەر ئەوەی کە نێوەرۆکی ناسیونالیزم نەتەوە مێحوەرییە و بەرژەوەندیی نەتەوەییش لە سەروو هەموو بەرژەوەندییەکاندا جێ دەگرێ

ناسیۆنالیزم، واتا ئەو هەستەی کە تاکەکانی نەتەوەیەک پابەند دەکا بە کۆمەڵێک دەروەستی و زۆر بەڵێنی نەگوتراو بەرامبەر بە نەتەوەکەی، هەروەها پەرژینێکە لە بەرامبەر زۆر چەوتی و لادان لە دژی نەتەوەکەی. بەڵام کاتێک نەتەوەیەک تووشی قەیرانی شوناس بێ، ئیدی تاکەکانی پرسی نەتەوەیی و بابەتی سەروەری و پرەنسیپە نەتەوەییەکانی لەلا گرینگ نامێنێ، یان بە واتایەکی دی وەک جاران لە ریزبەندیی یەکەمی بەها و بایەخە گرینگەکانی ئەو کەسەدا نایە، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە هۆکارەکانی بێ شوناسی یان سەرهەڵدانی قەیرانی شوناس بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

زۆر جار مۆدێرنیتە هۆکاری سەرەکییە. دورکەوتنەوە لە کلتوور و تێکەڵبوون لەگەڵ دونیای تازە و مۆد هۆکارێکە بۆ دورکەوتنەوە لە ناسیونالیزم کە دیارە ئەو لێکەوتەیە نەوە دوای نەوە کاریگەریی خۆی دادەنێ، بەڵام لە هەمان کاتدا ناسیۆنالیزم خۆی دژی مۆدێرنیتە و جیهانیبوون (globalization) نییە و بە ڕوویەکی دیکەدا دەکرێ بڵێین ناسیۆنالیزم هاندەریشە بۆ بەرۆژبوونەوە بۆ ئەوەی تاکەکانی نەتەوەیەک لە ڕەوتی خێرای گەشەسەندن و پێشکەوتنەکان جێ نەمێنن، بۆ ئەوەی تاکەکانی ئەو نەتەوەیە هەر دەم بە شانازییە باس لە خۆیان و نەتەوەکەیان بکەن و ڕوخسارێکی جوان لە نەتەوەی خۆیان پێشانی نەتەوەکانی دیکە بدەن. بەڵام کاتێک نەوەی نوێی نەتەوەیەک هەموو کلتوور و وردەکلتووری خۆیان بەختی شەپۆلەکانی مۆدێرنیتە دەکەن، ئیدی زەنگی لەکزیدانی ناسیونالیزم دەبیسترێ و نەوەکانی دواتر یەک لە دوای یەک بەرەو هەڵدێری لاوازبوونی شوناسی نەتەوایەتی پاڵ پێوە دەنێ.

هۆکارێکی دیکە کە کاریگەری لەسەر کزبوونی هەستی نەتەوەیی دادەنێ، بیر و باوەڕی چەپی ڕادیکاڵ و ئەو بەشە لە وێژمانی چەپی تۆخە کە بایەخ بە نەتەوە نادا کە دیارە لە ئێستادا ئەم ئایدۆلۆژییە بە بەهێزی و گوڕوتینی جارانی نییە و لە هەناسە کەوتوە.

بەو پێشەکییە دەمەوێ تیشک بخەمە سەر جۆری پەروەردەکردنی تاک لە کۆمەڵگەدا، بە تایبەت لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا.

کاتێک تاکی کورد وا پەروەردە بکرێ کە خاک و نیشتیمانی خۆی کە هەر دەم لە پێناویدا قوربانی دەدا بۆ گرینگ و ئەولەوییەتی یەکەمی بیرکردنەوەی بێ و بۆ شکۆ و مەزنایەتیی خۆی و نەتەوەکەی تێ بکۆشێ، ئەوە کۆمەڵگەیەش بەرەوپێش دەڕوا و لە هەموو بوارەکاندا پەرە دەستێنێ. بە نەتەوەبوون بە چەند قۆناغدا دەڕوا و دروستبوونی ئەو شکۆیە پێویستیی بە خۆڕاگری و بەرگەگرتن لە بەرامبەر گیروگرفتەکاندا هەیە و تاکەکانی ئەو نەتەوەیە دەبێ لە زۆر تایبەتمەندیی ژیانی خۆیان خۆش بن. ئەم لە خۆبوردووییە تەنیا بە کەسانی ناسیۆنالیست دەکرێ و ناسیونالیسم وا لە تاکی کۆمەڵگە دەکا کە لە کاتی بەرەڕووبوونەوە لەگەڵ هەژاری و نەداری و نەبوونیدا پشت لە نەتەوەکەیان نەکەن و لە خۆشی و ناخۆشیدا بە دڵ و بە گیان لەگەڵ ڕوحی نەتەوەی خۆیان بن، لە بەر ئەوەی کە نێوەرۆکی ناسیونالیزم نەتەوە مێحوەرییە و بەرژەوەندیی نەتەوەییش لە سەروو هەموو بەرژەوەندییەکاندا جێ دەگرێ.

زۆر جار لێرە و لەوێ دەگوترێ یان دەبیستین کە ناسیونالیزم تەنیا باسی سەر کلاس و کۆڕ و کۆبوونەوەکانە و ئەوانەی لەم کۆڕ و کۆبوونەوانە نین لە ناسیۆنالیزم بێبەرین، یا بە تێگەیشتنێکی دیکە دەروانــنە ناسیۆنالیزم کە دەکرێ وا نەبێ.

بۆ نموونە کاتێک تاکێکی کوردی نەخوێندەوار بە کار و کوێرەوەری لە شوێنە سەختەکانی وەک کورەخانە و جوجەخانە ڕازی دەبێ، بەڵام ڕازی نابێ مووچەی بندەستەیی لە دەسەڵاتی داگیرکەر وەرگرێ و نابێتە گوێرایەڵی و چەکی بۆ لە شان ناکا و سەردانەواندن بە عەیبە و عار دەزانێ و بە «نا» گوتن لە بەرامبەر ویست و داوای داگیرکەری زۆرداردا دەوەستێتەوە، ئەو هەر هەمان ناسیونالیزمە کە ئەو بەبێ پەروەردەی زانستی و بەشداریکردن لە کۆڕ وکۆبوونەوەکان فێری بووە، بەڵام لە ناخی خۆیدا بە خودئاگایی پێی گەیشتوە. سەرەڕای ئەمەش نابێ ڕۆڵی ڕووناکبیران و ڕاگەیاندن و حیزبەکان بە کەم بگرین چ لە بەرەی ناسیونالیزم و چ لە بەرەی دژ بە ناسیونالیزمدا.

لە کاتێکدا کە هەر چوار وڵاتی داگیرکەری کوردستان بە چاوی شوینیستی دەڕواننە خەڵک و خاکی کوردستان و وەک بەشێکی کلۆنی لە کوردستانی بن دەسەڵاتی خۆیان دەڕوانن و بەردەوام لە هەوڵی بەتاڵانبردنی سامانی کوردستانن و دانیشتووانی قەڵاچۆ دەکەن و لە هیچ کردەوەیەکی نامرۆڤانە ناپرینگێننەوە؛ ئەویش لە کاتێکدا کۆمەڵگای جیهانی لە سۆنگەی بەرژەوەندییەکانیان قرۆقپ دانیشتوون و نابەرپرسانە چاو لە دۆخی کوردستان دەکەن و؛ لەو کاتەدا کە کورد هەمیسان وەک جاران بە تاقی تەنیایە، تاکە ڕێگەی بەردەمان هەر دەتوانێ بەهێزترکردنی هەستی نەتەوایەتیمان بێ.

دۆخی ئێستا کوردستان لە هەموو بەشەکاندا پێمان دەڵێن لە هەر بەشێک لە کوردستان بەپێی سروشتی خەبات و ژینگەی سیاسیی خۆی؛ حیزبەکانی پێویستە لە ژێر چەترێکی یەکگرتووانەی بەرفراواندا پتر هەوڵ بۆ بەخشینی شوناسێکی نوێ بە تاکی کورد و کۆمەڵگای کوردستان و خەباتی ئەو نەتەوەیە ببەخشن. ئەو شوناسە بە پشتبەستوو بە پاشخانی خەباتی دەیان ساڵە و بە ڕێکخستنی کۆمەڵگە لە نێوخۆی وڵاتدا و، بە وەگەڕخستنی لۆبییەکی بەهێز لە کۆڕ و کۆمەڵەی نێونەتەوەییدا دەتوانێ ئاراستەیەکی دی بە خەباتی کورد بدا.

# ئینکاری کورد بە ڕێگەی قانوونەوە



عومەر باڵەکی

لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی دابەشبوونی میراتی ئیمپراتووری عوسمانی لە نیوان دەوڵەتە سەرکەوتووکانی شەڕدا دەستی پێکرد و ئەوەش دروستبوونی دەوڵەت نەتەوەکان و دابەشبوونی کوردستانی لێ کەوتەوە و لەو کاتەوە هەتا ئێستا کوردستان بە سەر چوار دەوڵەتدا دابەش بووە. هەر کام لەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان بە سەر دابەش کراوە لە ڕاستیدا لە سەر بنچینەی حاکمییەتی نەتەوەیەک بە سەر نەتەوەکانی دیکەدا دامەزراون و زمان و کلتوور و ئایین و مەزهەبی ئەو نەتەوە باڵادەستە بە پێی قانوونی وڵات فەرز کراوەتە سەر هەموو نەتەوەکانی دیکە کە لەو وڵاتەدا دەژین.


لە سەت ساڵی ڕابردوودا دەسەڵاتدارانی زاڵ بە سەر هەر چوار پارچەی کوردستان هەموو کات هەوڵ و پلان و پیلانیان بۆ ئەوە بووە حاشا لە بوونی کورد وەک نەتەوە بکەن، بەو مانایە کە حاشا لە بوونی کورد وەک نەتەوەیەک کە خاوەنی خاک و زمان و کلتوور و مێژووی خۆیەتی و لە هەموو بوارێکدا لە گەڵ فارس و تورک و عەرەب جیاوازە. ئینکاری کورد و نەتەوەکانی دیکەی هەڵکەوتوو لەو چوار وڵاتە (ئیران ،عیراق ،سوریەو تورکیە) هەر لە چوارچێوەی قسە و ڕەفتارێکی دووچاوەکیدا قەتیس نەماوەتەوە، بەڵکوو لە هەر چوار دەوڵەتدا بە قانوون کراوە و تەنانەت بە گۆڕانی سیستەمە سیاسیەکانیش ئەو ئینکارکردنە تەواو نابێ و لەگەڵ نووسینەوەی قانوونی بنەڕەتیی نوێ دیسان ئەو خۆداسپاندنی نەتەوە زۆرینەکان لە هەموو بوارێکدا دێتەوە نێو قانوونی بنەڕەتیی ئەو وڵاتانە و هەر کات دەسەڵاتداران بە قازانجیان زانی پەنا بۆ ئەو قانوونە دەبەن. هۆکارەکەش ئەوەیە کە قانوونی بنەڕەتیی هەر وڵاتێک دایک و چاوگی قانوونەکانی دیکەی وڵاتە و لە ڕاستیدا ئاوینەی باڵانوێنی سیمای سیاسی و ئابووری و قانوونیی ئەو سیستمە سیاسییەیە کە دەسەڵاتدارە و بەڕێوەبردنی وڵاتی لە ئەستۆیە. مادام قانوونی بنەڕەتی ئەو چوار وڵاتە وا دارێژراوە کە نەتەوەیەک بە هەموو پێناسەکانیەوە باڵادەست بێ، ئاکامەکەی ئەوەیە کە کورد لە هەر کام لەو پارچانەی کە تێیدا دەژی بە قانوون دەچەوسێندرێتەوە و هەر ئەوە وای کردوە دەسەڵاتدارانی ئەو چوار دەوڵەتە بە دەست ئاوەڵایی و سیستماتیک مافەکانی کورد پێشێل بکەن. دیارە ئەوە خۆی مەترسییەکی گەورەیە هەم لە نێوخۆی ئەو وڵاتانە و هەم کاریگەریی هەیە لە سەر هەڵسوکەوتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەرحەق بە پرسی کورد، چونکە لە سەردەمێکدا دەژین کە بێجگە لە کۆمەڵێک وڵات ئەگەر ڕواڵەتیش بێ قانوون لە زۆربەی وڵاتانی دنیا بۆتە چەمکێک کە هەموو بنج و بناوانی ژیانی مرۆڤەکانی گرتۆتەوە و تەنانەت هەتا ئەو جێگەیە چوونەتە پێشێ کە دەڵێن بە پێی قانوون هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بەبێ گوێدان بە پلەوپایە لە بەرامبەر قانووندا یەکسانن. کەواتە لە ڕوانگەی دەوڵەتانی پێشکەوتوو لە بواری دیموکراسی و پاراستنی مافی مرۆڤ قانوون جێگای ڕێزە و بۆ هیچ کەس نییە لێی لابدا. بەڵام بە داخەوە لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە ڕاست بە پێچەوانەیە، نەک یەکسانی لە بەرامبەر قانووندا نییە بەڵکوو تاک و کۆی کورد بە قانوون دەچەوسێندرێنەوە و مافیان لە هەموو بوارێک دا پێشێل دەکرێ و ئەویش لەوەڕا سەرچاوە دەگرێ کە قانوونەکان بە پێی ویست و داخواز و بەرژەوندیی دەسەڵاتداران دارێژراون.

لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە قانوونی بنەڕەتیی ئەو چوار وڵاتە (ئیران، عێراق، سوریە و تورکیە) دەکەین بۆوەی بزانین تێڕوانینیان بۆ مەسەلەی مافی کەمینەکان و بەگشتی مافە مەدەنی، سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی کورد چۆنە.

## قانوونی بنەڕەتیی ئێران و پرسی نەتەوەکان

لە قانوونی بنەڕەتیی ئێران و لە ئەسلی یەکەمدا، هەموو گەلانی ئێران بە یەک نەتەوە (ملت) ناسراون. ئەو ئەسڵە دەڵێ میللەتی ئێران لە سەر بنەمای باوەڕی لەمێژینەی بە دینی ئیسلام دەنگیان داوە بە دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی و لە ئەسڵی بیستەمدا باس لەوە دەکا کە هەمووی میللەت پێکهاتوو لە ژن و پیاو لەژێر پارێزگاریی قانوون دان و هەموو مافەکانی مرۆڤ، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی میللەت بە لەبەرچاوگرتنی ڕێوشوێنی ئیسلام دابین دەکرێ.

دەسپێکی قانوونی بنەڕەتیی ئێران بەو ئەسڵە لە حاڵێکدایە کە ئێران وەک یەکەیەکی جوغرافیایی چەند نەتەوەی تێدا دەژی کە زمان و فەرهەنگ و تەنانەت دین و مەزهەبیان لە یەکتر جیاوازە، بەڵام بەپێی قانوونی بنەڕەتی هەر وەکوو لەو دوو ئەسلەدا دەیبینین هەموو ئەو نەتەوانە بە یەک نەتەوە داندراوە و بە هیچ جۆر ئاماژە بە پێکهاتەکانی ئێران لە بواری نەتەوەیی و دینی و مەزهەبی ناکرێ و ئەو فرە پێکهاتەییە هیچ جێگە وپ ێگەیەکی لەو قانوونەدا بۆ دەستنیشان نەکراوە.



## تورکیە و پرسی کورد لە قانوونی بنەڕەتیی ئەو وڵاتەدا

لە مارسی ١٩٢٤ دوای دامەزراندنی دەوڵەتی کۆماری تورکیە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە فەرهەنگ و زمانی کوردی و تەنانەت ناوە کوردییەکان قەدەغە کران وکەلکوەرگرتن لە وشەکانی کورد و کوردستان بوونە شتێکی بڤە و تاوان. ئەوە سەرەتایەک بوو بۆ ئینکاری یەکجاریی کورد لە تورکیە و ئەو ئینکارە خۆی لە نێو مادده و برگەکانی قانوونی بنەڕەتیی ئەو وڵاتەدا دیتەوە. مادەکانی ٢٦، ٢٨و٨٩ی پەسندکراوی ساڵی ١٩٨٢دا بە ڕوونی باس لەو مەسەلە دەکا و لەو سی ماددەیەدا باس لە زمانێک دەکا کە قەدەغە کراوە کە ئەویش زمانی کوردییە و دەڵێ: زمانیک کە قانوون مەنعی کردوە نابێ و قسەی پێ بکرێ و لە ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکاندا کەڵکی لێ وەربگیردرێ و هیچ حیزبێکی سیاسی ناتوانی بێجگە لە زمان و فەرهەنگی تورکی بەرگری و داکۆکی لە زمان و فەرهەنگێکی دیکە بکا و ناتوانی ویستیاری پێکهێنانی کەمینەکان لەنێو سنوورەکانی ئێمەدا بێ و یا یەکگرتوویی میلیی ئێمە تێک بدا.

هەمووومان باش دەزانین تورکیە زیاتر لە ٨٠ ساڵ سیاسەتی حاشاکردن لە نەتەوەی کوردی گرتەبەر، بەڵام نەیتوانی هەتا سەر لەسەر ئەو سیاسەتە بەردەوام بێ و ناچار بوو دان بەوەدا بنێ کە بەشێک لە نەتەوەی کورد لە تورکیە هەن، ئەگەرچی ئەو دانپێدانانە هەتا ئێستا نەچۆتە نێو قانوونی بنەڕەتی و زیاتر لەسەر زار و زمانی بەرپرساندا دەکرێ و دێتە گۆرێ.

## کورد لە قانوونی بنەڕەتیی سووریەدا

لە کاتی دروستبوونی سووریەوە هەتا سەردەمی ئێستا هیچ کام لە دەسەڵات و دەوڵەتەکان دانیان بە بوونی نەتەوەی کورد لە وڵاتە دانەناوە و هەموو کات هەوڵیان داوە کورد بە میوان و کۆچەری و هەڵاتوو پێناسە بکەن. بە تایبەت لەوکاتەوە کە حیزبی بەعس دەسەڵاتی بە دەستەوە گرتوە فشاری زۆرتر خراوەتە سەر کورد. کورد لە سووریە زمانەکەی قەدەغە کراوەو حاشاکردن لە کورد لەو وڵاتە ئەو کاتە گەیشتە لوتکەی خۆی کە لە ڕۆژاوای کوردستان نەوت دۆزرایەوە. لەساڵی ١٩٦٢ دەوڵەتی سوریە لە کوردستان دەستی کرد بە سەرژمێرێ بەو مەبەستە کە لە ڕێگەی قانوونەوە کورد لە مافی هاووڵاتیبوون بێبەش بکا، چونکە کوردەکان دەبوایە بیسەلمێنن کە لە ساڵی ١٩٥٣وە لەو ناوچەیە دەژین کە سەلماندنی ئەوە پێویستیی بە دیکۆمێنت هەبوو کە زۆربەی کوردەکان لێی بێبەش بوون، هەر بۆیە بە هەزاران کورد لەو وڵاتە لەسەر خاکی خۆیان بێ ڕەگەزنامە مانەوە و لە مافە سەرەتاییەکانی ژیانیش وەک خوێندن و هەلی کار و مافی کرین و فرۆشتنی زەوی و زار بێبەش کران. ئەوان تەنانەت ئیزنیان نەبوو بە شێوەی ڕەسمی ژیانی هاوبەشیش پێک بێنن کە ئەوەش هەر لە پێناو بێبەشکردنی منداڵانی ئەو بنەماڵە کوردانە لە مافی هاووڵاتیبوون دەکرا. بە پێی مادەی ٣، فەقەرەی ج لە قانوونی مەدەنیی سوریە؛ «ئەو منداڵانەی لە دایک و باوکێکی بێ ناسنامە یا ناڕوون لە دایک دەبن دەتوانن ببنە خاوەنی ڕەگەزنامەی سووریە، بەڵام ئەو قانوونە کوردەکانی نەدەگرتەوە هەر بۆیە بە هەزاران کورد لەو وڵاتە بێ ناسنامە مانەوە و بەو شێوەیە لە هەموو مافە سەرەتاییەکانی مرۆیی و هاووڵاتیبوون بێبەش بوون.

## مافەکانی کورد لە عێراقدا

لە قانوونی بنەڕەتیی عیراقدا لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتی حیزبی بەعس دانیان بە بوونی کورد وەک نەتەوە دانابوو، بەڵام هەر لە ماددەی یەکەمدا دەڵی عێراق بەشێکە لە نیشتمانی عەرەبی کە ماناکەی ئەوە بوو شوێنێک بە ناوی کوردستان لەو وڵاتەدا نییە و ئەو خاکەی کوردی لە سەر دەژی، خاک و نیشتمانی عەرەبییە. ئێستا لە دوای نەمانی دەسەڵاتدارەتیی حیزبی بەعس و دامەزراندنی دەوڵەتی فیدرالی لە قانوونی بنەڕەتی ئەو سیستەمەی ئێستادا بە ڕوونی باس لەوە کراوە کە عێراق پێک هاتووە لە نەتەوە و دین و مەزهەبی جیاواز و عێراق بەشێکە لە دنیای ئیسلام و نەتەوەی عێراق بەشێکە لە ئوممەتی عەرەبی. لە بەشی دووهەمی ماددەکەدا بەئاشکرا کورد و پێکهاتەکانی دیکەی عێراق دەکا بە بەشێک لە نەتەوەی عەرەب، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قانوونی بنەڕەتیی ئێستای عیراق کۆمەڵێک مافی داوە بە کورد وەک یەکێک لە دوو پێکهاتەی سەرەکیی عێراق. هەڵبەت لە ماوەی ١٤ ساڵی ڕابردوودا ئەوەی کاری پێ نەکراوە قانوونی بنەڕەتی بووە لەو وڵاتەدا و پێکهاتەی شیعە کە زۆرینەی عێراق پێکدێنن، لە ڕێگەی پارلمانەوە وەک نوێنگەی قانوون زۆرتر کاریان ئەوە بووە دەسەڵاتی خۆیان بەربڵاوتر بکەن و بیر و ئەندێشەی خۆیان بێننە نێو قانوونەکانی عێراق، بە واتایەکی دی و لە ئاکامدا ئەوەی دەیبینین ئەمەیە کە لەبارەی کورد و مافەکانی هەر هەمان تێڕوانینیان هەیە کە حیزبی بەعس هەیبوو.

بەو خوێندنەوە کورتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە سیاسەتی دەوڵەتانی زاڵ بە سەر کوردستان هەر چەند لە شکل و ڕوخساردا وەک یەک ناچن، بەڵام ئامانجی هەمووان لەسەر مەسەلەی کورد ومافەکانی یەکە و تەنیا مەبەستیان ئەوەیە کە لە هەر ڕێگایەکی مومکین کە بۆیان دەست بدا، کورد لە نێو خۆیاندا بتوێننەوە هەر بۆیە ئینکاری کورد و مافەکانی بە قانوون دەکرێ بۆ ئەوەی لە نێو خۆی وڵاتەکاندا هەر کردەوەیەکی مافخوازانە بە پاساوی قانوون سەرکوت بکەن و بە بیروڕای گشتیی خۆشیان بڵێن ئەوانە دژی قانوون جوڵاونەوە و لە نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشدا دەست لە سەر ئەو خاڵە دابنین کە خەڵکی ئەو وڵاتە بە هەموو پێکهاتەی یەک میللەتە و هەر بۆیە ئەو مەسەلانەی کە ڕوو دەدەن پرسی نێو ماڵی خۆمانە و بە ڕێگەی قانووندا چارەسەریان دەکەین، بابەتێک کە هیچ وانییە و جەبری مێژوو بەسەر کوردیدا سەپاندوە.



سمایل شەرەفی

# چالاکانی مەدەنی و متمانەی کۆمەڵگا

## (ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە بوومەلەرزەکەی پارێزگای کرماشان وەک نموونە)

بە پێی نیشانە و دەرکەوتە کۆمەڵایەتییەکان، جموجۆڵ و چالاکیی مەدەنیی تێکۆشەرانی بوارە جۆراوجۆرەکانی ئەم ڕەهەندە لە خەبات لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خەریکە لە ڕووی «ئەرزش»ی و «بایەخ»ەوە شوێن و پێگەی خۆی وەدەست دەهێنێ. بەو مانایە کە ئەم شێوازە لە خەبات و، چالاکان و هەڵسووڕێنەرانی ئەم بزاڤە، خەریکە دەبنە جێی متمانەی کۆمەڵگا و بەلای خەڵکی کۆمەڵگاوە وەک «بەها» و «ئەرزش» چاویان لێ دەکرێ. بێگومان ئەم دەسکەوتە پڕبەها و بەنرخەش هەروا بە ئاسانی وەدەست نەهاتوە. بەڵکوو پاشخانێکی دەوڵەمەندی لە ئیرادە، هەزینەدان، تەسلیمنەبوون، بەردەوامی و دانەبڕان لە ناخی کۆمەڵگەی لە پشتە کە، لە قۆناغبەندیی ئەم بزاڤەدا شیاوی ئەوەیە بە وردی قسەی لە سەر بکرێ.

بە پێی تەبیعەتی نیزامی زاڵ بە سەر کوردستاندا، سەرەڕای بوونی کۆمەڵێک بەربەستی سیاسی و ئەمنیەتی لە بەردەم تێکۆشانی چالاکانی مەدەنی لە هەموو بوارەکانی فەرهەنگی، ئەدەبی، ڕاگەیاندن، ژینگەپارێزی، شاخەوانی و هتد، بزاڤی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە جووڵە نەکەوت و لە ڕووداوەکان دانەبڕا. ئەو بزاوتە نەتەنیا لە ڕووداوەکانی ناخی کۆمەڵگا دانەبڕا، بەڵکوو بەردەوام هەوڵی داوە بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕۆڵی پێشەنگ بگێڕێ و ئاراستەیەکی «مەدەنی» بە ڕووداوەکان ببەخشێ. ئەم دانەبڕان و بەردەوام لە گەڵدابوونە، توانی ببێتە زەمینەیەکی باش بۆ ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵگە بۆ لای خۆی و پاشان وەدەستهێنانی متمانەی کۆمەڵگە.

خەسڵەتی «خۆبەخشانە»ی هەڵسووڕاوان و چالاکانی ئەم بوارە لە درێژەی کار و چالاکییەکاندا، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لە سەر متمانەپێکردنی کۆمەڵگە لە سەر ئەم کەسانە و جۆری چالاکییەکانیان دانا کە، سەرەڕای ئەوەی کە «بەرژەوەندیی شەخسی» (چ لە ڕووی مادی و چ لە ڕووی پێگەی حقوقییەوە) لەم مەیدانەدا جێگەیەکی نیە، بەڵام دیسانیش ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ئەم مەیدانە کەسانی زیاتر لە خۆی دەگرێ. ئەمەش ڕاست بۆ «بەئەرزش»بوون و «بەهادار»بوونی ئەم جۆرە لە تێکۆشان دەگەڕێتەوە کە تاکە چالاک و هەڵسووڕەکان تیایدا هەست بە «بوون» و «شانازی» دەکەن.

بۆ سەلماندنی هەمووی ئەم ئیدیعایانە باشترین بەڵگە ئەوەیە کە پشت بە ڕووداوەکانی ئەم دوایيانە پێوەندیدار بە بوومەلەرزەکەی ٢١ی خەزەڵوەری ئەمساڵ لە پارێزگای کرماشان ببەستین.

هەر دوای تێپەڕینی کەمتر لە چەند کاتژمێر بە سەر ئەم ڕووداوەدا کە بەشێکی زۆر لە هاونیشتمانانمان لە چەند شار و ناوچەیەکی پارێزگای کرماشان بە هۆی بوومەلەرزەکەوە زیانی قورسیان لە ڕووی ئینسانی و ماڵییەوە لێ کەوت، خەڵکی زۆربەی زۆری شار و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەڵمەتێکی ئینسانی و نەتەوەییدا بە هەزاران تۆن کەل وپەل و پێداویستیی زەروورییان بۆ خوشک و برا بوومەلەرزە لێدراوەکانیان کۆ کردەوە و ناریانن. ئەوەی لەم نێوەدا جێی سەرنج و تێڕامان بوو، جۆری ڕێکخستنی ئەم ئیرادە ئینسانی و نەتەوەییەی خەڵک بوو کە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە چالاکانی مەدەنییەوە هەیە. ئەوان لە سەرجەم شار و ناوچەکانی کوردستان بە دانانی بنکە بۆ کۆکردنەوەی یارمەتییەکانی خەڵک و بڵاوکردنەوەی ئادرەسی بنکەکان، مەسیری کۆکردنەوەی یارمەتییەکانیان دەسبەجێ بە خەڵک نیشان دا. ئەوە بوو کە خەڵک لە هەموو شار و ناوچەکانی کوردستان یارمەتییەکانیان گەیاندە ئەو شوێنانە، کە ئەمە بۆ جۆرێک متمانەپێکردن دەگەڕێتەوە کە وەک باسمان کرد هەروا لە خۆڕا وەدەست نەهاتوە.

بۆ ئەوەی وردتر قسە لەم «متمانە»یە بکەین، پێویستە وەبیر بێنینەوە کە لە ڕەوتی کۆکردنەوەی یارمەتییەکان بۆ خەڵکی زیاندیتووی بوومەلەرزەکە، ڕێژیم هەوڵی دا لە ڕێگای هێندێک «ستادی بەسیجی گەڕەکەکان» و « ڕێکخراوی «هیلال ئەحمەر»ەوە ئەم یارمەتیانە لە خەڵک وەربگرێ؛ بەڵام وەک دیتمان خەڵک هیچ متمانەیەکی پێ نەکردن و یارمەتییەکانی خۆیان ڕادەست نەکردن و ڕوویان لەو شوێنانە کرد کە لەلایەن چالاکانی مەدەنییەوە چاودێری دەکران. لە نموونەی خۆیدا ئەم ڕەفتارەی خەڵک بەرانبەر بە متمانە پێکردن بە خەڵکانی چالاک و هەڵسووڕی خۆیان کە بە هەڵسووڕاوان و چالاکانی مەدەنی ناسراون، بێ‌وێنەیە.

ئەم متمانەپێکردنەی خەڵک توانی جۆرێک لە ڕێکوپێکی بە پرۆسەی کۆکردنەوەی یارمەتییەکان بدا و بە واتایەکی دیکە توانی ڕەفتاری کۆمەڵگە لەم نموونە جووڵە کۆمەڵایەتییەدا ڕێک بخا و ڕێک و پێکی پێ ببەخشێ. هەر لە کۆکردنەوەی قارەمانێک ڕێزیان لێ گرت. خەڵکی ئەم شارانە بە «داب و دەستوور»ی تایبەت و بەڕێوەبردنی ڕێورەسمی شیاو و لە هەمانکاتدا «ڕێکخراو» و بە بەرنامەی ڕێکوپێک کە نیشان لە «بەڕێکخراوبوونی ڕەفتاری کۆمەڵگە»یە، ڕێزو پێزانینی خۆیان نواند.

بێگومان جیا لەوەیکە چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکانی بزاڤی مەدەنی لە سەرجەم شارەکانی کوردستان ڕاستەوخۆ ڕۆڵی بەرچاویان لە جۆری ئەم ڕەفتارانەی خەڵکدا هەبووە، بە شێوەی ناڕاستەوخۆیش هەر ئەم کەسانە و بزاڤەکەیان کاریگەریی بەرچاویان لە سەر ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگا داناوە. بە شێوەیەک کە ئیرادەی خەڵک لە هەڵوێست و دژکردەوەکانیاندا خودبەخود لە بازنەیەکی بەربەرینی گشتیدا خۆی دەنوێنێ و شێوازێک لە خۆڕێکخستن بەخۆوە دەبینێ.



خەسڵەتی «خۆبەخشانە»ی هەڵسووڕاوان و چالاکانی مەدەنی لە درێژەی کار و چالاکییەکاندا، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لە سەر متمانەپێکردنی کۆمەڵگە بەم کەسانە و جۆری چالاکییەکانیان داناوە کە، سەرەڕای ئەوەی کە «بەرژەوەندیی شەخسی» لەم مەیدانەدا هیچ جێگەیەکی نیە، بەڵام دیسانیش ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ئەم مەیدانە کەسانی زیاتر لە خۆی دەگرێ، ئەمەش ڕاست بۆ «بەئەرزش»بوون و «بەهادار»بوونی ئەم جۆرە لە تێکۆشان دەگەڕێتەوە کە تاکە چالاک و هەڵسووڕەکان تیایدا هەست بە «بوون» و «شانازی» دەکەن

یارمەتییەکانەوە بگرە تا جۆری جیاکردنەوەی شت و مەکەکان و ڕێک و پێکی لە بەرێکردنیان بۆ پارێزگای کرماشان و دابەشکردنی بە بەرنامەیان لە نێو زیاندیتواندا، هەر هەمووی نیشانی دا کە لەگەڵ ئەوەیکە ئەم پرۆسەیە ڕێکخراوێکی دەوڵەتی لە پشت نەبوو، بەڵام «هەوڵ»ێکی ڕێکخراو و پلانمەندی لە پشت بوو کە بە خۆشییەوە وێڕای کۆمەڵێک کەند و کۆسپ و بەربەستی مەیدانی کە دەسەڵاتی سیاسیی لە تاران بۆی درووست دەکا، هیوابەخشە.

جۆری پێشوازی و ڕەوانەکردنەوەی تەرمی نەمر ئەبووبەکر مەعرووفی، یەکێک لەو خێرخوازە خۆبەخشانەی کە بە ماشینەکەی خۆی یارمەتییەکانی خەڵکی لە بۆکانەوە بۆ کرماشان گواستبۆوە و بە هۆی وەرگەڕانی ماشێنەکەیەوە هەر لەو ڕێگایەدا گیانی لە دەست دا، نموونەیەکی دیکەی ڕێکخراوبوونی ڕەفتاری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە جێی خۆیەتی سەرنجی تایبەتی بدرێتێ. دوای گیان لەدەستدانی ئەم کەسایەتییە خۆبەخشە، خەڵکی ئەو شار و ناوچانەی کە جەنازەی ناوبراویان لە کرماشانەوە بۆ بۆکان پێدا تێپەڕ دەبوو، بە هەزاران کەسیان بە بەدەستەوەگرتنی پلاکارتی تایبەت و دەستە گوڵ و نوێژکردن لە سەر تەرمەکەی، وەک

کە وابوو ڕووداوەکانی ئەم چەند ڕۆژەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەریانخست کە «چالاکییە مەدەنییەکان»_ ئەگەر بە بزووتنەوەیشیان ناو نەبەین_توانیویانە هەست و ئیرادەی تاکەکانی کۆمەڵگا، لە بازنەیەکی بەربەرینی گشتیدا ڕێک بخەن و جۆرێک لە ڕێکخراو بوون بە ڕەفتاری کۆمەڵگا ببەخشن.

دوا قسە ئەوەیە کە پێوستە چالاکانی مەدەنی ئەم متمانەیە بە هەموو قیمەتێک بپارێزن و زیاتری بچەسپێنن. متمانەی خەڵک بەو مانایە دێ کە کۆمەڵگا بە چاوی «ئەرزش» و «بەها»وە دەڕوانێتە جۆری تێکۆشانی ئەوان. بۆیە ئەم متمانەیە تەنیا بە ئەرزش و بەها ئینسانی و نەتەوایەتییەکانی ئەوانە کە دەتوانێ پارێزراو بێ. هەر وەک تا ئێستا ئەم بزاڤە نیشانی داوە، هاوکات لەگەڵ ڕێکاری مەدەنیانە، پێویستە جەوهەر و ناوەرۆکی شوناسخوازانەی نەتەوەیی خۆی ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ بەهێز بکا و، وێڕای هەڵگرتنی گوتاری مەدەنی، بە تەبەعییەت لە پرسە گەورە نەتەوایەتییەکە، پێداگری لە سەر بەرژەوەندییەکانی خاک و خەڵکی کوردستان بکا.

درێژەی:

# کۆماری ئەخلاق لە درێژەی کۆماری کوردستاندا

هەر باسی «دەوڵەتی جمهوریی کوردستان» دەکەن. زۆر جاریش کوردەکانی پارچەکانیتر و توێژەرانی ئەم بوارە دەپرسن ئەوە چۆنە کوردەکانی ڕۆژهەڵات وەها دڵپاکانە بەپیر نەهامەتی و خۆشی پارچەکانیترەوە دەچن و هەروەها بۆ باسە نەتەوەییەکانی خۆیشیان لە هەر دین و ئایین و حزب و لایەنێک بێ، یەکگرتوون؟ بۆیە منیش ناچار بووم بەدوای وەڵام و گەڕان بەدوای چەمکی دەوڵەتەوە بم. چەمکی دەوڵەت لە باس و خواسی توێژەرانی بواری سیاسەت و زانستی سیاسەتدا پێگەیەکی سەرەکی هەبووە چونکە دەوڵەت گرنگترین سەرچاوەی ڕێسا و جێبەجێکردنی یاسا و دابینکردنی بایەخە مادی و مەعنەوییەکان دێتەهەژمار و کاری سەرەکیشی سەقامگیریی ئاسوودەیی و ڕێکخستنی ئەندامەکانی کۆمەڵگەی سیاسییە بۆ ئەوەی هاووڵاتییان لە بەختەوەریدا بژین. لە زانستی سیاسەتدا بۆ ئەوەی کە دەوڵەت بگاتە ئەو قۆناغەی کە باسی لێوە کرا، بۆچوون و ڕێگە و شێوازی جۆراوجۆر وتراوە.

بەشێکی بەرچاو لە بیرمەندانی زانستی سیاسەت بۆ دانانی کۆمەڵگەیەکی بەپرەنسیب و سەرکەوتوو و شارستانیانە، بەدوای شێوازگەلی ئەخلاقییەوە بوون و هەندێ چەمکی وەکو ئەخلاق، بەهاکانی کۆمەڵایەتی و.. هێناوەتە نێو ئەدەبیاتی سیاسییانەوە.

باروخ ئیسپینۆزا (١٦٣٢-١٦٧٧ز) فەیلەسووفی هۆڵەندی سەبارەت بە دەسەڵاتی دەوڵەت بەپێچەوانەی توماس هابز (١٥٨٨-١٦٧٩ز) فەیلەسووفی بەریتانی کە ڕای وابوو حکوومەت دەبێ دەسەڵاتی تەواوی هەبێ و خەڵک لە ترسا ئیتاعەتی لێ بکەن، ئیسپینۆزا باسی ئەخلاقی مرۆڤایەتی لە بەڕێوەبەریی حکوومەتدا دەکا و ڕای وایە کە خەڵک دەبێ ئازاد بن و ئیتاعەتیان لە دەوڵەت بەهۆی ئومێدەوە بێ بۆ داهاتوویەکی گەش، نەک لە ترسا بێت. ئەو بەرگرییەکی بەهێز لە کۆمەڵگەیەکی کراوە و بەدوور لە ئایدۆلۆژیایەکی تایبەتەوە دەکات و دەربارەی ئامانجی حکوومەت دەڵێت: «حکوومەت دەبێ ڕێگریی بکات لەوەی کە خەڵک لەبەر نەفرەت، تووڕەیی، بێمتمانەیی و ڕق شەڕی یەکتر بکەن. ئامانجی حکوومەت دەبێ ئازادیی بێت».

گێئۆرک ویلهێلم فرێدریش هێگڵ (١٧٧٠-١٨٣١ز) فەیلەسووفی گەورەی ئەڵمانی ڕای وایە، هەبوونی دەوڵەت بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو، پێویستە. ڕەخنەگرانی هێگڵ ڕایان وایە ناوبراو بەقەدەر باروخ ئیسپینۆزا خۆی لە کراوەیی کۆمەڵگە نادا بەڵام ئەوە هێگڵ_ە کە ڕای وایە «مرۆڤەکان نەک کۆمەڵایەتی بەڵکو دەوڵەتمەند و سیاسیشن. بوونی دەوڵەت لەناکاو نییە و بەهۆی پرۆسەیەکی درێژخایەنی مێژووییەوە کە بۆ سەردەمی یۆنان دەگەڕێتەوە، دروست بووە».

هێگڵ، دەوڵەت لە سێ مانادا بەکاری دێنێ کە لە ڕاستیدا هەر سێکیان بەشێکن لە یەک حەقیقەت بەڵام لە سێ ئاستی جیاوازدا. ئەو سێ مانایە بریتین لە: دەوڵەتی دەرەوە «کۆی یاساکان»، دەوڵەتی سیاسی «دەوڵەت بەپێی ناوەندگەلی تایبەتی حکوومەتی»، دەوڵەتی ئەخلاقی «مانای تەواو و گشتگیری بیرۆکەی هێگڵ». چەمکی دەوڵەتی ئەخلاقیی هێگڵ، کامڵترین مانای دەوڵەتە و هەموولایەنەکانی ئەو دوو دەوڵەتەکەی تر لە بەرزترین ئاستدا لەخۆ دەگرێ. لەم دەوڵەتەدا ئینسان بەوپەڕی پێگەیشتوویی مێژوویی خۆی گەیشتووە و مانای ئەخلاقی کۆمەڵایەتی و بەهاکانی ژیان و چوارچێوەی دەوڵەت و ئەخلاقی ناوەندەکان دەزانێت. لە دەوڵەتی ئەخلاقیدا ئینسانەکان بەوپەڕی وشیاریی و ئیرادەی تاکەکەسی گەیشتوون و ئەم تواناییەش لە کردەوەکانیان لە دامەزراوە و ناوەندەکاندا بەئاشکرا خۆ دەنوێنێ. نەریتەکان و ڕێساکانی بەهای مرۆڤایەتی لە چوارچێوەی کاری هاوبەشی ناوەندەکاندا هەن و ئیتر بەشێکە لە ڕەفتاری ڕۆژانەی هاووڵاتییان کە بەئیرادەی خۆیانەوە هەڵیانبژاردووە و هیچ دەسەڵاتێکی سەرکوتگەریش ناتوانێ پێش بەم ئیرادە و ڕەفتارە بگرێ چونکە ئیتر ئەخلاقی کۆمەڵایەتی بووەتە نێوەڕۆکی ئیرادەی هاووڵاتی و هەڵسەنگاندنی ناوەندەکانیش هەر بەپێی ئیرادەی تاکەکەس بۆ ئامانجی ئازادی و پێکەوژیانە.

ئەو دەوڵەتانەی کە مەبەستیان گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووە زۆر هەوڵیان داوە بەم دەوڵەتی ئەخلاقە بگەن و پێناسەگەلی جۆراوجۆر و هەوڵی جیاوازیان بۆ داوە و بیرمەندانی سیاسیش لە قەیرانگەلی سیاسی وڵاتەکەیاندا هەندێ ڕێگەچارەیان بە سەرۆکانی خۆیان داوە. لە ئێرانیش هەندێ لە سیاسەتمەدار و بەرپرسانی سەرووی دەسەڵات ئەم چەمکەیان بەکار هێناوە و بەڵێنی وەدیهاتنیان داوە بەڵام دەسەڵاتی ناوەندی تاران تەنیا کاتێک دژی مافی نەتەوەکانی جوغرافیای ئێران شەڕی نەکردووە و بەدوای ئاشتیخوازییەوە بووە کە بێدەسەڵات بووە. دەوڵەتی دینی لە ئێران کە ڕێژیمی ویلایەتی فەقیە بانگەشەی نموونەیەکی ئارمانی لە دەوڵەتی ئەخلاقی دەکرد، کارنامەی ئەم ساڵانەی دەسەڵاتی ڕێک پێچەوانەکەی دەسەلمێنێت و متمانەی نەک لای کورد بەڵکو تەنانەت لە تارانیش لەدەست داوە و دیتمان لە ڕووداوی یارمەتیدانی خەڵکی لێقەوماوی بوومەلەرزە لێدراوی پارێزگەی کرماشان ئەو خەڵکەی تاران کە یارمەتیان کۆکردبۆوە خۆیان یارمەتییەکانیان دەگەیاند و لە بەشی ڕاستەوخۆی تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی باسی گوێنەدانی دەوڵەتیان بە وەزعی خراپی ژیان و گوزەرانی خەڵک دەکرد.

بۆیە لە کۆتاییدا دەربارەی ئەو پرسیارەی کە بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵات لە بەرخۆدانی مەدەنیاندا وەها دڵپاکانە بەبێ جیاوازیی لەگەڵ شایی و خەمی پارچەکانیتر و هەروەها شار و گوندەکانی خۆیشیانن، دەگەینە ئەو وەڵامی چونکە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆی بەدرێژەدەری سەرکۆمار پێشەوا قازی محەمەد دەزانێ کە ئامادە بوو بۆ مانەوە و ژیانی نەتەوەکەی لە سێدارە بدرێت و بناخەدانەریی پەیامی مەدەنییەت و ئاشتیخوازیی لە نیشتمانەکەی بێ و بیسەلمێنێ کە لە سەردەمی درۆ و فرت و فێڵ لە سیاسەتی دەوڵەتاندا، دەکرێ لەگەڵ میللەتەکەی خۆت کە هەر ئەوانیش لە دواڕۆژی تەنگانەدا پەنا و پشتیوانتن؛ ڕاستگۆ و فیداکار بیت و ئەخلاق و دەوڵەت بەیەکەوە گرێ بدرێت.

ئەگەر ساڵەهایە کۆماری کوردستان وەکو جوغرافیایەکی سیاسی نەماوە بەڵام بەرهەمەکەی واتە کۆمەڵگەیەکی هاودڵ و پشتیوانی یەکتر لە جوغرافیایەکی بەرینتر لە کۆماری کوردستانی ئەوکات کە هەموو ڕۆژهەڵاتی گرتووەتەوە، زیندووە و وشیارە و هیچ دەسەڵاتێکی سەربازییش ناتوانێ سەرکوتی بکات و بەرخۆدانی مەدەنی خەڵکی ڕۆژهەڵات بەگرتنەپێشی ئەخلاقێکی ئینساندۆستانەی بەرفراوان وەها لە گەشەدایە کە ڕووناکییەکەی کوێریی چاوی داگیرکەری پێوە دەبێ.



ئیسلامی سیاسی

[و ڕەوتە گرینگەکانی لە ئێران دا]

(٣٢)

حەسەن حاتەمی

**دژایەتیی ڕۆژئاوا لە ئێراندا**

لەپێش شۆڕشی مەشرووتە بەو لایەوە تا ئێستا کە دەکرێ ١٧٠ ساڵ وەکوو بناخە چاو لێ بکرێ، بیروڕای نوێگەرایی لە لایەک و سوننەتگەرایی تێکەڵاو لەگەڵ ئاپینی ئیسلامیی_ بە فرە مەزهەبی یەکەشییەوە_ لە لایەکی دیکە لە ململانێکی بێپسانەوە دابوون. شۆڕشی مەشرووتە و دەسکەوتەکانی تاڕادەیەک بە لای نوێگەراییدا، شکایەوە.

لە دەیەی دوویەمی دەسەڵاتی ڕەزا شا دا، ئاڵوگۆڕەکان بۆ لای ژیاری و دامەزرانی بنەماکانی مودێرنیسم پتر جێگیر بوون. بەڵام لە نێو کومەڵگەدا، قووڵایی کارتێکەرییان کەمتر بوون. بۆچوونی «سیاسەتی ئێمە دیانەتی ئێمەیە و دیانەتی ئێمە سیاسەتی ئێمە»، لایەنگری بەهێزی هەبوو. مودەڕریس ئیدئۆلۆگی ئەو بیرە بوو.

لە ساڵی ١٣٢٠ ەوە دامەزرانی حیزب و ڕێکخراوەکان پتر پەریان ئەستاند و زۆربەیان لە گەرمەی شەڕی دوویەمی جیهانی یا دوای ئەوکات دامەزران. ئەو حیزب و ڕێکخراوانە هەم سەرانسەری بوون و هەم ناوچەیی. ئەوان، کاریگەریی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایان بە جۆری ڕاستەخۆ یا ناڕاستەوخۆ لەسەر بوو. ئیسلامییەکانیش بەرەو دامەزرانی حیزب و ڕێکخراوەی خۆیان هەنگاویان نا.

چەپ ئاژۆیی، بە هۆی شۆڕشی ئوکتۆبری ڕووسیە ١٩١٧ (١٢٩٦) و بوونی بە یەکیەتیی سۆڤیەتیی و یەکێک لە براوەکانی شەڕی دوویەمی جیهانی، بۆ زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئورووپا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی لەو قاڕڕەیەدا، پەلی هاویشت و پێگەیەکی بەرفراوانی چێ کرد. چەپ لە بواری بەرنامە و دروشمی ئازادی و یەکسانی لەنێوان مرۆڤەکاندا، لایەنگر و ئۆگری زۆری هەبوو. بلووکی سۆسیالیستی، حیزب و ڕێکخراوە چەپ و سۆسیالیستەکان لە وڵاتانی سەرمایەداری و بزووتنەوە ئازادیخوازییەکان لە جیهانی سێیەمدا، ئەو بەرەیە بوو کە دژ بە ئیمپریالیزمی جیهانی بە ڕێبەری ئەمریکا، تێ دەکۆشا.

ڕۆژئاواییەکان پتر لە حاڵەتی بەرگریدا بوون. ئازادی، دێمۆکراسی، فرە حیزبی و هەڵبژاردنی دێموکراتیک و جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤیان کردە بناخەکانی ژیان و هەڵسوکەوتەکانیان و بەیاسایی کردنیان. بۆ ململانێ لەگەڵ بلووکی سۆسیالیستی و گەشەی چەپ، ڕۆژئاواییەکان ئیمتیاز گەلی زۆریان بۆ زۆربەی دۆست و هاوپەیمانەکانیان دەستەبەر دەکرد.

لە ململانێی شەڕی سارددا _کە ئەمریکا و شووڕەوی سەر بلووک بوون و پتر لە ٥٠ ساڵی کێشا_ کودێتا گەلێکیان لە هێندێک وڵات کرد. ئەو دوو لایەنە هەوڵی بەردەوامیان دەدا دەسەڵاتی خۆیان جێگیر کەن، بۆیە هەوڵی کارتێکەریی خۆیان، لە هەموو جیهاندا دەدا.

ئێران کە گرینگیی چەند لایەنەی هەبوو و جیرانی ڕووسیە و یەکیەتیی سۆڤیەتی بوو، لە ماوەی ٤٤ ساڵدا سێ کودێتای لێ کرا. _ محەممەد عەلی شای قاجار، ١٢٨٧، ڕەزا خانی میر پێنج_ کە پاشان بوو بە ڕەزا شای پەهلەوی_ ١٢٩٩و محەممەد ڕەزا شا١٣٣٢.

لە کودێتاکانی دوویەم و سێیەمدا، ڕۆژئاواییەکان بەتایبەتی ئینگلیس و ئەمریکا، بۆ بەرگری لە پێشڕەویی چەپ یا کۆمۆنیزم، بەیارمەتیی هاوکارە نێوخۆییەکانیان گەڵاڵە داڕێژەر، دابینکەری ماڵی و پشتیوان بوون. بەڵام بەهۆی قوڵبوونی ڕیشەی ئیسلامی و زۆرینەی مەزهەبی شیعە و فەزای دژی ئیمپریالستیی و کردەوەی ڕێکخراوەکانی لەو چەشنە، بیری لیبڕالیستی و فەرهەنگی ڕۆژئاوایی، گەشەی پێویستی نەکرد و مافی ڕەوای پێکهاتەکانی فرەگەلیش لە ئێراندا، گرینگیی پێ نەدرا.

لەدوای تەواوبوونی شەڕی دوویەمی جیهانی و دەستپێکی شەڕی سارد، حکومەتی میللیی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان ڕووخێندران و ڕێبەرانیان لە سێدارە دران یا لە هەندەران گیانیان لێ ئەستێندرا. تێکۆشەرانی سیاسی و نەتەوەیی و حیزبەکانیان کەوتنە نێو بازنەی ئەسڵی ٤ی ترۆمێن_ سەرکۆماری ئەوکاتی ئەمریکا_ و دژایەتیان لەگەڵ کرا. (١) چالاکەکانی دژی ئیمپڕیالیست و مافی نەتەوەیی، سەرکووت و تەپەسەر و زیندانی کران یا دوور خرانەوە. ئەو کردەوانەش بۆ قبوڵی هێژموونی ڕۆژئاوایی لەو ناوچانە و تەنانەت لەنێو بلووچ، عەرەب و تورکمەنەکانیشدا_ کە ئەوانیش سەرکوت کراو و ماف پێشێلکراو بوون_ نەتوانرا بەتەواوی داسەپێنرێ.

زۆربەی ئیسلامییەکان، مەشرووعەخوازی لە زەمانی مەشروتەدا، دژایەتیی لەگەڵ دامەزرانی وڵاتی ئیسرائیل و پشتیوانیان لە کودێتای دژی د. موسەدیق کرد. دواتر بەناوی «ئیسلامی شۆڕشگێڕ» بە دژی پێشکەوتوویی و ڕیفۆرم لە ساڵی ١٣٤٠ دا، یارمەتیدەری بەرەی دژی ڕۆژئاوا بوون.

لە ماوەی ٣٧ ساڵی دەسەڵاتی پەهلەویی دوویەمدا، جگە لە ئیسلامییەکان و لەنێو ئەوانیشدا، زۆربەی شیعە و تا ڕادەیەکیش سونییەکان، چەپ و نەتەوەخوازەکانی لۆکالیش دژی ڕۆژئاوا بوون. بۆیە لەو ململانێیەدا، ڕۆژئاوا و بەتایبەتی لە دوای کودێتای سێیەمەوە ئەمریکا، وەک ئادرەسێکی بەهێز لە بەر هێرش و زار و زماناندا بوو.

دوو کەسی نووسەر و خاون کتێب و سوخەنرانی زۆر لەنێو ئیسلامییەکاندا، جەلال ئالی ئەحمەد و د. عەلیی شەریعەتیی بۆ ماوەی نزیک ٣٠ ساڵ بە دژی ڕۆژئاوا و ئەمریکا هەوڵی بەرچاویان دا. ئەوان لە نێو کۆمەڵگەی زانستگەییدا، کاریگەرییان هەبوو.

کودێتا دژی دەوڵەتی د. محەممەدی موسەدیق، و کوشتن و بریندار و زیندانیکردنی خوێندکارانی زانکۆی تاران لە ڕۆژی ١٦ ی سەرماوەزی ١٣٣٢ دا، قبووڵنەکردنی ئۆپۆزیسیۆن و ناڕازیەتییەکان لە چوارچێوەیەکی عەقڵانیدا، و ئیجرانەکردنی یاسای بەرایی و پشتکردن لە مەشرووتەخوازی، بیر و کردەوەکانی پتر بۆ لای چریک بوون و شەڕی چەکداری لە شار و لادێ برد. زانکۆکان بەهێزترین پێگەی هزری و کردەوەیی شەڕی چریکی بوون. لە دنیاشدا، تا ڕادەیەکی زۆر ئەو بیرە لە ئارا دابوو. شەڕی چریکی لە ئەمریکای لاتین، ئەفریقا و ئاسیا، سەرکەوتنەکانی لە کووبا، ئەلجەزایر، ڤیتنام، بوونی جووڵانەوی چەپ و چریکی لە زۆر شوێن، وزەبەخش بوون.

لەنێو زانکۆکانی ئێرانیشدا، دوو ڕێکخراوەی بەهێزی چریکە فیداییەکان و موجاهیدینی خەڵق، ڕوویان لە شەڕی چریکی کرد و ژمارەیەک لە خوێندکارانیان بۆ ئەو مەبەستە سازمان دا. پێش ئەوانیش حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، جووڵانەوەیەکی بەهێزی دژی ڕێژیمی سەرەڕۆی پەهلەوی دوویەم وەڕێ خستبوو. لە بوارەکانی دیکەشدا، وەک: فەرهەنگ و ئەدەبیات، هونەر و سینما و.... دژایەتیی ئەمریکا، پتر دەکرا.

بەگشتی ڕۆژئاوا لە چوارچێوەی پیلانگێڕێکی ڕەشدا، چاوی لێ دەکرا. لەم بارەیەوە برایم ئەسغەر زادە دەڵێ: کاتێک دەچوویە زانکۆ، فەزا چاویلکەیەکی لەچاوانی دەکردی کە ساکارتر کۆمەڵگەی پێ ببینی. لایەک ڕەش و لەیەکی دیکەش سپی بوو. لایەک دێو و لایەکەی دیکە دڵبەر یا فریشتە بوو. (٢)

**سەرچاوەکان**
١) ویکی پدیا، دانشنامەی آزاد
٢) گفتگوی حسین دهباشی با ابراهیم اصغرزاده، یوتیوب، خشت خام، قسمت ١٦

# کۆماری ئەخلاق لە درێژەی کۆماری کوردستاندا



ئازاد مستۆفی

بەپێی قسەی بەرپرسان و کارناسانی بوومەلەرزە، یەکشەممە ٢١ی خەزەڵوەر کاتژمێر ٩ و ٤٨ خولەکی شەو بەکاتی ئێران، لە ٣٠ کیلۆمەتری باکووری ڕۆژاوای سەرپێڵی زەهاو و ٣٢ کیلۆمەتری باشووری ڕۆژهەڵاتی هەڵەبجە، بوومەلەرزەیەک ڕووی دا کە ١٥٠ ملیۆن نەفەر لە ئێران و عێراق هەستیان پێ کرد. پیرحسێن کولیوەند سەرپەرشتی فریاگوزاریی ئێران لە سەرەتای ڕووداوەکەدا ڕایگەیاند ٤٣٠ کەس کوژراون و حەوت هەزار و ١٥٦ کەسیش بریندار بوون. لە عێراقیش بەپێی ئاماری خاچی سوور ٩ کەس کوژران.

سبەی ڕۆژی بوومەلەرزەکە، ڕاپۆرتەکانیی مەیدانی ئاشکرایان کرد کە زۆربەی زیانەکە لە ناوچەکانی پارێزگەی کرماشان بەتایبەت سەلاسی باوەجانی و سەرپێڵی زەهاوە و داوای بەهاناوەهاتنی بەپەلەیان کرد و ئاماری کوژراوەکان بەردەوام خۆی لە هەڵکشان دەدا و بەرپرسانی دەوڵەتیش هیچ دەنگێکیان نەبوو تەنانەت ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ئێرانیش دۆخەکەی نەدەگواستەوە و ماتەمینیی پێوە دیار نەبوو.


دەنگۆی ئەوەی ئایا بەڕاستی بوومەلەرزە بووە یان نا لە تۆڕەکانی کۆمەڵایەتیدا بڵاو بووەوە و وەکو هەمیشە ئەم بێباوەڕییە بە دەسەڵات وایکرد کە هەر کورد پشتی کورد بگرێ. بۆیە سەرانسەری ڕۆژهەڵات هەڵمەتێکی بەرفراوانی یارمەتی کۆکردنەوەیان دەست پێکرد و لە بواری گواستنەوەی هەواڵ و ڕاپۆرتیشەوە سەبارەت بە وەزعی ژیانی لێقەوماوان، ڤیدیۆ و وێنەکان لە هەموو شوێنێکەوە بڵاو دەکرایەوە. ئێران نەیهێشت ڕۆژنامەنووسانی بیانی سەردانی پارێزگەی کرماشان بکەن و لە ڕووماڵکردنی هەواڵەکاندا بەشیان هەبێ؛ بۆیە تەلەفزیۆنەکانی خەبەریی لە ئەورووپا بۆ نموونە فەڕانسە کە باسی بوومەلەرزەکەی ئێرانیان دەکرد هەر وێنەی باشووری کوردستانیان دادەنا. تەنانەت لە پێشاندانی یارمەتیی خەڵک بۆ لێقەوماوانی بوومەلەرزەکەش تەلەفزیۆنی ئێران، وێنە و ڤیدیۆکانی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی بڵاو نەدەکردەوە و هەر گرنگی بە شارەکانی دیکە دەدا.

کۆماری ئیسلامی ئێران کە هەستی بە بێزاری هەرچی زیاتری خەڵک لە دەسەڵات کرد، ڕوحانیی سەرکۆماری نارد بۆ نێو خەڵکی بەڵالێدراو و ئەویش هەر لە نێو ئۆتۆمبێلەکەیەوە بێ ئەوەی دابەزێ لەکاتێکدا هەوڵی دەدا لەم دەرفەتە بۆ شەڕی دەسەڵاتی خۆی کەڵکوەربگرێ و ڕەخنە لە پرۆژەی «مسکن مهر»ی ئەحمەدینەژاد بگرێ –کە دیارە بەشێکی بەرچاو لە زیانەکان و کوژراوەکان هی ئەو بینایانەن-؛ دەستی کرد بە وەسفی هێزەکانی سەرکوتکەری سپای پاسداران کە بەهوتافکێشانی خەڵک بەناچاری شوێنەکەی چۆڵ کرد.

**بوومەلەرزەکە هێندە بەقووەت نەبوو لێکمان جیا بکاتەوە**

بوومەلەرزە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دا و کوژراو و بریندار و ماڵوێرانی زۆریشی بۆ ڕۆژهەڵات بەدواوە بوو بەڵام هەستی پاک و بێگەردی خەڵکی مرۆڤدۆست و کوردپەروەری ڕۆژهەڵاتی پتر بەیەکەوە نێزیک کردەوە و هەر دامودەزگە و قوتابخانە و گەڕەک و ماڵێک بۆ خۆی ناوەندێکی کۆکردنەوەی یارمەتی بوو کە نەیاندەویست هەوڵی خۆبەخشی نەتەوەی زوڵملێکراوی کورد، دوو دەستی تەحویلی دامودەزگەی حکوومەتی ئێرانی بدەن. بۆ نموونە ئەگەر لەسەر جادەی هەر شارێکی ڕۆژهەڵات دوو خێمە دەبینرا کە یەکیان هی ناوەند یان کەسێکی باوەڕپێکراوی شارەکەیە و ئەویتریان هی دامودەزگەیەکی حکوومەتە، خەڵک یارمەتیی خۆیان بە حکوومەت نەدەدا و دەچوونە لای ئەو خێوەتەی کە بە هی خۆیانیان دەزانی و دڵنیا بوون یارمەتییەکەیان لەلایەن سپای پاسدارانەوە نادزرێ و بەدەستی کەسێک دەگا کە پێویستی پێیەتی. ئیتر لە تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی بابەتی بێسوود نەدەبینرا ئەوەی بوو بەپەلە پەیامناردنی کەسانی خێرخواز بوو کە فڵانەگوند یارمەتی بۆ نەچووە و بەڵکوو فریا کەون کە فڵانە شتومەکمان پتر پێویستە. ڕۆحی نەتەوەیی کورد ئیرادەی وەبەرخۆ کردبوو کە ئەمە نیشتمانی داگیرکراوی خۆیەتی و هەر خۆیشی دەبێ بەهانایەوە بچێ و سەروگیانی بۆ دابنێ. هەڵمەتی پشتیوانی مادی و مەعنەوی هەموو شار و گوند و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ورمێوە بگرە هەتا ئیلام و لوڕستان و کوردەکانی تاران و خوراسان و دەنگدانەوەی ئەم یەکدڵییە وایکرد کە مرۆڤدۆستانی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش لە هونەرمەندەوە بگرە هەتا وەرزشکار و مامۆستای زانکۆ و وەکیلی دادگوستەری و هتد، وەدوای یارمەتیدانی خەڵکی کوردی پارێزگەی کرماشان بکەون و بەچاوی خۆیان ببینن کە دەسەڵاتی ئێران چەندە درۆزنە و چۆن کۆسپ دەنێتەوە بۆ گەیاندنی یارمەتیی خەڵکی خۆبەخش و هەروەها ببینن کە بەهەموو شێوەیەک ئایەتوڵڵاکان ڕێگریی دەکەن لەوەی یارمەتی بگاتە دەست دانیشتووانی گوندەکانی کوردی سوننە و کوردی ئەهلی هەق.

ئەم دۆخە دەسەڵاتی ئێرانی زیاتر پەشۆکاند و ئیتر لەوە ترازابوو کە دەسەڵاتی داگیرکەری کوردستان پێش بەم هاودڵییە بگرێ و ئەوەی لەم نێوەندەدا خەمی زەوی لەرزەکەی کەم دەکردەوە ئەم شەپۆلی ئینساندۆستییە بوو کە حکوومەتی شەرمەزار کردبوو.



**دووەم حەماسەی مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

ڕۆژانی ٢٥ و ٢٦ی مانگی خەزەڵوەر دوو خێرخواز بەناوەکانی «ئەبووبەکر مەعرووفی» خەڵکی بۆکان و «میلاد ئەحمەدی» تازەلاوی ٢٠ ساڵەی خەڵکی دالاهو، بۆ یارمەتیدانی خەڵکی لێقەوماوی بوومەلەرزە لێدراو چووبوونە ناوچەکانی سەرپێڵی زەهاو کە بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆوە گیانیان لەدەست دا.

خەڵکی ڕۆژهەڵات لە شار و گوندەکانی پارێزگەی کرماشانەوە بگرە هەتا پارێزگەی سنە و شاری بۆکان، بە لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی و نووسینی دروشمگەلی کوردایەتی و بەدەستەوەگرتنی گوڵ، هاتنە سەرجادە و ئەوپەڕی ڕێزی سەرکردەئاسایان لە کەسێک نا کە بۆ یارمەتیی خەڵکی کرماشان، گیانی فیدا کردبوو. ئەم دووبارە نواندنە مەدەنیانەی خەڵکی کوردپەروەر و ئەمەگداری ڕۆژهەڵات، دەسەڵاتی ئێرانی زیاتر وەزاڵە هێنا.

هەردوو دەسەڵاتی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی ئێران بەدرێژایی مێژوویان سەبارەت بەسەرکوتکردنی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد سیاسەتی دووبەرەکیان پەیڕەو کردووە واتە هەوڵیان داوە بەناوی جیاوازیی مەزهەبییەوە لە نێوان کوردی ڕۆژهەڵات دووبەرەکی بنێنەوە. کورد لە ڕۆژهەڵات بەو شعوورە سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە کە هەمیشە هەیبووە دوژمنی ڕنج بە خەسار و دڵسارد کردووە و سەلماندوویەتی کورد یارسان بێ یان سوننە، شیعە و... هەر کوردە و کرماشان و ئیلام بەشێکی دانەبڕاون لە کوردستان. لە گەڕاننەوەی تەرمی شەهید ئەبووبەکر مەعرووفی بۆ زێدەکەی خۆی واتە بۆکان، ئیتلاعاتی ئێران زۆر هەوڵ دا وا بکا ئاپۆرای خەڵک پەرتەوازە بکا و نەهێڵێ بەرخۆدانی مەدەنی پیلانەکانی دەسەڵات پووچەڵ بکاتەوە، چونکە ئێران لە هەر جۆرە گردبوونەوەیەکی خەڵک دەترسێت و بە لەرزۆکبوونی ستوونەکانی دەسەڵاتی خۆی دادەنێ؛ بەڵام هەر بەو جۆرەی کە مێژوو تۆماری کرد سەرکەوتن هەمیشە بۆ ئیرادەی گەلی وشیار و زیندووە و دووبارە توانیان پیلانەکانی دەسەڵاتی تیرۆر و داگیرکاریی ئێران، پووچەڵ بکەنەوە.

وێنە و فیلمەکانی شارەکانی ڕۆژهەڵات کە لەسەر جادە وەستاون بۆ پێشوازیکردن لە تەرمی شەهید ئەبووبەکر کاتێک دەیبینی هەرچەند چاو و دڵ لەو هەموو هەستە پاک و بێگەردە کە نموونەی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەگمەنە و دەتگریێنێ بەڵام باوەڕیشت پێ دێنێ کە هەموویان ماڵباتێکن و یەک خەمیان هەیە. ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەر دەرفەتێکدا پێویست بووبێ پشتیوانی باکوور بووە بۆ باشوور برای لەفەدووانە بووە و بۆ ڕۆژاواش شەهیدی پێشکەش کردووە. شەهید ئەبووبەکر مەعرووفی لە ڤیدیۆیەکیدا کە هی پێش دواسەفەریەتی، بەدەنگە خۆشەکەی باسی ئیرادە بۆ سەربەخۆیی نیشتمانەکەی دەکا خواستێک کە لە دڵی هەر کوردێکە وا خۆی بە درێژەدەری کۆماری کوردستان دەزانێ. پێشوازیی بەرینی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە تەرمەکەی بە ڕۆحی ئەو نەمرە و شەهیدانی تری کوردستانی سەلماند کە کۆماری کوردستان لە دڵدا زیندووە و وەدیهاتنی نێزیکە.

**«کرماشان ڕۆژهەڵاتە، کوردستان یەک وڵاتە»**

لەو درووشمانەی کە لە شاری سنە بۆ پێشوازی لە تەرمی شەهید ئەبووبەکر مەعرووفی بەرز کرابۆوە و ئاپۆرای خەڵک لە دامودەزگە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم نەترسان و بەشانازییەوە هەر دووبارەیان دەکردەوە و بەلامەوە گرنگن و دەکرێ کەم تا کورتێک دەروونناسیی سیاسی و کۆمەڵایەتی چین و توێژەکانی خەڵکی لێ بخوێنیتەوە؛ ئەو دوو درووشمەن: «مێژووی ئێمە سەلماندوویەتی کە کوردستان لانکی مرۆڤایەتییە» و «کرماشان ڕۆژهەڵاتە، کوردستان یەک وڵاتە».

هەفتا ساڵ پتر لە سێدارەدانی دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان لە ڕۆژهەڵات تێدەپەڕێ و لە هەر دەرفەتێکدا و لە هەر گردبوونەوەیەکدا کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان...

ل٧

# خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لە کڵپەی تەقینەوەدا



دیڤێنس وان _ ڕۆبەرت مەلی
و: کەماڵ حەسەنپوور

لوبنان زۆر دەمێکە ئاوێنەی خۆرهەڵاتی ناوینە. یاریکەرە بەهێزترەکانی ناوچە، ئەوێ وەک مەیدانی شەڕە بە وەکالەتەکانیان بەکار دێنن، مەیدانێک کە گەمەی ناکۆکیی عەرەب _ - ئیسرائیل تیایدا بەڕیوە چووە و شوێنی تاقیکردنەوەی پێکەوە ژیانی سعودی _ ئێرانیش بووە. ئەوێ شوێنێکە کە ناوچەکە شەڕەکان و ئاگربەسە کاتییەکانیان لەوێ بەڕیوەدەبەن. حەوتووی ڕابردوو، وەک زۆر حەوتووی پێشووتر، خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لەگەڵ لوبنان میهرەبان نەبوو.

هەواڵەکان چواری نۆڤەمبەر لە توێی سێ ڕووداوی بەیەک گرێدراوەوە لە ماوەی کەمتر لە ١٠ کاتژمێر بڵاو بوونەوە. یەکەم، سەعد حەریری، سەرۆک وەزیری لوبنان دەست لەکار کێشانەوەی خۆی ڕاگەیاند. ئەوەی کە حەریری لێدوانەکەی لە ڕیاز ڕا نارد زۆر شت دەڵێ، ئەوەش کە لێدوانەکەی وەک کەسێک کە ناچار بکرێ حوکمی زیندانی خۆی بخوێنێتەوە، باقی شتەکان دەڵێ. بڕیارەکە لەلایەن سەرۆک وەزیرانی لوبنان ڕاگەیەندرا بەڵام عەرەبستانی سعودی دابووی. موحەممەد بین سەلمان، شازادەی جێنشین و ڕێبەری ڕاستەقینەی عەرەبستانی سعودی، دەلیلی هەبوو کە بیهەوێ ئەو شتە ڕوو بدا. گرژیی نێوان سعودی و ئێران ڕوو لە زیاد بوونە و بین سەلمان سوورە لەسەر ئەوەی کە تاران وەک سەرچاوەی گشت بەدکارییەکانی ناوچە بناسێنێ. بۆ حەریری سەرۆکایەتیی دەوڵەتێک کە حیزبوڵڵاشی تێدابێ لە بنەڕەتدا لاواز کردنی کاکڵی ئەو پەیامەیە: ئەوە بەو مانایە بوو کە یەکێک لە نزیکترین هاوپەیمانەکانی ڕیاز لە گەڵ وەفادارترین هاوبەشی ئێران هاوکاریی بکا. حەریری وەک سەرۆک وەزیر ئەو بۆچوونەی دروست کرد کە پێکەوە ژیان لە گەڵ حیزبوڵڵا و بە واتایەکی تر لەگەڵ ئێران مومکینە، لەکار لادانی بۆ ئەوەیە کە هەر جۆرە شک و گومانێک لەوبارەوە بڕەوێتەوە. ئەو ساڵێک لەوە پێش بۆ پاراستنی لوبنان لە کێبڕکێی نێوان سعودی _ ئێران، داوای لێکرابوو ببێتە سەرۆک وەزیر؛ ئێستا کە ئەو ڕۆیشتووە، لوبنان بە تەواوی گیرۆدەی ئەو [دژ یەک وەستانەوە] بووە. ئێستا لوبنان چۆتە ناو بەرەی دوژمنانی عەرەبستانی سعودییەوە.

پەردەی دووهەم ئەو هەواڵە بوو کە عەرەبستانی سعودی موشەکێکی شوێنگیریی کردووە کە لە یەمەنەوە پێوەی نراوە کە ئامانجەکەی فڕۆکەخانەی ڕیاز بووە. ئەوە یەکەم موشەکی حوسییەکان_ کە لە لایەن ئێران و حیزبوڵڵا پشتیوانیی دەکرێن_ نەبوو کە بە جیرانی باکووری خۆیانەوە نابێ، بەڵام کاتەکەی و مەودا چاوەڕواننەکراوەکەی کاردانەوەیەکی جیاوازی لێکەوتەوە. ڕادەی یارمەتیی دەرەکی بۆ حوسییەکان جێگای مشتومڕە، هەرچەند نە کاربەدەستانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و نە هی عەرەبستانی سعودی گومانیان لەوەدا نییە کە پێشکەوتنی بەرچاوی بەرنامەی موشەکی بالیستیکی حوسییەکان بەبێ ڕاهێنانی بەرچاوی دوو یاریدەدەرەکەی مومکین نەبووە. وەک لە ئاکاری خۆفیداکەری حەریریدا، بەرپرسانی سعودی خێرا و بە ئاشکرا هێڵێکیان پەیڕەو کرد کە لەودا هێرشەکەیان بە ئێران و حیزبوڵڵا بەستەوە، ئەو هێرشە وەک ڕاگەیاندنی شەڕ پێناسە کرا و هەردووکیان وەک بەرپرسیار دەبێ چاوەڕوانی وەڵام بن.

پەردەی سێهەم ڕامالینە بەربڵاوەکەی سعوودی بوو کە لەودا ١٠ شازادە و دەرزەنێک بازرگان و کاربەدەستی پایەبەرز دەستبەسەر کران. ئەوە ماڵ خاوێنکردنەوەی بین سەلمان بۆ نەهێشتنی هەرچەشنە ڕەقیبی چاوەڕوانکراوی سەربازیی، سیاسی، ئابووریی و میدیایی بوو. لەگەڵ هەنگاوەکانی دیکەی، ئەوە بەو بەمانایەیە کە ئەو چۆتە سۆراغی گشت کۆڵەکە نەریتییەکانی ڕێژیم. هەندێک ئەو پرسیارە لەخۆیان دەکەن، ئاخۆ ئەو بێئەزموون و کرچوکاڵە، لەوانەیە زۆر دوژمنی لە یەک کاتدا وروووژاندبن. بەڵام ئەو تۆڵەی کەم ئەزموونیی بە بڵندخوازیی قەرەبوو دەکاتەوە و ئێستا لە هەمان پلە دایە کە خۆی حەزی لێ بوو: توانایی نەهێشتنی سستی چەندین ساڵەی سعودی و دارشتنەوەی سیاسەتەکانی نێوخۆیی و دەرەوەی پاشایەتیی بە کەیفی خۆی، بە تایبەتی بۆ ئەوەی کە بەشێوەیەکی کاریگەرتر ڕووبەڕووی ئێران ببێتەوە.

ئەو سێ ڕووداوانە ئاماژە بە یەک ئاراستە دەکەن: کە ڕێبەرایەتیی جەسوور و خاوەن بڕوای سعودی زۆر خوازیاری هاوکاریی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانە بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەی ئێران کە پێی وایە بە دوای ڕووداوەکانی ئەو دواییانەی یەمەن بەهێزتر بووە.

لوبنان و ناوچەکە پێشتر ئەوەیان دیتووە، بۆشایی ڕێبەریی لە توێی تەشەنەکردنی گرژییەکان شتێکی نوێ نییە. بەڵام ئەوەی کە نوێیە، ئیسرائیلێکی نیگەران، ڕێبەرایەتییەکی باوەڕ بەخۆ و نەترسی سعودی و بێگومان سەرکۆمارێکی نائاسایی ویلایەتە یەکگرتووەکانە. لە پەیوەندیی لەگەڵ ئیسرائیل: ئەو چەندین مانگە کە زەنگی خەتەری لەبارەی بەربڵاویی نفوزی حیزبوڵڵا و ئێران لە سورییە و بەتایبەتیی توانایی حیزبوڵڵا بۆ بەرهەمهێنانی موشەکی هەنگێوی لێ داوە، ڕووداوێک کە کاربەدەستانی ئیسرائیل وەک فاکتەری تێکدانی باڵانس سەیری دەکەن کە دەبێ دژی بوەستنەوە.

بۆ ڕێبەریی نوێی سعودی؛ بین سەلمان دڵنیایە کە ئێران زۆر دەمێکە وەک کیسە بۆکسێک سەیری عەرەبستانی سعوودی دەکا و عەرەبستانی سعودیش زۆر دەمێکە ناچار بە قبوڵی ئەو ڕەوتە کراوە. ئەو دەبینێ کە ئێران پارەیەکی زۆر کەمتر، چەکوچۆڵی کەمتر و هاوپەیمانی بەهێزی نێونەتەوەیی کەمتری هەیە، سەرەڕای ئەوە لە بەرزبوونەوە دایە و دەسەڵاتی خۆی بە سەر بەغدا، دیمەشق، بەیروت و سەنعا پەرە پێداوە. ئەو پێی وایە تەنیا لە ڕێگای بەرپەرچدانەوەی بەهێزتر و شەڕانییتر، جا لە یەمەن، عێراق یا لوبنان بێ، عەرەبسانی سعودی و هاوپەیمانەکانی دەتوانن ئێران بوەستێن و ئاراستەکە بگۆڕن. تا ئێستا، لە هێرشە سەربازییە ناسەرکەوتووەکەی لە یەمەن ڕا تا هەڵە سیاسییەکەی بۆ تەریکخستنەوەی قەتەر، زۆرتر دەرخەری مەیلی خۆ تووشی قەیران کردن دەگەیەنن تا کۆتاییهێنان بە قەیران.

لەپەیوەندی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان؛ پێشبینی نەکراویی و پڕ دژایەتی بوون لە زۆر بوارەوە، سەرکۆمار ترامپ لانیکەم لە یەک مەسەلە دا یەک هەڵوێست بووە، ئەویش شەڕانیی بوون لە دژی ئێران کە بۆتە مۆرکی بەڕێوەبەرایەتییەکەی لە سیاسەتی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست. کاربەدەستانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ویستی ترامپ بۆ هەڵسوکەوت دژی ئێران و بۆ گەڕاندنەوەی ئیعتیبار و ئوبوهەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان کە ئەو پیی وایە سەرکۆماری پێشوو(کە من بۆ پرسەکانی خۆرهەڵاتی ناوین پێم باشبوو) لەناوی بردبوو، کەڵک وەردەگرن. بۆ ئەو کارە، وێدەچێ هەڵوێستی ئەو زۆر وەک هی بین سەلمان بچێ: وەلانانی دیپلۆماسی لەگەڵ تاران و دڵنیا لە پێویستیی باڵانسێکی نوێی دەسەڵات، وا دەکا کە لە جیاتی کۆنترۆڵ کردنی غەریزەکانی بین سەلمان، ئەوان هان بدا.





کەم کەس لە لوبنان پێیان وایە کە شەڕێکی گشتگیر بەو زووانە ڕوو دەدا، چونکە هەر سێ دژبەرەکان هۆی خۆ کۆنترۆڵ کردنیان هەیە. هەمان هۆ کە وا دەکا ئیسرائیل بخوازێ هێرش بکاتە سەر حیزبوڵڵا، دەبێتە هۆی ددان بەخۆ داگرتن، واتە ئەگەری هێرشی موشەکیی بۆ سەر شارەکانی. ئیسرائیل تواناییەکی گەلێک زۆرتری بۆ زەرەر گەیاندن هەیە بەڵام حیزبوڵڵا تواناییەکی زۆرتری بۆ تەحەممول کردنی ئەو هەیە، کە دەبێتە هۆی ئەوە کە هەر هێرشێکی بەربڵاوی ئیسرائیل، مەترسیی ئەوەی هەبێ کە براوەکەی نادیار بێ. عەرەبستانی سعوودی توانایی سەربازیی شەڕی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئێران نییە و دەبێ بیر لە هەڕەشەی تۆڵەی ئێران لە نێو خاکی خۆیدا بکاتەوە. لە پەیوەندی لەگەڵ ئەگەری وەستانەوە بە دژی ئێران و هاوپەیمانەکانی، ویلایەتە یەکگرتووەکان درێژە بە حیساب کردن لە سەر نزیکی میلیشیا شیعەکانی سەر بە ئێران لە هێزەکانی ئامریکا و ئەگەری دەستپێکردنەوەی هێرشەکانیان [بۆ سەر ئامریکاییەکان] دەکا.

دیسانیش لوبنانییەکان، چ ئەوانەی لایەنگری حیزبوڵڵان و چ ئەوانی دیکە، وێدەچێ دڵنیا بن کە شتێک هەر دەقەومێ. هێرشە موشەکییەکەی حوسییەکان زۆر بێبەزەییانە بوو، هۆشداریی دانی سعوودییەکان زۆر دەقیق، نیگەرانیی ئیسرائیل زۆر مەزن و دوژمنایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرامبەر بە ئێران و حیزبوڵڵا زۆر لەوە ئاشکراترە کە چاوەڕوانی شتێکی دیکە بین. دەکرێ شتی دیکەش بەو لیستەوە زیاد بکەین: بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی لەگەڵ ئێرانی بردۆتە ژێر پرسیار و بەتەمای زیاترکردنی ئابلۆقەکان بۆ سەر تارانە، کە گرژییەکان بە شێوەیەکی ناپێویست زیاتر دەکا، هاوکات لەگەڵ نەبوونی پەیوەندیی ئاسایی لە ئاستی بەرزدا لە نێو ئەو دوو وڵاتە تا بتوانێ گرژییەکان کەم بکاتەوە. بە شێوەیەکی گشتیی وێدەچێ کە دژبەرەکانیان هەنگاو بنێن و ئێران و حیزبوڵڵا دژکردەوە بنوێنن: ڕەنگبێ هەر دوو لا بەو ئاواتە بن کە پێش بە بەریەک کەوتنی جیددی بگرن، بەڵام هیچکامیان نایانهەوێ ئەوە بنوێنن. پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ لەو هەلومەرجە دا هەنگاوی سنووورداری لایەک بە پەرچەکرداری لایەنەکەی تر کۆتایی پێدێ یا قەیرانەکە قووڵتر دەبێ؟

ئەوەی کە لێرەدا بوونی نییە، دیپلۆماسییە، لە نێوان ئێران و عەرەبستانی سعوودی، ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکان، یا عەرەبستانی سعودی و حوسییەکان، لە جیاتان ناوچەکە بەرەوڕووی دۆخێک بووە کە هەر کەس ئازادە کە لەوێدا تەنیا بەربەست بۆ هەنگاونان دڵەڕاوکێ لەوەیە کە نازانن چ دەورووژێنن. ئەوە هیچ دڵنیاکەر نییە. لێرە لە لوبنان خەڵک دڵنیا نین کە کێ یەکەم هێرش دەکا، کێ (ئێران یا حیزبوڵڵا) لەوانەیە ببێتە ئامانج، کەنگێ و لە کوێ (لە لوبنان، سورییە یا ئێران) ئەوە ڕوو بدا و چۆن دەبێ؟ بەڵام ئەوان هەست دەکەن کە شتێک دەقەومێ و لەوە دەترسن کە ئەوجاریش، بێگومان ئاوێنەی لوبنانی دەشکێ.

# لە حوجرەوە

## مەلا ساڵح ڕەبەتی



عادڵ مەحموودی

لە ساڵی ١٣٠٤ی هەتاوی و لە گوندی شندرەی سەربە ناوچەی ڕەبەت کورپەلەیەک لە بنەماڵەیەکی وەرزێری ڕەنجکێش و بەشمەینەتدا لە دایک بوو. لەسەر نەریتی ئەو دەمی ناوچەکە و دوای حەوتوویەک لە کۆڕێکی هەژارانەدا ناویان نا ساڵح.

ساڵح کوڕی محەممەدئەمین، وەکوو هەموو منداڵی وەرزێرە بەشخوراوەکان لە ئەوپەڕی بێ ئەنوایی و دەسکورتیدا تەمەنی بەرەو ٧_٨ ساڵی هەڵکشا. زۆر ئاساییە لە لادێیەکانی کوردستانێکی پەراوێزخراو و گەلێکی ماف پێشێلکراو کە نە قوتابخانەی تێدان و نە هیچ دەرەتانێکیش هەیە بۆ پێشکەوتن، تاکە ڕێگەی فێربوونی زانست و خوێندنەوە و نووسین، حوجرەکان بن کە ئەویش بۆ هەموو کەس نەدەگونجا.

ساڵح لە خزمەتی مامۆستای گوندەکەیان نرایە بەر خوێندن و فێربوونی پەرتووکە سەرەتاییەکانی زانستی دینی. دوای ئەوەی کە تەمەنی بەرەو ١٠-١٢ ساڵی هەڵکشا، وەک نەریتی فەقێیەتی و بە مەبەستی فێربوون و پەروەردە زیاتر دەستی کرد بە گەڕان بە حوجرەی شار و گوندەکانی کوردستان هەتا ئیزنی مەلایەتیی وەرگرت. بەڵام مەلا ساڵح هاوکات لەگەڵ چوونەسەرێی ئاستی زانیاری و وشیاریی گەلێ پرسیاری لەسەر نەتەوە و ماف و ئازادی لا درووست دەبوو کە وڵامەکەیان لای هەموو کەسێک دەست نەدەکەوتن. ئەو کات زۆربەی هەرەزۆری ئەندامان و لایەنگرانی کۆمەڵەی ژێکاف و دواتریش حیزبی دیموکرات لە حوجرە و مزگەوتەکاندا سەریان هەڵ دەدا و پەروەردە دەبوون و باوەڕپێکراوترین و پارێزراوترین مەکۆی پێشمەرگە و شۆڕشگێڕەکانیش هەر ئەو شوێنانە بوون.



مەلا ساڵح، بەرەبەرە ئەو کەسانەی دۆزییەوە و لەگەڵیان ئاشنا بوو و بە ڕەسمی بوو بە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان. مامۆستا مەلا ساڵح چ ئەو کات لە حوجرە و چ دوای بوونی بە مامۆستا، وەکوو کادرێکی حیزبی دیموکرات ڕوونکردنەوەی خەڵک و ئاشناکردن بە مافەکانیانی بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانی و لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا بەجێی دەگەیاند.

مامۆستا بە هۆی ئەوەیکە خەمخۆرێکی ڕاستەقینە و کەسایەتییەکی ڕاستبێژ و مکووڕبوو لە سەر بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەران، ببوو بە خۆشەویستی چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگەکەی و ڕێزی لێ دەگیرا، هەروەها وەکوو کادرێکی هەرەچالاکی حیزبی دیموکرات بەنهێنی و ئاشکرا لە هەر شوێنێک بۆی لوابایە تێکۆشانی سیاسی و حیزبیی خۆی دەبردە پێشێ. مامۆستا لە هەر گوندێک کە دەبوو بە بەرنوێژ و وتارخوێن، ئەو گوندە دەبوو بە هەوارگەیەکی حەسانەوە بۆ ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی گەل.

مامۆستا یەکێک بوو لەو کادرانەی حیزبی دیموکرات کە لە قۆناخی خەباتی چەکداری ساڵەکانی ٤٦_٤٧دا ڕۆڵێکی کارا و بەرچاوی هەبوو لە زانیار گەیاندن و داڵدەدان و پشتیوانیکردنی ئەو پۆلە پێشمەرگەیەی دوورگە ئارامەکەی حەمەڕەزاشایان وەک بوومەلەرزەیەک هەژاند. دوای هەرەسهێنان و بە ئامانج نەگەیشتنی ئەو قۆناغە لە خەبات، مامۆستاش خرایە ژێر چاوەدێریی سیخوڕەکانی ساواکەوە و دوای ماوەیەک گیرا و ڕاپێچی پادگانی جەڵدیان لە پیرانشار کرا و بۆ ماوەی شەش ساڵ بە توندترین و دڕندانەترین شێوە ئەشکەنجەی ڕۆحی و جەستەیی درا، بەڵام مامۆستا بە خۆڕاگری و ورەبەرزی وەفاداریی خۆی بۆ گەل و نیشتمانەکەی سەلماند.

مامۆستا ساڵح شەش ساڵ لە زینداندا توند کرا، بەڵام بە چۆکدا نەهات و سەری بۆ دوژمنان نەوی نەکرد و پاش ئازادبوونی ئەگەرچی دوژمن پێی وابوو بە زیندان و ئەشکەنجە چاوترسێن بووە، بەڵام مامۆستا ئەو جار بە گوڕوتین و ورەیەکی بەرزترەوە لە سەر مافە ڕەواکانی گەلەکەی پێداگرتر ببوو. دەسەڵاتی حەمەڕەزاشا بەخت یاری نەبوو، چونکە گەلانی وەزاڵەهاتووی ژێر دەسەڵاتەکەی لێی ڕاپەڕیبوون و بەو ئاسانییە چاوەدێریی شۆڕشگێڕانی بۆ نەدەکرا. هێشتا ماوەیەکی زۆر بەسەر ئازادبوونیدا تێنەپەڕیبوو کە ناڕەزایەتیی گەلانی ئێران بەرەبەرە دەستی پێکردبوو و مامۆستاش ئەو هەلەی قۆستەوە و وەکوو هەر دڵسۆزێکی دیکەی ئەم گەلە ئەوەی لە دەستی هات بۆ ڕێکخستنەوە و بووژاندنەوەی ڕیزەکانی تەشکیلاتی حیزب و هاندانی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دژی ڕژێمی پاشایەتی، تەنەخی نەکرد.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی و دەستپێکردنەوەی خەباتی ئاشکرای حیزبی دیموکرات، مامۆستا ساڵح بە هاوکاریی چەند هاوڕێیەکی دیکەی دەستیان بەسەر بنکەی سەربازیی «دارساوێن»دا گرت و کردیانە بنکەیەکی حیزب. مامۆستا ساڵح وەکوو بەرپرسی ئەمنیەتی ئەو ناوچەیە هەڵبژێردرا و هەروەها فەرماندەیی پەلێکی پێشمەرگەی پێ سپێردرا و پۆلێک لە کادر و پێشمەرگەی دڵسۆزی لە بنکەی دارساوێن پێگەیاندن.

زۆربەی خەڵکی کوردستان پێیان وابوو کە دوای ڕژێمی دیکتاتۆر و خوێنمژی پاشایەتی، دەرفەتێک بۆ گەلانی نیشتەجێی ئەو وڵاتە دەڕەخسێ کە داوای مافە ڕەواکانیان بکەن، بەڵام سەد مەخابن کە، گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بە دەست عەقڵییەتێکی فاشیستی و دواکەوتووی نەگۆڕی داگیرکەرەکانەوە پێوەبووە و بە لاچوونی دەسەڵاتێک یان ڕێژیمێک، پرسی نەتەوەیی نە تەنیا چارەسەر نەبووە، بەڵکوو توندوتیژتر لە پێشوو وەڵامی داوا بەرهەقەکانی ئەو گەلەیان داوەتەوە.

هێشتا ماوەیەکی زۆر لە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران تێنەپەڕیبوو کە، خومەینی فتوای جیهادی دژی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرکرد و بە هەموو هێز و توانایانەوە و بە ئەوپەڕی وەحشیگەری و دڕندەیی ڕوویان لە کوردستان کرد و قەتڵوعامی خەڵکی بێ تاوانیان دەست پێکرد. حیزبی دیموکراتیش وەکو حیزبێکی بەرپرس، بە ناچار دەستی دایە چەک بۆ بەرگری لە گەل و نیشتمانەکەی لە بەرانبەر هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، مامۆستاش وەکوو کادرێکی بەوەج و فەرماندەیەکی قارەمان، بێگومان دەبوو بەشداربا لەو شەڕ و بەرەنگاربوونەوەیەدا و ئەویش بەبێ دوودڵی شانبەشانی هاوسەنگەرەکانی دژی داگیرکەران دەجەنگا، مامۆستا چەند جارێک لەو شەڕانەدا بەتوندی بریندار بوو، بەڵام هەر کۆڵی نەدا و درێژەی بە ئەرک و چالاکیەکانی دا.

مامۆستا مەلا ساڵح بە هۆی برینەکانیەوە لاواز ببوو و بە مەبەستی چارەسەر، بۆ ماوەیەک لە نەخۆشخانە مایەوە و دوای وەرگرتنی چارەسەر لە ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ سەر ئەرکەکەی لە ڕۆژی ٣١ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٤ کەوتە بۆسەی یەکێک لە هێزە چەکدارە کوردییەکانەوە و لەگەڵ دوو پێشمەرگەی دی کە یەکێکیان کوڕی مامۆستا بوو شەهید کران و تێکەڵ بە کاروانی نەمران بوون.

ڕۆحیان شاد و ڕێگایان پڕ ڕێبوار بێ.

## هەگبەی شاخ و شۆڕش

# سەریان دانا بەڵام دانەنەوین



برایم چووکەڵی

بەهار جارێکی دیکە دەر و دەشتی بەکراسی سەوز داپۆشی، داوێنی چیاکان و جۆگەو جوێبار بە وەنەوشە و گوڵی ڕەنگاوڕەنگی بەهاری ڕازابۆوە، شەوان شنەی بەهاری دەنگی خوڕەی چەم و، وێککەوتنی لکوپۆی دارەبییەکانی قەراغی چەم و، بۆنی عەتری گوڵانی کوێستانانی تا ئاواییەکان دەبرد. ڕۆژانیش پاش ئەوەی چاوی خەواڵوو داوێنی خەوی ئاڵۆزی بەردەدا، بناری چیا، دیمەکار و پێدەشت کە پۆل پۆل مەڕ و ماڵاتی پێوەر دەبوو دواتر هەموو لە حەشیمەت ڕەش هەڵدەگەڕا، هەر کەس بۆ کارێک و هەریەکەی بۆ مەبەستێک، وەرزێران هەر کەس بۆ کاری خۆی، کیژان بۆ گوڵچنین و ڕنینەوەی گژوگیای بەهاری و، بەجوانی و بۆن و بەرامەی تەبیعەت ئەوەندی دیکە دەگەشانەوە، بلوێری شوان و خرینگەی بازنەی بێری وەک دەنگێکی هەستبزوێن تێکەڵی دیمەنی سەرنجڕاکێشی سرووشت دەبوو، بەفراوی بەفری قەد پاڵی زنجیرە کێوەکانی ناوچە، بە خوڕ بە جۆگە و جوێبار دادەگەڕان و تێکەڵ بە ئاوی چلچەمە دەبوونەوە.

دەیان گوندی خنجیلانە لەناوچەکانی دیواندەرە بەو دیمەنە جوانەوە نەخشاوە، ناوچەیەک کە لە خەڵکێکی دڵپاک و بێگەرد پێک هاتووە و تێکەڵاو بە هێزی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە.

لە «هەگبەی شاخ و شۆڕش»ی ئەمجارەدا دەچمە سەر باسی ئازایەتی و حەماسەی ١٨ پێشمەرگەی ئەو مەڵبەندە دڵگیرە، حەماسەیەک کە بە خوێنی ئاڵی پۆلێک میرخاس نووسراوەتەوە.

ساڵی ١٣٦٠ و بەهارێکی سەرسەوز بوو. خەڵکی لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان جێژنی نەورۆزیان کردبوو و لە بەشێکی ئازادی ئەو کوردستانە بەهەشتەدا خەڵکی لەگەڵ کوڕانی دێموکرات ساڵێکی نوێیان دەست پێکردبوو. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو کاتەدا بۆ ئەرکێکی حیزبی مەئمووریەتی دا بە ١٨ پێشمەرگەی شێلگیر و شۆڕشگێری ناوچەی دیواندەرە تا ناوچەی بیجار ڕاپەڕێنن. ئەوان وەک هەمیشە سەر لەپێناو بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی حیزبی وەڕێ کەوتن و چەند ڕۆژێک لەو ناوچەیە مانەوە و لەگەڵ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان تینوێتی و تامەزرۆیی خەڵکیان بە دیدار و کۆبوونەوە لەگەڵیان شکاند. بۆ خەڵک ساڵی دوو بەهار بوو.

ناوچەی بیجاڕ بەهۆی سیاسەتی سەرکوت وداپڵۆسینی خەڵک لەلایەن ڕێژیمەوە ڕەنگی مردووی ڕێ نیشتبوو. خەڵک ئەگەرچی دەستی هیوای بەرنەدابوو، بەڵام شەکەت و ماندوو، بۆیە هەواڵی هاتنەوەی پۆلێک هەڵۆی تیژباڵی گەل گیانێکی دیکەی بە بەری ئەو خەڵکەدا کردبوو. هێزی دوژمنیش خۆیان لە کەلێن و پەسیواندا دەشاردەوە وەک ڕێویی چاو بە هەڵۆ کەوتوویان لێ هاتبوو و، نەیاندەوێرا لە مۆڵگەکانیان بێنەدەر.

لەماوی چەند ڕۆژ گەڕان لەناوچەی بیجاڕ، فرمێسکی شادی لە چاوەکانی چاوەڕێی سەدان هەتیوی بێناز، دایکانی جەرگ سووتاو و باوکانی پشت چەماو دەهاتە خوار.

دوژمنی کۆنەپەرست و زۆردار کە بوونی پێشمەرگەکان لەو ناوچەیە وەک دڕکێک لە چاوی خۆیدا دەدین و چاوی دیتن و هاتوچۆی قارەمانانی دیموکراتی لە ناوچەکە نەبوو، لە هەموو شار و ناوچەکانی دەورووبەری هێزێکی زەبەلاحی کۆکردەوە و پیلانی زەبرلێدان لەو شێرەکوڕانی دێموکراتی داڕشت.

ڕۆژی ٢١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی هێزە سەدان کەسییەکەی ڕێژیم کە لە شارەکانی تیکاب، دیواندەرە و بیجار،ساینقەڵا و سەقزەوە کۆکرابوونەوە، ئەو ١٨ پێشمەرگەیەیان لە گوندی «سەڵواتئاوا»ی بیجار گەمارۆ دا. هێزی دوژمن بە تەواوی دەوری پێشمەرگەکانی تەنیبوو، تەنیا دوو چار هەبوو، یان خۆ بەدەستەوەدان کە پەیتا پەیتا داوایان لێ دەکرا، یان نووسینی لاپەڕەیەکی زێڕینی دیکە لە مێژووی حەماسە و سەروەریی کورد کە بە خوێنی خۆیان دەبوا تۆماریان کردبا. ڕۆژ، ڕۆژی بەرخۆدانی کوڕەکانی دێموکڕات بوو. ئەوان کە لە مەکتەبی پێشەوایاندا وانەی فیداکاری و ژیان و مەرگی سەربەزانەیان خوێندبوو، بڕیاری شەڕ و بەرگرییان دا. بۆیە بە ئیمان و باوەڕەوە بڕیاری هێرش بۆ سەر هێزی دوژمن و شکاندنی ئاڵقەی گەمارۆ بەربەرەکانی تا دوایین فیشەکیان دا.

شەڕێکی قورس و خوێناوی دەستی پێکرد. دوژمن لەهەر قۆڵێکەوە هێرشی دێنا قارەمانەکانی دێموکرات تێکیان دەشکاند و کەلاکیان لێ دەخستن. تا دەهات شەڕ گەرمتر و ئاڵقەی گەمارۆدانی ڕۆڵەکانی دێموکراتیش تەنگتر دەبۆوە. زیاتر لە ٨ سەعات شەڕی بەرامبەر، بە چەک و تەقەمەنی و کەرەستەی شەڕی نامەرامبەر، هاوکات بە ئیمان و باوەڕی جیاواز و نابەرامبەر. پێشمەرگەکان بەبەرچاوی خۆیان تا دواکەسیان شەهیدبوونی هاوڕێیانیان دەدی و دەیانزانی کە ئەوە چارەنووسی هاوبەشیانە، بەڵام چۆکیان دانەدا، سەریان نەوی کرد و سەربەرزییەکی تاهەتاییان بۆ مێژووی کورد تۆمار کرد.

تەرمی ئەو هەشت قارەمانە کەوتە عەرزی، بەڵام دایکی نیشتمان بە چاوی پڕ فرمێسکەوە بە مێهرەبانی لە خۆی گرتن و بەڵێنی پێدان خوێنیان ون نەکا، وەک چۆن ئەوان بەڵێنیی خۆیان بردە سەر.

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەو کارەسات و ئەو حەماسەیە ناوەچەی دیواندەرە بەرگی ماتەمی پۆشی و دەستەخوشکەکانی لە موکریان و ئەرەدڵان و لە باکوورەوە هەتا باشووری ئەو نیشتمانە تازیەبار بوون، شێرە کوڕانی دێموکراتیش بەیادی هەمیشە بەرزی ئەو نەمرانە لە زۆربەی شوێنەکان زەبری گورچکبڕیان لە دوژمن دا و دڵخۆشییان پێ نەهێشتن....

ئەو ١٨ پێشمەرگە و حەماسەخوڵقێنە بریتی بوون لە:

عەلی دۆستی، عەباس ئەحمەدی، محەممەدساڵح سەنعەتی، ئەمجەد غەفاری، عارف کاکەخانی، نێعمەت مرادی، محەممەدکەریم تەدخیز، ڕەحمان باباخانی، عەلی خالیدیان، سەعید فەتحوڵلاهی، جەمشید باوەیسی، مەنسوری باوەیسی، محەممەد گلەیی، مەحموود مرادی، حەبیبوڵڵا فەلاحی، عەبدوڵڵا محەممەدی، محەممەدڕەشید سادقی و محەممەد ڕەعنایی.

یادیان هەمیشە سەوز...

# داهاتووی سووریە و پێگەی کورد لە ڕۆژاوای کوردستاندا



ڕەزا محەممەدئەمینی

ئەوە بۆ حەوت ساڵ دەچێ قەیرانی سووریە درێژەی هەیە و شەڕ و ماڵوێرانی لەو وڵاتە کۆتایی نەهاتوە. سەرەڕای ئەوەی ڕێکخراوی تێرۆریستیی داعش پێگەیەکی ئەوتۆی لە سووریەدا نەماوە، بەڵام بە کۆتایی شەڕ لەگەڵ ئەو ڕێکخراوەیەش، ئاسۆی ئاشتیی نێوان لایەنە نێوخۆییە دژبەرەکان و سازان و ڕێککەوتنی ئەکتەرە دەرەکییەکان و دامەزراندنەوەی قەوارەیەکی سیاسی گشتگیر کە نوێنەری هەموو کۆمەڵانی خەڵکی بە هەموو پێکهاتەکانییەوە بێ، ناڕوون و لێڵە و، ناکرێ پێشبینیی ئەوە بکەین کە لە داهاتوویەکی نیزیکدا دانیشتووانی وڵاتی سووریە، ڕووی ئاسوودەیی بەخۆیانەوە ببینن و ئەو قەیرانە چارەسەر بکرێ. بەتایبەت کە سەرەڕای ئەوەی لە دیداری ئەو دواییانەی نێوان دونالد ترامپ و ڤلادیمیر پۆتین سەرۆکی دوو وڵاتی زلهێزی ئەمریکا و ڕووسیە لە وڵاتی ڤییەتنامدا باس لە ڕێککەوتنی دوو لایەن لەسەر درێژەدانی شەڕ لەگەڵ داعش لە سووریە کراوە و گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە کێشەی ئەو وڵاتە ڕێگەچارەی سەربازیی نییە، دەبینین ئەو دوو زلهێزە ناکۆکیی قووڵیان لەسەر داهاتووی سووریە هەیە و دوورەدیمەنی ڕێککەوتن لەنێوانیاندا، لانیکەم جارێ بەدی ناکرێ. هەر لەو پێوەندییەدا ڕۆژی پێنجشەممە ٢٥ی خەزەڵوەر، سەرەڕای ڕەخنەی توندی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، نوێنەری ڕووسیە لە شورای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بەرنووسی بڕیارنامەی درێژکردنەوەی کاری لێژنەی لێکۆڵینەوە لە بەکارهێنانی چەکی شیمیایی لە لایەن هێزەکانی بەشار ئەسەدی «ڤیتۆ» کرد. ئەوە لەحاڵێکدایە کە هەتا ئێستا چەند جاران لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکانەوە باس لە بەکارهێنانی چەکی شیمیایی لەلایەن دەوڵەتی سووریەوە کراوە کە دوا نموونەش بەهاری ساڵی ڕابردوو لە شاری «خانشەیخوونە» کە بوو بەهۆی کوژرانی هەشتا کەسی مەدەنی.

لەلایەکی دیکەش ئەردۆغان سەرۆککۆماری تورکیە لە دوایین لێدوانی لە کۆبوونەوەی کادەرکانی پارتی دەسەڵاتداری «داد و گەشەپێدان»دا لە ڕۆژە هەینی ٢٦ی خەزەڵوەر، وێڕای ڕەخنەی توند لە سیاسەتی ئەمریکا و پێدانی چەک بە هێزەکانی سووریەی دێمۆکڕات کە زۆرینەی پێکهاتەکەی شەڕڤانانی کوردی یەکینەکانی پاراستنی گەل «یەپەگە»ن، هەڕەشەی توندی لە پارتی یەکیەتیی دێمۆکراتیک «پەیەدە» کرد و ڕایگەیاند دەڤەری عەفرین لە ژێر دەستی کوردەکان دەردێنین. هێزەکانی تورکیە و دەستە و تاقمە هاوپەیمانەکانی وەک ئەرتەشی ئازادی سووریە و گرووپە دەسکردە عەرەب و تورکەمانەکان، لە درێژەی عەمەلیاتی «مەتاڵی فورات»دا بەتەمان سەرەتا لەهەمووڵایەکەوە پارێزگای عەفرین گەمارۆ بدەن و پاشانیش هێرشی بکەنە سەر و داگیری بکەن. هەر بۆ ئەو مەبەستەش داوایان لە ڕووسەکان کردوە هێز و پێگە نیزامییەکانیان لەو ناوچەیە ڕاگوێزن.

ڕەنگە ئێستا سیاسەتی تورکیە لە داهاتووی سووریەدا لە هەموو ئەکتەرەکانی دیکە ڕوونتر بێ، چونکە ئەو حکومەتە کە لەسەرەتادا زۆر بە ڕژدی پێداگر بوو لە سیاسەتی لەسەرکارلادانی



ئەردۆغان و پارتە ئیسلامییەکەی هەمیشە خەون بە خەلافەتی عوسمانییەکانەوە دەبینن و بە حەسرەتەوە باس لەو هێز و دەسەڵاتە لە دەستچووە دەکەن کە سەردەمانێک تورکە عوسمانییەکاندا بوویانە؛ هەر بۆیەش دوور نییە ئەردۆغان بیر لە داگیرکردنی دەڤەری عەفرین بکا و وەک «ئەنتاکیە» کە لەساڵی ١٩٣٩ لەلایەن ئەو وڵاتەوە داگیر کرا و پاشان لە ساڵی ١٩٤٦ دوای ڕاپرسییەکی گوماناوی بە فەرمی خستییە سەر پارێزگای »خەتایی»؛ ئەو خەونەش بۆ عەفرین ببینێ

بەشارئەسەد و لەگەڵ عەرەبستانی سعوودی و هاوپەیمانەکانی تێچووی زۆریان بۆ ڕێکخستنی ئەرتەشی ئازاد و ئۆپۆزسیۆنی سووریە کرد، پاش هاتنەکایەی بەکردەوەی ڕووسەکان و گۆڕانی باڵانسی هێز لە قازانجی بەشار ئەسەد و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا و هەروەها لەدوای ئەوەی تورکیە تێگەیشت هێزە کوردییەکان لە ڕۆژاوای کوردستان خەریکن جێ پێی خویان خۆش دەکەن و ئەمریکاش لەو دووساڵەی ڕابردوودا_ سەرەڕای پێناخۆشبوون و ڕەخنەی توندیان_ لە شەڕی داعشدا پشتیوانی و هاوکارییان دەکا، زوو هەستی بە مەترسیی دەسەڵاتێکی کوردی لە چەشنی حکومەتی هەرێم کوردستان کرد و ئیستراتیژی و سیاسەتی خۆی لە سووریە بە ئاراستەی دژایەتی لەگەڵ نەتەوەی کورد لەو بەشە لە کوردستاندا بەهەر چەشن و شێوەیەک و بەهەرتێچوویەک داڕشتەوە. هەربۆیەش دەبینین لە لێدوانەکانی ئەو دووساڵەی ئەردۆغان و باقی کاربەدەستانی تورکیەدا کەمتر لە پێشوو باس لە

سیاسەت و کردەوەکانی دژی گەلیی بەشار ئەسەد دەکرێ و ئەگەر ڕەخنەیەکیشیان هەیە، لە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەتی کە بەپێچەوانەی ویست و ئیرادەی تورکیە پشتیوانی لە هێزە کوردییەکان دەکەن، ئەگینا ئەردۆغان و دەوڵەتەکەی سەرەوان و بنەوان، باسی هەڕەشەی یەپەگە و پەیەدە و کوردەکان دەکەن و شیروتیر لە ڕۆژاوای کوردستان دەسوون.

جگەلەوەش ڕوون و ئاشکرایە ئەردۆغان و پارتە ئیسلامییەکەی هەمیشە خەون بە خەلافەتی عوسمانییەکانەوە دەبینن و بە حەسرەتەوە باس لەو هێز و دەسەڵاتە لە دەستچووە دەکەن سەردەمانێک تورکە عوسمانییەکاندا بوویانە، هەر بۆیەش دوور نییە ئەردۆغان بیر لە داگیرکردنی دەڤەری عەفرین بکاتەوە و وەک «ئەنتاکیە» کە لەساڵی ١٩٣٩ لەلایەن ئەو وڵاتەوە داگیر کرا و پاشان لە ساڵی ١٩٤٦ دوای ڕاپرسییەکی گوماناوی بە فەرمی خستییە سەر پارێزگای»خەتایی»، ئەو خەونەش بۆ عەفرین ببینێ. بەتایبەت کە لەلایەک لەو چەند ڕۆژەی ڕابردوودا بەردەوام باسی ڕێژەی بەرزی تورکمەن و عەرەبەکان لەو پارێزگایە دەکا و باڵادەستی ڕێژەی نەتەوەی کورد دەخاتە ژێر پرسیار و لەلایەکی دیکەش باش دەزانێ سووریە پێگەی جارانی نەماوە و ناتوانێ بگەڕێتەوە سەردەمی پێش ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی و ڕەنگە چۆن

ئیسرائیل توانی بەرزاییەکانی «گوڵان» لە دوای شەڕی شەش ڕۆژەی ساڵی ١٩٦٧ داگیر بکا و بیکاتە «ئەمری واقع»، بەو شێوەیەش ئەوان دەتوانن لە ئاوی لێڵ ماسی بگرن و هەم ئەو دەڤەرە کوردستانییە داگیر بکەن کە زۆر بە پیت و بەرەکەتە و بە بۆچوونی ئەردۆغان میراتی عوسمانییەکانە و هەم بەرۆکی خۆیان لە بەشێک لە کێشەی ئەگەری دامەزراندیی دەسەڵاتی کوردی و گەیشتنی سنووری ڕۆژاوای کوردستان بۆ دەریای ئازاد بەکەنەوە.

ئێستا و لەلایەکی دیکەوە، لە دوای شکانی داعەش لە پارێزگای دێرەلزوور و بەدەستەوەگرتنی لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتی سووریەوە، هەڕەشە لەو بەرەیەش لە ڕۆژاوای کوردستان ڕووی لە زیادبوون کردووە. هەر لەو پێوەندییەدا بەشار ئەسەد و هاوپەیمانە سەرەکییەکەی، واتە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەڕاشکاوی ڕایانگەیاندوە دوای گرتنەوەی ئەو پارێزگایە، ئاراستەی هێزەکانیان بەرەو شاری»ڕەققە»یە بۆ بەناو ئازادکردنی ئەو دەڤەرە. بەشار ئەسەد وێڕای پێداگری لە نێوەرۆکی «عرووبە»ی سووریەی داهاتوو، دژایەتیی ئاشکرای خۆی بۆ هەرچەشنە سیستەمی فیدێراڵی و «لامەرکەزی» و دانپێدانانی مافە نەتەوەییەکانی کورد و باقی پێکهاتەکانی غەیرە عەرەبیی ئەو وڵاتە ڕاگەیاندوە و نیشانی داوە لە ئێستاوە بە هاوکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران چ سیاسەتێک لە ئاست کوردەکان لە داهاتوودا پەیڕەو دەکا.

دیارە شک لەوەدانییە لەهەلومەرجی ئێستادا هەرچەشنە پێکدادانێک لەنێوان هێزەهاوبەشەکانی بەشارئەسەد و سپای پاسداران و حیزبوڵڵای لوبنان لەلایەک و لە لایەکی دیکە هێزەکانی «یەپەگە» سوریەی دێموکرات کە هەروەک باسکرا لەلایەن ئەمریکاوە تەیار و پشتیوانی دەکرێن دەتوانێ شەڕی گەورەی لێبکەوێتەوە و ببێ بە شەڕی بەوەکالەتی نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و ئەمریکا و ڕووداوی چاوەڕواننەکراوی دیکەی لێ بکەوێتەوە.

ئەو ڕووداوانە و لێدوانە هەڕەشەئامێزەکانی داگیرکەرانی کوردستان لەلایەک سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە هەروەک لەسەرەوە باسکرا، دوورەدیمەنی ئاشتی و سەقامگیری لە سووریە زۆر ناڕوونە و دەبێ چاوەڕوانی پێشهاتەکانی داهاتوو و هەڵسووکەوتی ئەمریکا و ڕووسەکان لەهەمبەر ئەو قەیرانە بین و لەلایەکی دیکەش، کوردەکان لە ڕۆژاوای کوردستان دەبێ باش ئاگاداری پیلانەکانی داگیرکەرانی کوردستان، تورکیە و کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی سووریە بن کە هەڕەشەی گەورە و ئاشکرایە لەسەر دەسکەوتەکانیان.


داگیرکەران نیشانیان داوە سەرەڕای ناکۆکییە ورد و درشتەکانیان، لە ئاست کێشەی نەتەوەی کورد و سەرکوتی جووڵانەوەی مافخوازانەکەی، کۆک و هاودەنگن. نموونەی هەرەزەق لەوپێوەندییەدا گەلەکۆمەگیی گەلەگورگەکان (فارس، عەرەب و تورک) و پیلانی هاوبەشیان بوو بۆ لەباربردنی ڕاپرسیی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان و داگیرکردنی کەرکووک و بەشێکی زۆر لە خاکی باشووری کوردستان لەلایەن حەشدی شەعبی و سپای پاسداران و هێزەکانی دەوڵەتیی بەناو فیدێراڵی عیراق بوو کە بەداخەوە ئەو گەلەکۆمەگییە لەگەڵ چەکوچۆڵی پێشکەوتووی ئەمریکایی و بێدەنگی شەرمێونانە و ناجوامێرانەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و وڵاتە باڵادەستەکانی جیهان بەڕەوڕوو بوو. هەر بۆیەش بۆ دووپات نەبوونەوەی ئەگەری پیلانی لەمچەشنە لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە، لەلایەک هێزە کوردییەکان لە ڕۆژاوا بە هەموو لقوپۆپەکانیانەوە دەبێ بەر لەهەموو شتێک نێوماڵی خۆیان ڕێک بخەن و خۆ لە پەرتەوازەیی و دووبەرەکیی هەتا ئێستایان بەدوور ڕاگرن و لەلایەکی دیکەش وەک دەڵێن لە ئیستراتیژی و سیاسەتی درێژخایەنیان بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانیان و پاراستنی دەسکەوتەکانیان وەک پۆڵا بن و لە هەنگاوە سیاسی و تاکتیکییەکانیشدا نەرم و نیان بن و وەک دەڵێن لە گەمەی سیاسیی هەستیار و چارەنووسسازیی هەنووکەی سووریە و ناوچەدا، هەموو «هێلکەکان» نەخەنە یەک «سەبەتە».

هەرچەند داهاتووی سووریە ناڕوون و لێڵە، بەڵام هەروەک ئەمریکا و ڕووسەکان بەو ئاکامە گەیشتوون کە لە ڕێگەی سەربازییەوە ئەو گرێ کوێرەیە چارەسەر ناکرێ، دەبێ چاوەڕێی ساتوسەودا و سازان لە نێوان ئەکتەرە سەرەکییەکانی ئەو کارەسات و قەیرانە بەتایبەت دوو زلهێزە سەرەکییەکە بین و بزانین ئەوان چۆن دەتوانن، هەم بەر بە خوێنڕشتنی لەوەزیاتری خەڵکی بێتاوان بگرن و هەم نەهێڵن ئەو قەیرانە بۆشوێنەکانی دیکە تەشەنە بستێنێ. لەهەمان کاتدا ئەمریکا و هاوپەیمانە ناوچەییەکانی نەهێڵن سووریە لە ئێستا و لە داهاتوودا لەوە زیاتر ببێ بە «پاشخانەی» ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و لە ڕاستیدا لە پاش نەمانی سەرەتانی داعش، «لەڕەشە»ی ئەو ڕێژیمە جەستەی وڵاتی کاولکراوی سووریە دابگری.

کوردستان
ژمارە:٧١٤
٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٦ _ ٢١ی نوامبری٢٠١٧



# بێ ناسناو



ناسر فەتحی

دەڵێ: ناوم «کەتانە»یە، خەڵکی «کووئیک»م. لە نەخۆشخانەی لوقمانی حەکیمی تاران چارەسەرمان بۆ کردوە، ئەو ماوەیە کەمتر لە کەرەج نەخۆشم چارەسەر کردوە. کەس نییە بێت بیباتەوە. لەسەر چەناگەی خاڵێکی کوتاوە دەڵێی فرۆکەیەکە کەوا خەریکی بەردانەوەی بۆمبە. فەقیرە هیچ فارسی نازانێ، تەنیا بە کوردی قسە دەکا. خوێندەواریی نییە. هیچ ژمارە تەلەفۆنێکیشی لەبەر نییە. دەڵێ: حەوت کچم هەیە، چواریان شوویان کردووە، مێردەکەشم لەمێژ ساڵە مردووە؛ کوڕیشی نییە. جلێکی کوردیی لەشێوەی جلی کوردیی خەڵکی موکریانی لەبەردایە، بەڵام دەڵێ: خۆم لەکم و، مێردەکەشم سۆرانی بووە. ئا.. ببوورە خۆ تۆ ئەم شتانە نازانی، بۆخۆشم نەمدەزانی وەرگێڕەکەمان ئەم زانیارییانەی پێداوم. تا ئێستا کەس سۆراغی نەکردوە. ئێمەش بۆخۆمان ناتوانین هەستین بیبەین و ئەو هەموو شار و گوندە خاپووربووەی کرماشانی لەگەڵ بگەڕێین تا بنەماڵەکەی بدۆزێتەوە. چونکە خۆی کە نەخشەی بۆ لەبەر دەمی دادەنێین لێی تێناگا و، ئێمەش هەرچی دەکەین ناتوانین ناوی گوندەکەیان لەسەر نەخشە ببینینەوە. کاتێکیش دەڵێین وەسفی شوێنی ژیانی خۆتمان بۆ بکە، دەڵێی شێعر دەڵێ، هەر باسی گوڵ و بوولبول و شاخ و باغ و بێستانی جوان و بۆن خۆشمان بۆ دەکا. وسفەکانی شوێنێکی دیاریکراو ناگرێتەوە، وەرگێڕەکەمان دەڵێ ئەوشتانەی کەتانە خانم دەیڵێ هەموو کوردستان دەگرێتەوە. ڕاستییەکەی ئەمن بۆخۆم قەت نەچوومەتە ئەو ناوچەیە، بۆخۆت دەزانی مەبەستم چییە ئیدی! حەز ناکەم کەس گوێی لە دەنگم بێ! ڕەنگی چاوی قاوەییەکی تایبەتە، نا نا دەتوانین بڵێین هەنگوینییەکی مەیلەو پرتەقاڵییە. پێشتر ڕەنگی چاوی وام نەدیتبوو. بۆ ژنێکی بەساڵاچووی ئاوا سەیرە نوێژ ناکا. کە لێشی دەپرسین چ دینێکت هەیە ترس دایدەگرێ و وەڵام ناداتەوە. نازانین چی لێ بکەین.

هەر ڕۆژی یەکەم هەستاوە سەرپێ، کە هێنایان بەتەمای مانی نەبووین؛ بەڵام نازانم بە کوێدا ئاوا گورج بووەوە؟ خۆ دەنا چارەسەرێکی واشمان بۆ نەکرد! ناوی کچەکانی زۆر خۆشن، قەتت ناوی وا نەبیستووە، هەمووم نووسیون، بەو جۆرەی خۆی دەریاندەبڕێ، هەر ئاواشم لەبەر کردوون. کە هاتمەوە لە نێویاندا، ناوێکی خۆش بۆ کچەکەمان هەڵدەبژێرین. دەتوانین ناوەکانی دیکەش بۆ خزمان دانێین... نا کچێ ناوی مردووی چی، بڵێ خودا نەکا! تۆ لەوە گەڕێ جارێ! سەرەڕای ئەوەی وەرگێڕەکەمان باش لە زمانی تێدەگا، هێشتاش زۆر جار باسی هێندێک شت دەکا کەسمان نازانین دەڵێ چی، دەڵێی لە مێرڕیخ یان کۆرەیەکی دیکەڕا هاتووە. وەڵڵاهی خۆ هەقیشتە، بەوجۆرەی لەم ماوەیەدا کەس لێی نەپرسیوە، پێدەچێ کەسی ڕزگاری نەبووبێ. هیوادارم وا نەبێ. بەڵام دەزانی، هیچ دڵیشم بەوە خۆش نییە کەسێک سۆراغی بکا، ئاخر کاناڵی ڕاگەیاندنی پێوەندیدار بە بوومەلەرزەکە نەماوە وێنە و ناونیشانیمان لێ بڵاو نەکردبێتەوە. هەر لە کاناڵە تێلێگرامەکەی خۆمدا وێنەکەی زیاتر لە پازدە هەزار جار بینراوە. پێم وابێ بانگیان کردم، دەڕۆم و دێمەوە. دوایی زەنگت بۆ لێ دەدەمەوە، ڕاوەستە تازە با ئەم شتە سەیرەشت پێ بڵێم، شۆڕەتی خۆی نازانێ، دەڵێ: «شۆرەت چییە!؟»

# شینایی ئاسمان و تینی زەوی چۆن دەفرۆشرێ؟

ساڵی ١٨٥٤ «فرانکلین پێرس» سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا نامەیەکی نارد بۆ سەرۆک هۆزی هیندییە سوورەکان لە «سیاتێل» و داوای لێکرد زەوییەکانیان بە حکومەتی ئامریکا بفرۆشن. سەرۆک هۆزەکە وەڵامی بۆ سەرۆکی ئامریکا ناردەوە، وەڵامێک کە نیشاندەری شێوەی ڕوانینیان بۆ مرۆڤ و جیهان بوو. نامەکەی سەرۆکی ئامریکا لەبیر نەماوە، بەڵام نامەی سەرۆک هۆزەکەی هیندییەسوورەکان لەوانە نییە لەبیر بچێتەوە.



**بۆ سەرۆکی گەورە لە واشنگتن!**

شینایی ئاسمان و تینی زەوی چۆن دەفرۆشرێن؟ ئێمە خاوەنی پاکیی هەوا و زوڵاڵیی ئاو نین، چۆنیان بە ئێوە بفرۆشین؟

ئەم خاکە و هەرچی تێیدایە بۆ ئێمە پیرۆزە. گەڵای دەرزیلەیی کاژەکان، لمی کەنار ڕووباران، مژی نێو دارستانەکان، دەنگ و ڕەنگی مارومێروو، هەموویان لە بڕوا و بیرەوەریی خەڵکی ئێمەدا پیرۆزن. ئەو شیلەیەی بە نێو دەماری داراندا دەگەڕێ خولیا و خەونی ئێمەی تێدا مەیوە.

خاک لە ناخی ئێمەدایە. ئێمە بەشێک لە خاکین و خاک پارچەیەک لە ئێمەیە. گوڵان بە بۆن و بەرامەیانەوە خوشکی ئێمەن. کەڵەکێوی و ئەسپ و هەڵۆ برامانن. ڕەوەزەبەردی لووتکەکان، شەونمی مێرگ ومەزرا و تینی لەشی ئەسپ و مرۆڤ، هەموویان لە خێزانێکن.

ئەو زوڵاڵەی بە جۆبار و ڕووبارەکاندا دەڕوا تەنیا ئاو نییە، خوێنی پشتاوپشتی ئێمەیە. ئەو زەوییانەشتان پێ بفرۆشین دەبێ لەبیرتان بێ ئێرە بۆ ئێمە پیرۆزە و ئەو سێبەر و تارماییانەی بەو ئاوە زوڵاڵەدا دێن هەموویان بیرەوەری و بەسەرهاتی ژینی ئێمە دەگێڕنەوە. زەمزەمەی ئاو، دەنگی باووباپیرانی ئێمەیە.

ڕووبارەکان پشتمانن، تینوێتیمان دەشکێنن، بەلەمەکانمان بە شانەوە دەگرن و بژێوی منداڵەکانمان دەدەن. ئەگەر زەوییەکانمان بە ئێوە بفرۆشین دەبێ لە بیرتان بێ و منداڵەکانیشتان فێر کەن ئەم ڕووبارانە برای ئێمە و برای ئێوەن و لەوەدوا، ئەو نەرمی و بەزەییەی بە برای خۆتانی ڕەوا دەبینن، بەو ڕووبارانەشی ڕەوا ببینن.

لە شارەکانی ئێوەدا شوێنێک نییە مرۆڤ ئارام و ئەرخەیان تێیدا بژی. جێگایەک نییە مرۆ گوێ بداتە لەرەی گەڵای سەرەبەهاران و ویزەویزی مێروو. ڕەنگە ئەوانە هەر بۆ ئێمە گرنگ بن کە لەو دەشت و کێوانە ژیاوین، بەڵام مرۆ ئەگەر شەوان دەنگی تاقتاقکەرە نەبیستێ و قیرەی بۆقی گۆماوەکانی نەیەتە گوێ، لە ژیان چی بۆ دەمێنێتەوە؟ شنەبا ئەو کاتی بەسەر تەنکاواندا دەڕوا و وردەشەپۆل دەبزێوێ، شەماڵ ئەوکاتی بۆنی بارانی نیوەڕۆیانی تێدەگەڕێ و، بۆنی گەڵای تەڕوبڕی دارکاژەکان ڕووح و گیانی ئێمەی سوورپێست دەلاوێننەوە.

هەوا بۆ ئێمە بایەخدارە، چونکە هەموومان بە هەناسە هەڵیدەمژین. ئەگەر ئێمە زەوییەکانمان بە ئێوە بفرۆشین دەبێ لەبیرتان بێ ئێمە شوکرانەبژێری ئەو هەوایەین هەڵیدەمژین و ژین بە دەماری زیندەوەردا دێنێ. باپیرەگەورەی من ئەو هەناسەیەی لە سنگدا بوو هەتا لە گەڵ دوایین ئاهـ لە لێوی هاتەدەر و ماڵاوایی لە ژیان کرد.

ئەگەر ئێمە زەوییەکانمان بە ئێوە بفرۆشین، ئێوە دەبێ لە گەڵ ئاژەڵی ئەم خاکە وەک برای خۆتان بجووڵێنەوە. بەڵێ! ئێمە کێویین! لەو دەشت و کێوانە گەورە بووین و تێناگەین بۆچی هەزاران کەڵەکێوی دەبێ قڕ بکرێن. ئێوە دەبێ منداڵەکانتان فێر کەن کە زەویی بن پێیان، خۆڵەمێشی باب و باپیرانیانە، دەبێ ڕێزی زەوی بگرن، گەورەیی زەوی لە چاویاندا بێ و بە منداڵەکانیان بڵێن خاک دایکیانە. ئەوەی بەسەر زەوی بێ، بە سەر ڕۆڵەکانی زەوییش دێ. مرۆ تف لە زەوی بکا، تف لە خۆی دەکا. لە بیرتان بێ مرۆ ژێیەکانی سازی ژین وەدەنگ ناهێنێ، خۆی هەودایەکی ژێی ژیانە.

ئێوەش یاوەری زەوی بن.

**وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی: ناسر حیسامی**



# ژیان

**تاسۆس لیڤادیتیس**

**و: عەلی فەتحی**

گوێمان لێتە، لە شەودا چۆن لەژێر پێیەکاندا دەتلێیەوە

گوێمان لێتە، لە شەوی تاریکدا چۆن بۆ ڕزگاری دەپاڕێیەوە

ئاخ ژیان،

لە گوشەیەک گوللەبارانت دەکەن و


لەولاوە تۆ بەهێزتر لەهەرجارێ،

لە گۆشەیتر هەڵدەستی و سرودێکیتر دەڵێیەوە....



## لەهەر باخەی گوڵێک

# هەردهەژێنی هەست هەژێن!



هەیاس کاردۆ

ئەم ڕۆژانە پارچەیەکی دیکەی جەرگم وەبەر تیغی تیژی ناعەداڵەتی کەوت و برینێکی قورسی هەڵگرت. ئەم ڕۆژانە باخچەیەکی دیکەی باغی بەرینی نیشتمانم وەبەر ڕەشەبای نەهامەتی کەوت و داروبەردی پێک دادرا. وا ئەمجاریش کوندی شوومی وێرانی ڕووی دە شاروگوندی کوردستان کرد و بانگی ڕووخان و ماڵوێرانیی خوێند. هەمدیسان لەشی کوردی بێ ئەنوا وەبەر قامچیی ئێشهەڵگری زەمانە کەوت و ئازای بەدەنی شەقار شەقار بوو. ئەمجاریش برینی قەتماغەبەستووی لەشی وڵاتەکەم سەری هەڵدایەوە و خەم و فرمێسک و حەسرەت بەربینگی پێ گرتینەوە.

بوومەلەرزەی بەشی خوارووی نیشتمان و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان کارەساتێکی بەتەواو مانا بوو. بەڵایەک بوو هات و سەروماڵی بەشێکی زۆر لە خوشک و برایانمانی بەتاڵان برد. ئەو لافاوی مەرگە کۆرپەی لەباوەشی دایک ئەستاند، خوشک و برای لێک کردن، ژن و مێردی بە جووتە دەچاڵی مەرگ هاویشت، قوتابیی لە دەرس و مەلای لەمزگەوت کرد. جووتێری لە زەوی ئەستاند و کۆڵبەری خستە ژێر بارێکی وەها قورس کە نەتوانێ هەستێتەوە. ئەو هەردهەژێنە ماڵی هەژارانی تێک تەپاند، ئەوانی بێ سەرپەنا کرد و ئەو کەمە ژیانەشی پێ ڕەوا نەدیتن کە بە شەونخوونی وەسەریەکیان نابوو. ڕێگاوبانی لێ بەستن، باغ و باغاتی لێ شێواندن و ئەوەی هەیان بوو لێی کردنەوە هیچ. لەڕاستیدا ئەوە ماڵوێرانی و نەهامەتی و مەرگەسات بوو کە بەسەر کورد هات.

ئەم هەردهەژێنەی لەشی زۆرانی وەبەر چەقۆی تیژی مەرگ دا و گەلێک مرۆڤی بێ ئەنوای لەژیان و خۆشی کرد، هەستی هەموومانی هەژاند، ڕای تلەکاندین و دڵەکوتەیەکی سەختی خستە نێو ویژدانمان. ڕاستە کەس، غەیری ئەوخەڵکەی کەوتوونەتە ژێر شاڵاوی بوومەلەرزە و پێوەی دەناڵێنن ناتوانێ هەست بە هەموو ئازارەکانی بکا و تەزووی ئەو نەهامەتییە وەک درێشوو دەجەستەی ڕاچێ، بەڵام وابزانم هەموومانی بریندار کرد و تێی گەیاندین هەر خۆمان دەبێ پشت و پەنای خۆمان بین. پێی گوتین وەخۆ بێینەوە و بیرێک لەحاڵی زارمان بکەینەوە. وەخەبەری هێناین تووشی خەوە بەردینە نەبین و وشیاری کردینەوە بیرو کردەوەمان بۆخۆمان بێ.

ئای لەو شەپۆلی هاودەردی و هاوخەمی و هاوپێوەندییە کە نموونەی بە کەمی دیتراوە. ئای لەو هیممەتەی خەڵکی ڕۆژهەڵات نواندیان و وەی لەو بەرنامە جوانەی بۆ بە هاناوە چوونی لێقەوماوان لەخۆیان نیشان دا. ئەگەر ڕێخستن مانای هەبێ ئەوەیە. ئەگەر ڕاپەڕین لە قامووسی خەباتدا مانای مابێ هەر لێرە بەدیمان کرد. ئەگەر ڕووحی هاوکاری، هاودڵی، هاوزمانی و هاوهەنگاوی بە مانای تەواوی خۆی بەدی بکرێ هەر لێرە بەدی کرا. کودی ڕۆژهەڵات ئەمجاریش وەک زۆر جاری دیکە دەریان خست حەزیان لەیەکرێزییە. تەبایی و برایەتییان پێ خۆشە. بیریان لەلای یەکە و دەگەڵ ئازارەکانی یەکتر بە زەویدا ڕۆ دەچن و دەگەڵ خۆشییەکانی یەکتریش گەزبەگەز باڵا دەکەن. ئەوان لەو ڕۆژە سەختانەدا ماندوو بوونیان نەناسی، هەستیان بە برسیەتی نەکرد، کار و ژیانیان وەلا نا. هەموو وێکڕا و قۆڵ دەقۆڵی یەک نەزمێکی پڕ ئاهەنگیان وەڕێ خست و نمایشێکیان هێنایە سەر پەردە کە پێی دەڵێن هاوکاری. ئای چەندە جوانە ئەو سەفی سەدان ماشێنەی بە باری پڕەوە پێچی جادەکان دەبڕن و لە هەورازەکان وەسەر دەکەون هەتا زگێکی برسی تێر بکەن. بۆ وەی لێوێکی وێشک هەڵاتوو تەڕ کەنەوە. بەو مەبەستەی سەرپەنایەک بۆ ماڵوێرانێک دابین بکەن و پێکەنینێک بخەنەوە سەر لێوی بێماڵ و حاڵێک.

هەڵمەتی بە هاناوە چوونی لێقەوماوانی بوومە لەرزەکەی ڕۆژهەڵاتی نیشتمانم بە هەموو پێوەرێک شۆڕشێکی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و مرۆڤی بوو. ئەو شۆڕشە دەبێ دەرسی لێ وەرگیرێ. پێویستە لەخەزێنەی مێشکماندا جێگایەکی تایبەتی بۆ بکەینەوە هەتا نەفەوتێ. لەسەرمانە بە قوولی لێی ورد بینەوە و لە مانا شاراوەکانی بگەین. دەبێ بزانین ئەوە چ سرڕێکە لەدەروونی ئەو خەڵکەدا پنگی خواردۆتەوە؟ بۆ سیاسییەکانمان پەی پێ نابەن و بۆ نایخوێننەوە؟ بەڕاستی مانای ئەو نمایشی جوانە چیە و چۆنە ئاوا خۆڕسک سەر هەڵ دەدا؟ چ ودمێک ئەو تۆفانە وەڕێ دەخا و کێیە دوعا نووسی ئەو نوشتوویە؟ خەڵک وڕەی هەیە، بیری جوان کار دەکا، هەستێکی یەکجار هەیە، ئیرادەی بۆ چوونە پێش بەهێزە و دەزانێ دەبێ هەنگاو باوێژێ. کوردستان گیروگرفتی زۆری هەن کەلێنی زۆر خراوەتە جەستەی ئەم نیشتمانە. ئەم شۆڕشی خۆڕسکە کۆمەڵایەتی و مرۆڤییانە دەبێ چرا سەوزی ئەوەمان بدەنێ کە وێڕای ئەوانە کە زۆریش پێویستن، دەبێ هاوکات شۆڕشی سیاسییش وەڕێ بخرێ. پێویستە هاوتەریب، دەگەڵ ئەوەی بۆ تێرکردنی زگێکی برسیی دەستی سروشت، کاک «ئەبووبەکر» ئاسا ژیانی خۆمان فیدا دەکەین، لەسەرمانە بە گژ ئەو دەسەڵاتەشدا بچینەوە کە بووەتە هۆی هەموو نەهامەتی و ماڵوێرانییەکانمان.

بەو هیوایە ئەوە سەرەتای هاوپێوەندییەکانی نەتەوەیی بێ و کۆتایی بە ستەم و چەوساندنەوە بێنێ.

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

November: 714 21 cctober 2017



ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com

info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com

www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 12.072

polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8

Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:

+9647508578190

Tashkilat.kdp92@gmail.com


# سەروەری و وەفا بۆ بەچۆکداهێنانی کارەسات




















## بەر لە ماڵاوایی

# کوردستان لە کارەساتەوە بەرەو حەماسە



عەلی لەیلاخ

شەوی ٢١ی خەزەڵوەر لە ڕۆژمیری ڕووداوە ناخۆشەکانی خەڵکی کوردستان بە گشتی و بەتایبەتی خەڵکی پارێزگای کرماشاندا بۆ هەمیشە تاڵیادێکی لەبیرنەکراو و بەژان دەمێنێتەوە. شەوێک کە بەدوای چەند چرکە لەرینەوەی زەوی لە شارەکانی سەرپێڵی زەهاو، قەسری شیرین، شائاباد و دالاهۆ زیان و خەسارێکی گیانی و ماڵیی زۆری بە خەڵکی ئەو ناوچانە گەیاند و دەیان گوند و ئاوەدانیش چوونە نێو بیرەوەرییەکانی خەڵکی ئەو دەڤەرە و بە تەواوەتی لە نێوچوون.

کارەساتی بوومەلەرەزەکەی کرماشان لە ئاستێکی بەریندا دەنگدانەوەی هەبوو، یەکەم هۆی ئەو بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ پانتایی و بەرینایی ئەو بوومەلەرزە کە بەشێک لە شارەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان و تەنانەت چەند شوێنکی دیکەی ئێرانی لەراندەوە، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە ناوەندی بوومەلەرزەکە زنجیرەکێوەکانی بەمۆ و پارێزگای کرماشان بوو، بەداخەوە لەگەڵ ئەوەی دڵی هەموو کوردستانی هەژاند، بەڵام زۆرترین خەسار و زیانەکانی بەر ئەو ناوچەیە کەوت.

دوای دە ڕۆژ لەو ڕووداوە تا ئێستاش ناوەندە بەرپرسەکان ئامار و ژمارەی ڕاست و وردی قوربانیان و زیان وەبەرکەوتووانی ئەو کارەساتەیان بڵاو نەکردۆتەوە و، ئەوەش کە باس دەکرێ دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵ و ماندووبوونی کەسانی خۆبەخش و خەمخۆر؛ دەنا بە قسەی یەکێک لە ڕۆژنامەکانی ئێران «دەوڵەت لە کۆنترۆڵی قەیراندا خۆی تووشی قەیران بووە.»

ئەگەر لەسەر ئەو قسەیە تۆزێک ڕاوەستین، بە دروستی قامکی لەسەر کەمتەرخەمی و ناکارامەیی حکومەتێک داناوە کە زۆر جار لە زمان سەرۆک کۆمارەکانی ئیدیعای مودیریەتی ناوچەیی و تەنانەت جیهانیان کردوە، کەچی لە چارەسەر و ڕاگرتنی دۆخی خوڵقا لە ناوچەیەک ماوەتەوە.

دوای ئەوەی بە هۆی ڕوخانی ماڵ و خانوو و بیناکانی خەڵکی شاری سەرپێڵ کە بەداخەوە زۆرترین زیان لەوشارە کەوتووە و زۆربەشی وەک ئیسحاق جەهانگیری، جێگری یەکەمی سەرۆککۆماری ئێران باسی دەکا دەگەڕێتەوە بۆ دانیشتووانی نێو خانووەکانی مێهر، کە بە هۆی گەندەڵیی ماڵی (سازنەکردنی خانووەکانی پرۆژەی مێهر لەسەر بناغە وبنەڕەتی پتەو وقایم) سەتا ٩٠ ی ئەو بینا و خانوویانە ڕووخان و بوون بە خانووەکانی مەرگ!

لەلایەکی دیکەش لە هەموو وڵاتانی جیهان ناوەندگەلێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕووداوی هاوشێوە لە ئەوپەڕی ئامادەبووندا هەن کە لەکاتی پێویستدا بە هانای زیاندیتووان دەچن و فریای لێقەوماوان دەکەون، بەڵام ئەوەی کە لە کارەساتی بوومەلەرزەی پارێزگای کرماشان غایب بوو، بەرپرسایەتی، لەسەر هەستبوون، ئامادەبوون و خەمخۆری و ئەرک وەخۆگریی دەوڵەت و دامودەزگا حکومەتییەکان بوو.

ڕۆژی دوای ئەو ڕووداوە لە جیاتی ئەوەی دەوڵەت بەهەموو هێزەوە و بە ڕاگەیاندنی (حاڵەتی نائاسایی) سەرجەم دامودەزگاکانی خۆی وەگەڕ بخا بۆ فریاکەوتن و خزمەتگوزاریی بەوەخت و پێویست، بەڵام سەرلەنوێ دەمڕاستەکانی نیزام کەوتنە یەکتر تاوانبار کردن و تەنانەت دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە پێچەوانەی ڕاستییەکان هەواڵەکانی دەگواستەوە. لەم نێوانە ئەوەی جێگای سەرنجە و تەنانەت دەوڵەتمەردانی ئێرانی لە ئاستی ڕێبەریی نیزامیشدا ڕاچڵەکاند، خۆڕێکخستن و هاتنە مەیدانی ژیرانەی خەڵکی کورد بوو کە تابلۆیەکی بێوێنە و جوانیان لە مرۆڤایەتی و هەستی نەتەوایەتی خولقاند.

خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە یەکەم ساتی بڵاوبوونەوەی هەواڵی دڵتەزێنی ماڵوێران بوونی دەیان و سەدان کەس لە هاونیشتمانیانی بوومەلەرزەلێدراو، بێ ئەوەی هیچ چاوەڕوانییەکیان لە دەوڵەت و دامودەزگاکانی هەبێ، بە سازکردنی گرووپ و کەمپەین دەستیان کرد بە کۆکردنەوەی کەلوپەل و پێداویستییەکان و ناردنیان بۆ خەڵکی لێقەوماوی کرماشانی دڵ و، دڵیان لەگەڵ سەرجەم خەڵکی ئەو دەڤەرە کەوتە لێدان و بەتاڵی و بۆشایی دەوڵەتێکی بەپرسیان، بەجوانی پڕ کردەوە.

ئەم بەهانەوەچوونەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەموو چین و توێژەکانەوە لە کۆڵبەرانی سەرسنوور کە بۆخۆیان بۆ پاروە نانێک دەست بە هەموو کونە مارێکدا دەکەن و دەچنە قوڕگی ئەژدیهاوە، تا منداڵانی بە سۆز و عاتیفە بارهاتوو و هەروەها کەسانی خۆنەویست وخەمخۆر کە نیشان لە ئاستی بەرزی شعووری ئینسانی و نەتەوەیی گەلێکی بندەست بوو کە بوو بەهۆی سەرسووڕمانی کەسانی غەیرە کورد. تەنانەت بەرپرسانی نیزامیش لە بەرانبەر ئەو حەماسە بێ وێنەیە قامکی سەرسووڕمانیان گەست!

حەوتوویەک دوای ئەو کارەساتە عەلی خامنەیی، ڕێبەری نیزام لە ترسی زیاتر پەرەسەندنی بۆشایی نێوان خەڵک و دەوڵەت خۆی گەیاندە کاوڵاشەکانی سەرپێڵی زەهاو، بەڵام لە گەڵ کاولبوونی بیرۆکەی دابڕانی کرماشان لە کوردستان ڕووبەڕوو بۆوە هەتا ڕووداوێکی سروشتی. خامنەیی و ڕێژیمەکەی کە دەیان ساڵە لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە هەوڵیان دا پێناسەی کوردستانیبوونی ئەو دەڤەرە بسڕنەوە، بەڵام نەمردن و بەچاوی خۆیان دیتیان کە نەتەنیا سەرکەوتوو نەبوون؛ بەڵکوو هاوپێوەندیی نەتەوەیی گەلی کورد وایکرد کە بە پەلە پەل لە هەوڵی پیلانێکی دیکەدا بن و غافڵ لەوە کە گشت کوردستان بە ئازاری کرماشانەوە ناڵاندیان.

دیمەنێکی دیکەی ئەو کارەساتەش جێی لێ وردبوونەوەیە. لە درێژەی کۆکردنەوە و یارمەتیگەیاندن بۆ خەڵکی لێقەومای پارێزگای کرماشان، شوفێرێکی خەڵکی بۆکان بەناوی ئەبووبکر مەعرووفی لە کاتی گەیاندنی یارمەتییەکان گیانی لەدەست دا. ئەمە ڕووبەرگی ئەو ڕووداوەیە، بەڵام شێوەی بەڕێکردن و پێشوازیکردنی مانادار لە تەرمی ئەو مرۆڤە خۆبەخشە پەیامێکی دیکەی گەیاند بە دۆستان و دوژمنانی کورد کە دەبێ زیاتر سەرنجی بدرێتێ.

ڕێوڕەسمی بەڕێکردن و ناشتنی تەرمی ئەو هاونیشتمانە بۆکانیە زیاتر لە بورکانیک دەچوو کە باسی لە گڕوتینی حماسەیەک دەکرد کە نەتەنیا کاڵ نەبووتەوە بەڵکوو کۆی ڕووداوەکانی ئەم دواییانە لە هەرەوەزی کۆکردنەوەی یارمەتی و تا ئەمەگناسی بەرانبەر بە کەسانی خۆبەخش و دڵسۆز باس لەوە دەکا کە لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرەڕای هەموو بەربەستە سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیەکان؛ کلتوورێکی مەزن و داهاتوودار خەریکی شکڵگرتنە و لە کارەساتەوە بەرەو حماسە و، لە حماسەوە بەرەو دواڕۆژێکی گەش و نزیک بەخێرایی هەنگاو دەنێ.